WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13 24ی نەورۆزی 2715 (750) دینار



جێگری حەیدەر شەشۆ:

## بچمەوە ژێر دەسەڵاتی پارتی دەمگرن

**رووداو- دهۆک**

جێگری فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال رەتیدەکاتەوە ئەوان فەرمان لە حەشدی شەعبی وەربگرن و دەڵێت "تەنیا لەرووی ئیداری و لۆجستییەوە وەک هەر هێزێکی دیکەی نیشتمانی هاوکاریمان دەکەن، ئەوەش دوای ئەوەی دەیانجار لە دەرگای وەزارەتی پێشمەرگەمان دا و وەڵامیان نەداینەوە". بەرپرسی ئێستای ئەو هێزە کە ئێستا لە شاری سلێمانییە، دەڵێت هەر بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی پارتی دەستگیری دەکەن.

داود جندی کە دوای دەستگیرکردنی شەشۆ چووەتە شاری سلێمانی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "ناوێرم بگەڕێمەوە، هەر بگەڕێمەوە پارتی دەستگیرم دەکات".

جندی بێجگە لەوەی جێگری فەرماندەی ئەو هێزەیە، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵە لە فراکسیۆنی یەکێتی و لەوبارەیەوە دەڵێت "لە رووی یاساییەوە هیچ کێشەیەک نییە کە لەو هێزەدا کاردەکەم، چونکە وەکو خۆبەخشێک کار دەکەم و هیچ مووچەیەک وەرناگرم".


« 5



چەکدارێکی پێشووی داعش:

### بە کچە ناموسڵمانەکانمان دەگوت دیاریی خودا

17



### کوردی فینلاند گرنگی بە هەڵبژاردنی پەرلەمان نادەن

3

### "مام جەلال بڕیاری خۆی لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە"

7

کۆمپانیاکە پرسیاری بۆ نووسیوە بۆ ئەوەی تەحەددای ئاشتی هەورامی بکات

# پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو نهێنی کۆبوونەوەکانی حکومەت دەداتە کۆمپانیایەکی نەوت



**Email 7 (09/11/14)**
**From: Shakir Shakir**
**To: Senior Management**
**Subject: Dana Gas - Crescent Presentation to KNA MPs**

Gentlemen,

I have received one more call from Sherko this evening and he confirmed to me that Oil and Gas high committee represented by PM, DPM, MOF,MOP, MNR minsters will meet the KNA MPs tomorrow in KNA building to discuss several issues related to oil and gas and financial crises. Our arbitration with KRG will be included in the agenda and will be strongly raised during the meeting.....FYI.

All the best

Shakir Shakir

**Email 8 (12/11/14)**
**From: Shakir Shakir**
**To: Senior Management**
**Subject: KNA meeting**

Gentlemen,

I had a quick conversation on the phone with Dr. Sherko today and he told me that Dana Gas arbitration with MNR was discussed in KNA session for 30 minutes. Sherko told the participants that Dana Gas won the case and AH denied that... Sherko told AH how come MNR announced that Dana Gas owes amount of 4.8billion USD to KRG and now MNR pays Dana Gas and allows the company to market the products and he referred to our disclosure???!!! AH requested Sherko to meet and explain the whole story to him and oil and gas committee.

AH confirmed and assured all MP members that Dana Gas will lose the arbitration and MNR will win the case. I will meet Sheko these days to know the whole story and also to brief him before he meets AH.

I told Sherko several times that tribunal ordered MNR to process the relief payment and we still haven't won the case, but anyway Sherko said that AH is now seeking for a meeting to explain Dana Gas controversy with KRG.

All the best

Shakir Shakir

**Email 3 (24/08/14)**
**From: Shakir Shakir**
**To: Senior Management**
**Subject: Questions to the MPs**

Gentlemen,

Today Kak Sherko and all KNA energy committee members had important meeting with Oil and Gas council members headed by Kak Nechirvan and other members, DPM, MNR minster, MOF minster, MOP minster. I saw in the news Kak Sherko talking and raised his concerns about using the diesel in the power plants instead of natural gas and it's also mentioned that Dr. Ashti explained to KNA members MNR plans to replace Diesel with Natural Gas. Now Sherko and KNA are chasing this issue and they won't give up specially after we provided them with the questions. They also discussed the Benzen shortages and price and how to solve this problem.

I will follow-up to understand what happened in today's meeting.

All the best

Shakir Shakir

**Email 4 (16/10/14) - Attachment "Letter from Sherko"**
**From: Shakir Shakir**
**To: Majid Jafar**
**Subject: Request**

Dear Kak Majid,

I have received attached request from Dr. Sherko and I recommend to do it for him. I suggest you explain to MEM and find the candidate a space as per his qualification and experiences.

Best

Shakir Shakir

Dear Brother Kak Shakir,

Greetings,

Hope you are doing well,

Holder of this letter Mr. Qane Ahmed Sulaiman has BA in English language & has been HR manager in several major companies. He is professional & a reliable person & is interested in working in Dana Gas company.

I am seeking your kind support in helping him get a post in your company.

Please pass my regards to your father.

Yours Truly,

Dr. Sherko Jawdat



« 3

پەرلەمانتارەکە:

### راستە پرسیارم لەوان وەرگرتووە، بەڵام قسەی کۆبوونەوەکانم نەبردووەتە دەرەوە



### ملیۆنێرێک لە خانەی بەساڵاچووانی سلێمانییە

15

### هەورەکانی دانیال و هەڵە زمانەوانییەکان

20

### شێوەکارانی کورد دەبنە شوفێری تاکسی

10

رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13

## فراکسیۆنی گۆڕان: لەگەڵ یەکێتی یەکناگرین



**رووداو- سلێمانی**

فراکسیۆنی گۆڕان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رەتیدەکەنەوە کە بەرنامەیەکیان هەبێت بۆ یەکگرتنیان لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی، بەڵکو کاری هاوبەشیان لەچوارچێوەی لیژنەکاندا هەیە. ئەنوەر شەهید تاهیر سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند بەهیچ شێوەیەک بەرنامەیان نییە بۆ یەکگرتنیان لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی و گوتی "ئەو زانیاریی و هەواڵانە دوورن لەڕاستییەوە، بەڵام کاری هاوبەشمان پێکەوە لەچوارچێوەی لیژنەکاندا هەیە". بڵاوبوونەوەی ئەو زانیارییانە دوای ئەوە هات کە هەفتەی رابردوو پارێزگاری سلێمانی سەردانی نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی گۆڕانی کرد.

# فیتەرێکی کورد لە مووسڵ شوێنی 7 کچی کورد ئاشکرا دەکات



**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- بەردەڕەش**

فیتەرێکی کورد لەنێو جەرگەی مووسڵ، زانیاری نوێ لەسەر هەندێک لەو کچە کوردانە ئاشکرا دەکات کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندراون. ئەو فیتەرە دەڵێت داعش جگە لە کچ و ژنی ئێزدی، کچی شەبەکیشی بردوون و لە چەکدارەکانی خۆی مارە کردوون.

جەعفەر، کوردێکی شەبەکی نیشتەجێی مووسڵە و پێشتر لە ناوچەی پیشەسازیی ئەو شارە کاری فیتەری دەکرد، بەڵام ئێستا لە ماڵەکەی خۆی لە مووسڵ دانیشتووە. جەعفەر کە گوتی لەسەربانی نهۆمی سێیەمی خانوویەکی گەڕەکەکەیانەوە قسە بۆ (رووداو) دەکات بەهۆی لاوازیی تۆڕی مۆبایل و هەروەها لەترسی چەکدارانی داعش، زۆر زانیاری لەبارەی ژیانی رۆژانە لەو شارە باسکرد. جەعفەر گوتی "چەند رۆژێک لەمەوبەر کوردێک تەلەفۆنی کردبوو، داعش پێیان زانیبوو، دەستگیریان کرد، کەسوکارەکەی بە هەزار واستە ئازادیان کرد، بەڵام داعش هەردوو دەستیان شکاندبوو، بە کەسوکارەکەیان گوتبوو ئەوە سزای ئەو کەسانەیە کە مۆبایل بەکاردێنن".

### تەنیا 3 کاژێر کارەبا هەیە

سەبارەت بە رەوشی خزمەتگوزاری لە شاری مووسڵ، جەعفەر دەڵێت "خزمەتگوزاری زۆر خراپە، پێشتر کارەبا هەر نەبوو، ئێستا لە شەو و رۆژێکدا تەنیا 3 کاژێر کارەبا هەیە.

بە قسەی ناوبراو شەبەکەی مۆبایل لە نێو مووسڵ زۆر لاوازە، تەنیا لە ناوچەی شەلالات و گۆگ جەلیل شەبەکە هەیە کە نزیکن لە سنووری هەرێمی کوردستان، بۆیە خەڵک ناچارن بچنە سەر باڵەخانە بەرزەکان بۆ تەلەفۆنکردن، ئەویش بەنهێنی.

لەبارەی تۆڕی ئینتەرنێتیش گوتی لە هەندێک شوێن کار دەکات و لە شوێنی واش هەیە بەهیچ شێوەیەک کار ناکات، جاروباریش لە هەندێک گەڕەک بەشێوەی پچڕ پچڕ هەیە.

### شوێنی 7 کچی کورد

جەعفەر شوێنی 7 کچی کورد ئاشکرا دەکات کە تائێستا لەلای چەکدارانی داعشن (لەبەر سەلامەتیی کچەکان ناوی شوێنەکە لای رووداو پارێزراوە). بەپێی قسەی جەعفەر ئەو حەوت کچە چواریان ئێزدین و سێشیان کوردی شەبەکن و خەڵکی بەرتلەن.

جەعفەر باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی شوێنەکەیان دەکات و دەڵێت "هاوڕێیەکی عەرەبم هەبوو لە ناوچەی پیشەسازی بەناوی (ب.ت) رۆنگۆڕ بوو، ئێستا چەکداری داعشە. لە نزیک ماڵی ئێمە بارەگایەکی داعشی لێیە، رۆژێکیان ئۆتۆمبێلەکەیان تێکچووبوو، (ب) هاتە لام و داوای کرد ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ چاک بکەمەوە، منیش نەموێرا بڵێم نایەم نەوەک شکاتم لێ بکات لەلای داعش، بۆیە چووم ئۆتۆمبێلەکەم بۆ چاک کردنەوە".

جەعفەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت "چەکدارەکان زۆر رێزیان گرتم، فەرموویان کردم بۆ ژوورەوە، بەڵام تووشی سەرسوڕمان بووم، بینیم 7 کچ لە ژوورەوەن، چەکدارێکی لێ بوو بەناوی ئەبو حەسەن، لێمپرسی ئێرە ماڵە یان بارەگایە، ئەویش بەپێکەنینەوە گوتی هەردووکیان. ئەمانە دەستکەوتی جەنگن و ئێستا ژنی ئێمەن".

جەعفەر بواری هەبووە بە تەنیا لەگەڵ کچەکان قسە بکات لە کاتێکدا چەکدارانی داعش مەشغول بوون. ئەو گوتی "لێم پرسین خەڵکی کوێن، گوتیان خەڵکی بەرتلە و شەنگالین".

جەعفەر لێیان دەپرسێت ئەی چۆن شووتان بەمانە کردووە، ئەوانیش دەڵێن "ئێمە رفێندراوین".

جەعفەر کە هیچی لە دەست نەهاتووە بۆ ئەو کچانەی بکات، پێیگوتوون من ماڵم لەم نزیکانەیە ئەگەر پێویستتان بە شتێک هەیە پێم بڵێن، بەڵام ئەوان تەنیا دەڵێن "سوپاس".

### عەرەبە عەشیرەکان بەرگرییان لێدەکەن

ئەو هاووڵاتییە کوردە باسی سەرەتای هاتنی داعش بۆ مووسڵ دەکات و دەڵێت "کاتێک چەکدارانی داعش هاتنە نێو شاری مووسڵ، خەڵک هەمووی دەهاتنە بەر دەرگا و نان و ئاویان بۆ دەبردن و خۆشحاڵی خۆیان بۆ دەردەبڕین، بەڵام پاش تەقاندنەوەی مەزارگەی نەبی یونس و چەند مزگەوتێک و رفاندنی کچانی ئێزدی و مەسیحی و شەبەک، خەڵک لێیان تێگەیشت و زۆر رووی خۆیانیان نادەنێ، بەڵام عەشایەرە عەرەبەکان بە تایبەتی ئەوانەی دەوروبەری مووسڵ زۆربەیان لەگەڵ داعشن".

### داعشە کوردەکانی مووسڵ

ئەو هاووڵاتییە کوردە لەبارەی چەکدارە کوردەکانی نێو داعش بە (رووداو)ی گوت "چەکدارێکی زۆری کورد لەنێو داعشدان، خۆم چەندین کەسم بینیوە کە جلی هاوشێوەی ئەفغانی و پاکستانییان لەبەردا بووە، بەڵام بە زمانی کوردی قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن.

جەعفەر باسی لەوەش کرد کە جاران چەکدارانی داعش بە ئاشکرا دەهاتنە بازاڕ و شوێنە گشتیەکان و دەگەڕان، بەڵام ئێستا نایەنە نێو خەڵک و لە خۆیان دەترسێن، چونکە لەلایەن چەند گرووپی نەناسراوەوە تەقەیان لێدەکرێت".

جەعفەر دەڵێت ئێستا تەنیا شوێن کە چەکدارەکانی داعش بە ئاشکرا لێی کۆدەبنەوە مزگەوتەکانن، بە تایبەتی لە رۆژی هەینی. جەعفەر گوتی "خۆم لە نوێژی هەینی چەندین چەکداری کوردم بینیوە، یەکێک لەوانە چەکدارەکان زۆر رێزی دەگرن و بە ئەبو کەوسەر بانگی دەکەن، پێدەچێت ئەمیریان بێت. ئەم ئەبوکەوسەرە بەشێوەزاری سۆرانی قسە دەکات".

---

# لە فرۆکەخانەی بەیروت گەشتیارانی کوردستان دەکوتن



**رۆژنامەنووسێکی هۆڵەندی:**
**ئەم کوتانە پێشێلکارییە دژی مافەکانی مرۆڤ**

**رووداو — بەیروت**

هەموو ئەو گەشتیارانەی لە هەولێرەوە سەردانی لوبنان دەکەن و لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی رەفیق حەریری دادەبەزن، لەلایەن تیمێکەوە دەکوترێن. رۆژنامەنووسێکی هۆڵەندیش کە لە هەولێرەوە گەشتی کردووە بۆ بەیروت، ئەم کوتانە بە "پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ" دەزانێت.

یودیت نیورینک کە رۆژنامەنووسێکی هۆڵەندییە و هاوکاری (رووداو)ە و ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان نیشتەجێیە، دەڵێت لەم رۆژانە لە هەولێرەوە گەشتی کردووە بۆ بەیروت، بەڵام لە فرۆکەخانەی رەفیق حەریری تووشی سەرسوڕمان بووە، کاتێک دوو کچی بینیوە قەترەیان بە دەستەوە بووە، هەر گەشتیارێک لە هەولێر هاتبا بەرلەوەی بچێتە بەشی کۆنترۆڵی پاسپۆرت داوایان لێدەکرد دەمی بکاتەوە و قەترەکەیان دەدایێ "بەبێ ئەوەی گەشتیارەکان کاردانەوەیان هەبێت".

کاتێک یودیت پرسیاری کردووە ئەم قەترەیە چییە؟، یەکێک لە کچەکان کە قەترەکەی بە دەستەوە بووە بۆ ئەوەی بیداتێ، گوتوویەتی "بۆ پۆلیۆیە. لە هەولێر دوو حاڵەتی پۆلیۆ هەبووە".

یودیت ناڕەزایی دەربڕیوە و گوتوویەتی "کاتێک منداڵ بووم دژی نەخۆشی پۆلیۆ کوتراوم". کچەکە گوتوویەتی "وەک شتێکی ئاسایی تەماشای بکە".

یودیت دەڵێت "تووشی سەرسوڕمان بووم کە کەسێک لە فرۆکەخانە زۆری لە من و خەڵکانی دیکە دەکرد لە پێدانی ڤاکسینێک کە نایانەوێت. ئەمە جگە لەوەی هیچ زانیاریەکیان پێنادرێت لەسەر ئەوەی بۆچی دەبێت ئەو ڤاکسینە وەربگرن. ئەگەر حاڵەتی پۆلیۆ لە هەولێر هەبووایە بە دڵنیاییەوە دەمانزانی".

ڤایرۆسی پۆلیۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بەخێرایی دەگوازرێتەوە و منداڵان تووشی ئیفلیجی دەکات.

دوو رۆژ پاش ئەو رووداوەی فرۆکەخانە، یودیت راپۆرتێکی یونیسێفی پێگەیشت بە ناونیشانی "یەک ساڵە عێراق هیچ کەیسێکی پۆلیۆی تێدا نییە".

لەراپۆرتەکەدا هاتبوو کە یەک ساڵ لەمەوبەر لە نیسانی ساڵی 2014دا، دوو منداڵ لە بەغدا تووشی ئیفلیجی بوون. لە ئەنجامی ئەوە هەڵمەتێکی گەورە سازکرا. تا ئێستا 39 حاڵەتی ئەو نەخۆشییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تۆمارکراوە کە 36یان لە سووریان و دووانیشیان لە عێراق.

بەپێی راپۆرتەکە "سەرەڕای فشارە ئەمنیەکان لە عێراق" لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردووەوە زیاتر لە 5.8 ملیۆن منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵ لە دژی ڤایرۆسی پۆلیۆ لە عێراق کوتراون.

ڤایرۆسی پۆلیۆ تەنیا لە چەند وڵاتێکی کەمی جیهان هەیە و بە زۆری کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە. بەپێی وتەی یونیسێف، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم ڤایرۆسە نەگاتە عێراق، هەڵمەتێکی کوتانی نوێ لەم مانگەدا دەستپێدەکات.

بەبڕوای یودیت پێدەچێت بەرپرسانی لوبنانی بە هەڵە لە راگەیاندنی هەڵمەتە نوێیەکە تێگەیشتوون لەوەی عێراق هێشتا کەیسی پۆلیۆی تێدایە "باشە ئەوان بۆچی زۆر لە گەورەکان دەکەن بۆ وەرگرتنی ئەو ڤاکسینە".

یودیت کە چەندین راپۆرتی لەسەر رەوشی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو) و میدیاکانی جیهان ئامادە کردووە، نایشارێتەوە کە پاک و خاوێنی بووەتە ئاستەنگ "چاوم بە چەندین منداڵی ئێزدی کەوتووە کە لەدەست داعش رزگاریان بووە و هەموویان کێشەی پێستیان هەبوو، چونکە لە شوێنی پیسدا دەستبەسەرکرابوون. گەورەکانیش پێیانگوتم ئەوانیش هەمان کێشەیان هەبووە لەکاتی دەستبەسەرییاندا.

پاش وەرگرتنی چارەسەری تەندروستی، تێکەڵی کۆمەڵگەو کەسوکاریان بوونەتەوە لەبەرئەوەی ئەو نەخۆشییە نە ترسناک بووە و نە گوازراوەتەوە بۆ کەسانی دیکە".

کاتێک کەیسی پۆلیۆ دەرکەوت لە عێراق و سووریا، نەتەوە یەکگرتووەکان بەخێرایی وەڵامی دایەوە بە دەستپێکردنی هەڵمەتێکی گەورە بۆ ئەوانەی لە ناوچە مەترسیدارەکانن، بەهۆی ئەوەوە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ کرا.

ئەم قەترەیە لە فرۆکەخانەکانی لوبنان دەدرێتە گەورە و بچووک، ئەوانەی کە پێشتر کوتراون و ئەو منداڵانەشی لە هەڵمەتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەو ڤاکسینەیان پێدراوە.

یودیت دەڵێت "باشترە لوبنان یەکەمجار تەماشای دانیشتووانەکەی خۆی بکات، چونکە دوو ملیۆن ئاوارەی سووری تێدایە. بۆچی کات بەفیرۆ دەدەن لەسەر گەشتیارانی وڵاتێک کە نەتەوە یەکگرتووەکان نەخۆشییەکەی تێدا کۆنترۆڵ کردووە".

بەبڕوای ئەم رۆژنامەنووسە هۆڵەندییە "ئەم کوتانە زۆرەملێیە، پێشێلکارییە لە دژی مافەکانی مرۆڤ، چونکە سنووری ئەخلاقی جەستەی کەسێک دەبەزێنن. لە هەمووشی گرنگتر، جیاکاری و سووکایەتییە بە دانیشتووانی وڵاتێک کە بەدەست جەنگەوە دەناڵێنێ".

---

# دادوەری دادگای بەرایی ئامێدی دەست لە کار دەکێشێتەوە

## "لەسەر سێ موستەشار لە کفرییەوە گواسترامەوە بۆ ئامێدی"

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

دادوەری دادگای بەرایی ئامێدی، نامەی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی هەرێمی کوردستان دەکات و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە کفرییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئامێدی چونکە بڕیاری دەستگیرکردنی سێ موستەشاری داوە. بەڵام گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری دەڵێ گواستنەوەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە دەستگیرکردنی موستەشارەکانەوە نییە.

د.هاوژین حامید، دادوەری دادگای بەرایی ئامێدی، ماوەی ساڵێکە وەکو دادوەر دامەزراوە و سەرەتاش دادوەری دادگای بەرایی کفری بووە، بەڵام رۆژی 19/2/2015 گواستراوەتەوە بۆ دادگای بەرایی ئامێدی. ناوبراو رۆژی 8/4/2015 نامەی دەست لەکارکێشانەوەی بۆ ئەنجوومەنی دادوەری نووسیوە و رۆژی 12ی مانگ پێشکەشی ئەنجوومەنەکەی کردووە.

نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی د.هاوژین 7 لاپەڕەیە و کۆپییەکی بۆ (رووداو) ناردووە کە باسی هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی کردووە و نووسیویەتی "لەبەر نەبوونی دادپەروەری بەرامبەر بە مافی گشتی و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. جیاوازیکردن لەنێوان خەڵکی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، ستەمکردن لەخودی خۆم لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە، دەست لە کار دەکێشمەوە".

ناوبراو بەشێکی زۆری هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ دەستوەردان و فشارخستنە سەری لەلایەن سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک/ گەرمیان و ئەنجوومەنی دادوەری و سەرۆکەکەی لەکاری دادوەری و لە دۆسیەی ئەنفالدا. د.هاوژین نووسیویەتی "پاش 4 ساڵ لەگشتاندنی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال، تەنانەت یەک تۆمەتبار دەستگیر نەکرا، من وەک دادوەر لە پار ساڵ، سێ تۆمەتباری ئەو دۆسیەیەم دەستگیر و راگیر کرد، بەڵام ئەو سەرۆک دادگایە بە تەلەفۆن و رووبەڕوو چەندین جار بەناوی خۆیەوە و جارێک بەناوی ئەنجوومەنی دادوەری و خودی سەرۆکی ئەنجوومەن بە من دەڵێت کۆتایی بە کێشەی ئەنفال بهێنە، بۆ ئەو کەسانەت دەستگیرکردووە؟ هەروەها پێمدەڵێن کێشەت بۆ ئەنجوومەنی دادوەری دروستکردووە بە جوڵاندنی دۆسیەی ئەنفال!".

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووک/گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند "سەرۆکی دادگا هیچ دەستوەردان و فشارێکی بۆ سەر کارەکانی د.هاوژین لەدەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال دروست نەکردووە".

ئومێد موحسین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان رەتیکردەوە کە گواستنەوەکەی پەیوەندی بەدەستگیرکردنی ئەو سێ موستەشارەوە هەبێت و گوتی "دوورە لەڕاستییەوە، چونکە کاری رۆژانەی دادوەر دەرکردنی بڕیار و دەستگیرکردنە، پاشان لەکۆی 258 موستەشار و جاش تەنیا سێیان گیراون".

لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا، د.هاوژین دیسانەوە باسی دەستوەردانەکانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کردووە لەکاری دادوەری لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی لەو دۆسیانەی پەیوەندی بە حیزب و دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتییەوە هەیە.

بەڵام سەرچاوە نزیکەکەی سەرۆکی دادگا گوتی "سەرۆکی دادگا دوور و نزیک دەستوەردانی لەکاری دادوەرەکان نەکردووە، بەڵکو چەند جارێکیش بە د.هاوژینی گوتووە لەکاتی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەرپرسە سەربازییەکان، پێویستە سەرەتا نووسراو بۆ مەرجەعەکانیان بکات".

لەخاڵێکی دیکەی نامەکەشدا باسی لەوە کردووە کە سەرۆکی دادگا و ئەنجوومەنی دادوەری سزایان داوە لەسەر ئەوەی لە تەلەفزیۆن قسەی کردووە و نووسیویەتی "ئەگەر گلەیی لەسەر من ئەوە بێت لە تەلەفزیۆن قسەم کردووە، ئەوە هیچ دەقێک نییە لەسەر قسە نەکردن کە بڵێت دادوەر نابێت بەو جۆرە قسە بکات یان هۆشداریم پێبدات بە دووبارە نەکردنەوە".

د.هاوژین هەر لەنامەکەیدا هۆکارێکی دیکەی دەست لەکارکێشانەوەکەی باسکردووە و نووسیویەتی "لەئەنجامدا من هیچ یەکێک لەو فشارانەم قبوڵ نەکرد و سەرجەم ئەو قسە بێدادانەی سەرۆکی دادگای گەرمیان و ئەنجوومەنی دادوەری ویستی، هەموویانم رەتکردەوەو کاری حەق و دادویستیم ئەنجامدا، بەڵام لەکۆتاییدا لە (19/2/2015) فەرمانی گواستنەوەی راژەی منیان دا بۆ ئامێدی، بێگومان وەک سزا، بەڵام سزای گواستنەوە لە یاسادا نییە بۆ هیچ فەرمانبەرێک".

بەڵام حاکم ئومێد روونیکردەوە کە گواستنەوەی ئەو دادوەرە بۆ ناوچەی ئامێدی کارێکی کارگێڕییە و گوتی "گواستنەوەکەی هیچ هۆکارێکی لەپشتەوە نییە، ئەو ماوەی ساڵێکە دەستبەکار بووە و لەبەردەم ئەنجوومەنی دادوەریشدا بەڵێننامەی داوە کە هەتا 5 ساڵ لە دەرەوەی شار خزمەت بکات. چەندین دادوەری دیکەش لەناوچەکانی دیکەوە گواستراونەتەوە".

بەڵام بۆ قسەکردنی د.هاوژین لە تەلەفزیۆنەوە، گوتەبێژەکەی ئەنجوومەنی دادوەریی نەیشاردەوە کە تارادەیەک نیگەرانی لەوە دروستبووە و گوتی "8 مانگ لەمەوبەر لەکاتی دەستگیرکردنی ئەو 3 موستەشارە د.هاوژین بۆ تەلەفزیۆن قسەی کرد ووە و ئەو کاتەش لەلایەن سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی گەرمیان ئاگادار کرایەوە، چونکە کاتێک دادوەر کەیسێکی لا بوو ناکرێ قسە بۆ راگەیاندنەکان بکات".

حاکم ئومێد گوتی هەتا ئێستا بەفەرمی نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەیان پێنەگەیشتووە و گوتی "بەداخەوە ئێمەش لە ئێوەوە بیستمان کە نامەی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەشکردووە".

کۆمپانیاکە پرسیاری بۆ نووسیوە بۆ ئەوەی تەحەدای ئاشتی هەورامی بکات

# پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو نهێنی کۆبوونەوەکانی حکومەت دەداتە کۆمپانیایەکی نەوت


Email 7 (09/11/14)
From: Shakir Shakir
To: Senior Management
Subject: Dana Gas - Crescent Presentation to KNA MPs

Gentlemen,

I have received one more call from Sherko this evening and he confirmed to me that Oil and Gas high committee represented by PM, DPM, MOF,MOP, MNR minsters will meet the KNA MPs tomorrow in KNA building to discuss several issues related to oil and gas and financial crises. Our arbitration with KRG will be included in the agenda and will be strongly raised during the meeting....FYI.

All the best

Shakir Shakir

Email 8 (12/11/14)
From: Shakir Shakir
To: Senior Management
Subject: KNA meeting

Gentlemen,

I had a quick conversation on the phone with Dr. Sherko today and he told me that Dana Gas arbitration with MNR was discussed in KNA session for 30 minutes, Sherko told the participants that Dana Gas won the case and AH denied that... Sherko told AH how come MNR announced that Dana Gas owes amount of 4.8billion USD to KRG and now MNR pays Dana Gas and allows the company to market the products and be referred to our disclosure???!!! AH requested Sherko to meet and explain the whole story to him and oil and gas committee.

AH confirmed and assured all MP members that Dana Gas will lose the arbitration and MNR will win the case. I will meet Sheko these days to know the whole story and also to brief him before he meets AH.

I told Sherko several times that tribunal ordered MNR to process the relief payment and we still haven't won the case, but anyway Sherko said that AH is now seeking for a meeting to explain Dana Gas controversy with KRG.

All the best

Shakir Shakir

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

ژمارەیەک ئیمەیڵی دزەپێکراو وا دەردەخەن کە کۆمپانیای دانا غازی ئیماراتی پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە. کۆمپانیاکە پرسیاری تایبەتی بۆ ناردووە، کاتێک وەزیری سامانە سروشتییەکان بانگی پەرلەمان کراوە، یان لەگەڵ لیژنەی باڵای نەوت و غاز کۆبووەتەوە.

## پەیوەندییەکان ئاشکرا دەبن

بەگوێرەی چەند ئیمەیڵێکی کۆمپانیای دانا غاز کە لە سەرچاوەیەکەوە دەست (رووداو) کەوتوون، شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی کوردستان هاوئاهەنگیی گەرموگوڕی لەگەڵ کۆمپانیای دانا غاز هەبووە و زانیاری هەستیاری کۆبوونەوە تایبەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی داوە بەو کۆمپانیایە کە لەکێشەیەکی یاساییدایە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

شێرکۆ جەودەت لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بووە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی باڵای دانا غاز، تەنانەت هەندێ پەیوەندی تەلەفۆنی خێرا و بەپەلەش هەبووە بۆ ئاشکراکردنی هەندێ نهێنی نێو کۆبوونەوەکان.

ئیمەیلەکان پەیوەندی گەرموگوڕ و دۆستانەی شێرکۆ ئاشکرا دەکەن لەگەڵ کۆمپانیاکە کە داوای لێدەکەن پرسیاری دژ بکات لەناو پەرلەمان و لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم.

## نهێنی کۆبوونەوەکان دەگەنە ئیمارات

شێرکۆ جەودەت، لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو ئیمێلانە قسە بۆ (رووداو) دەکات و دەڵێ "گرنگیی سێکتەری غاز هیچی لە نەوت کەمتر نییە و تا ئێستا بۆ ئێمە روون نییە کە بۆچی گرنگی پێنەدراوە تاوەکو هەموو ماڵێک لە گازی سروشتی سوودمەند بێ". گوتیشی "دەبێ گوێ لە دانا غاز بگرین، چونکە لە دادگای بەریتانیا سکاڵای تۆمار کردووە، دادگای بەریتانیش لە بەرژەوەندیی دانا گاز بڕیاری داوە".

شێرکۆ جەودەت رەتیکردەوە کە قسەی نێو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غاز و پەرلەمانی کوردستانی بۆ کۆمپانیای دانا غاز بردبێ "جارێ مەسەلەی غاز لە هەرێمی کوردستان زۆر کەم باس دەکرێ و هیچ قسەی کۆبوونەوەکانیشم بۆ بەڕێوەبەرانی دانا غاز باس نەکردووە".

بەڵام بەگوێرەی ئیمەیڵەکان، هەر دوای کۆبوونەوەکان، شێرکۆ جەودەت یەکسەر پەیوەندی بە شاکر شاکر، بەڕێوەبەری دانا غاز لە هەرێمی کوردستان کردووە و قسەی نێو کۆبوونەوەکانی باسکردووە.

حەمید جەعفەر، خاوەنی دانا غاز خاوەنکارێکی ئیماراتییە و پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندبوو کە گومانیان هەیە لەوەی پەیوەندی لەگەڵ خێزانی سەدام حوسێن هەبووە و سەرقاڵی کڕینی نفوز بووە لە هەرێمی کوردستاندا لەرێگەی تۆڕێک لە پەیوەندییەکانی خۆیەوە.

بەگوێرەی ئیمێلێک کە لە 2014/11/12 شاکر شاکر، بۆ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکەی ناردووە، تێیدا باسی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی خێرا لەنێوان خۆی و شیرکۆ جەودەت دەکات "ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی خێرام لەگەڵ شێرکۆدا کرد و پێیگوتم کە مەسەلەی دادگایی ناوبژیوانیەکەی دانا غاز لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا بۆ ماوەی 30 خولەک باس کراوە. شێرکۆ بە بەشدارانی گوتووە کە دانا غاز کەیسەکەی بردووەتەوە و ئاشتی هەورامی نکوڵی لێکردووە".

بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێداگری دەکات کە دادگا لە بەرژەوەندیی دانا غاز بڕیاری نەداوە، شێرکۆ جەودەت لەوبارەیەوە دەڵێ "بەڵێ یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام هەندێ حوکمی بەرایی دراوە. بەپێی بەڵگەکانی ئێمە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوها و ئاوها نەکات دەدۆڕێت". گوتیشی "بڕیارە یەک دوو مانگی دیکە بڕیاری کۆتایی دەربچێ، بۆ ئێمە گرنگە هەرێمی کوردستان هیچ پارە لەسەر ئەم کەیسە دانەنێ".

## داوای پۆستی بۆ خەڵک کردووە

دانا غاز رازی بووە پۆستێک بۆ هاوڕێیەکی شێرکۆ جەودەت دابین بکات. لە ئیمەیڵێکدا کە رێکەوتی 2014/10/16 نێردراوە، شاکر شاکر، بۆ ماجد جەعفەر، کوڕی حەمید جەعفەری نووسیوە و تێیدا پشتگیری لە دامەزراندنی هاوڕێکەی شێرکۆ جەودەت دەکات لە کۆمپانیاکەیان. ئەمەش لە وەڵامی نامەیەکدا لە شێرکۆ جەودەتەوە کە داوا دەکات دانا غاز، قانع ئەحمەد سلێمان دابمەزرێنێ. شێرکۆ دەڵێت "داوای پشتگیری بەڕێزتان دەکەم بۆ یارمەتیدانی لە بەدەستهێنانی پۆستێک لە کۆمپانیاکەتان."

بەڵام شێرکۆ جەودەت گوتی "لەبەر خاتری من نەبووە و تەنیا یەکجار بینیومە، بە تەواوەتیش نازانم ناوی قانعە یان نا".

## پرسیاریان بۆ نووسیوە

هەروەها لە ئیمەیڵێکدا کە رێکەوتی 2014/7/30ی لەسەرە، محەممەد ئەلمەککاوی، بەڕێوەبەری کارگێڕی بۆ شاکر شاکری نووسیوە و لیستێک لە پرسیاری هاوپێچ کردووە بۆ ئەوەی لە رێگەی شێرکۆ جەودەتەوە بکرێن.

لە ئیمەیڵێکی دیکەدا لە 2014/8/24 مەککاوی بۆ شاکر شاکری نووسیوە: "پرسیارەکانم دەربارەی راستیەکان دەستەبەر کردووە، کە پەرلەمانتارەکە دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە راستیی وەڵامەکانی ئاشتی هەورامی و تەحەداکردنی کاتێک درۆ دەکات".

## ستایشیان کردووە

لە هەمان رۆژدا، ئیمەیڵێک لە شاکر شاکرەوە نێردراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی باڵای دانا غاز کە باس لە چالاکییەکانی جەودەت دەکات لە پەیوەندیدا بە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غازی کوردستانەوە کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە سەرۆکایەتی کراوە و ستایشی پەرلەمانتارەکە دەکات و دەڵێت "واز ناهێنێ، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە ئێمە پرسیارەکانمان بۆ دەستەبەرکرد".

سەبارەت بەوەی ئاخۆ بۆچی دانا غاز پرسیار بۆ سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان دەنووسێ؟ شێرکۆ جەودەت دەڵێ "من وەکو پەرلەمانتار مافی خۆمە پرسیار لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکەم". شێرکۆ جەودەت دان بەوەدا دەنێ کە پرسیاری لە دانا غاز وەرگرتووە و بە "شتێکی سروشتی" دەزانێ و دەڵێ "من لە دانا غازم پرسی کە کێشەکانی ئێوە چین و ئەوانیش گوتوویانە کێشەکانی ئێمە ئەمانەن، منیش گوتوومە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گاز وەڵامی ئێوە چییە بۆ ئەم کێشانە". شێرکۆ جەودەت گوتیشی "کەسێک ناناسم بە ناوی مەککاوی".

هەروەها دەڵێ "بابەتەکە بەو شێوەیە نییە، هاووڵاتییەکیش کە کێشەی هەبێ پێیدەڵێم بنووسە، ئەوانیش یان بە ئیمەیڵ یان بە دەستنووس دەینێرن و منیش دەیکەمە پرسیار و کاری لەسەر دەکەم، هەموو دنیاش دەزانێ کە دانا غاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی هەیە".

بەڵام ئیمەیڵێکی دیکە لە رۆژی 2014/11/9 لە شاکر شاکرەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی باڵای دانا غاز، ئەوە ئاشکرا دەکات کە شێرکۆ جەودەت سەرقاڵی رێکخستنی سەردانێکی دانا غاز بووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، تاوەکو کورتەیەک لەسەر چالاکیەکانیان پێشکەش بە 11 ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز بکەن.

## پەرلەمانتارەکە:
## راستە پرسیارم لەوان وەرگرتووە، بەڵام قسەی کۆبوونەوەکانم نەبردووەتە دەرەوە

شێرکۆ جەودەت، پشتڕاستی دەکاتەوە کە داوایان کردووە دانا غاز بێتە پەرلەمانی کوردستان و روونکردنەوە بدەن. گوتیشی "تەنانەت داوامان کردبوو دانا غاز و نوێنەرانی ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غاز پێکەوە بێن و روونکردنەوە بدەن".

بەپێی ئەو ئیمەیڵانەی دەست (رووداو) کەوتوون، شێرکۆ جەودەت بە تەواوی دانا غازی ئاگادار کردووەتەوە لەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمدا ئەنجامیداون سەبارەت بە کەیسی دادگاییەکەی دانا غاز دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

شێرکۆ جەودەت بەرگری لەو کارەی خۆی دەکات لەگەڵ دانا غاز و دەڵێ "کە باسی مەسەلەی چاکسازی دەکەم لە نەوت و غاز و بەدواداچوون بۆ مەسەلەی گەندەڵی دەکەم، بێگومان لەوانەیە بەعزێ کەس بێ تاقەت بکات و ئەمەش کاردانەوەی دەبێ، بەڵام من ئامادەم بۆ هەموو پرسیار و لێپرسینەوەیەک". ئەو گوتی "گومانمان لە گرێبەستەکان، داهات، چۆنیەتی ئیدارەکردنی مەلەفی نەوت هەیە".

## زانیاری کۆبوونەوەکانیان دەداتێ

رۆژی 2014/11/9 شاکر شاکر، بۆ بەڕێوەبەرایەتی باڵای دانا غازی نووسیوە و ئاگاداری کردوونەتەوە سەبارەت بە تەلەفۆنێکی لەگەڵ شێرکۆ جەودەتدا "پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ترم لە شێرکۆوە بۆ هات و دووپاتی کردەوە بۆم کە ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غاز بە نوێنەرایەتی سەرۆک وەزیران، جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیرانی دارایی و پلاندانان و سامانە سروشتیەکان سبەینێ لەگەڵ پەرلەمانتارانی کوردستان کۆدەبنەوە لە بینای پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەندین مەسەلەی پەیوەست بە نەوت و غاز و قەیرانی دارایی. مەسەلەی ناوبژیوانییەکەی ئێمەش لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە ئەجێنداکەدا دەبێت و بە توندی باسی لێوە دەکرێت لە کۆبوونەوەکەدا ... بۆ زانیاریتان".

## شاکر پێش هەورامی کەوت

پاشان لە 2014/11/12 شاکر شاکر بە بەڕێوەبەرایەتی باڵای دانا غاز دەڵێت کە "شێرکۆ جەودەت کورتەیەکی داوەتێ سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی پەرلەمان کە تێیدا کەیسە یاساییەکەی دانا غاز دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئاشتی هەورامییەوە باسکراوە. جەودەت دەڵێت کە ئاشتی هەورامی داوای کۆبوونەوەیەکی کردووە لەگەڵیدا بۆ ئەوەی هەڵوێستی حکومەتی هەرێم لەسەر کەیسە یاساییەکەی دانا غاز روون بکاتەوە". پاشان شاکر شاکر پەیمان دەدات "لەگەڵ شێرکۆ جەودەت کۆدەبمەوە لەم رۆژانەدا بۆ ئەوەی هەموو چیرۆکەکە بزانم و کورتەیەکی بدەمێ پێش کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئاشتی هەورامی".

شاکر شاکر، ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیلانە بۆ (رووداو) بکات و رەتیشی نەکردنەوە و گوتی ئەوە پەیوەندی بە ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای دانا غازەوە هەیە کە لە شاریقەیە.

(رووداو) بۆ لێدوان لەبارەی ئیمەیڵەکان، پەیوەندی کرد بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەڵام لێدوانیان نەدا و گوتیان ناتوانن لێدوانی لەسەر بدەن تاوەکو دیراسەی بابەتەکە نەکەن. بەڵام سەرچاوەیەک لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە (رووداو)ی راگەیاند "وەزارەت لەوانەیە نامەیەک بۆ سەرۆکی پەرلەمان بنووسێ کە تێیدا داوای روونکردنەوە بکات لەبارەی چالاکییەکانی شێرکۆ جەودەت لە پەیوەندیدا بە دانا غازەوە".

## ئیمەیلەکانی دانا غاز:

**ئیمەیلی 1: 2014/7/30**
**لە: محەممەد مەکاوی بۆ: شاکر شاکر**
**بابەت: پرسیار بۆ پەرلەمانتاران**

بەڕێز شاکر، هیوادارم خۆت و خێزانت پشوویەکی خۆشتان بردبێتە سەر لە جەژندا.
وەک گفتوگۆمان لەبارەوە کرد ئەو رۆژەی کە لە شاریقە بوویت، لیستی چەند پرسیارێکت بۆ هاوپێچ دەکەم کە پێویستە پەرلەمانتارەکان بیانکەن. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە لەسەر هەر یەکێک لە خاڵەکان، تکایە تەلەفۆنم بۆ بکە. پاسوێردەکەت بە sms بۆ دەنێرم.

**لەگەڵ رێزدا**
**محەممەد**

**ئیمەیڵی 2: 2014/8/24**
**لە محەممەد مەکاوی بۆ شاکر شاکر**
**بابەت: پرسیار بۆ پەرلەمانتاران**
**بەڕێز کاک شاکر،**

وەڵامی راستیەکانم دابین کرد کە پەرلەمانتارەکە دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە راستی و دروستی وەڵامەکانی ئاشتی هەورامی و بۆ ئەوەی تەحەدای بکات کاتێک درۆ دەکات. تکایە بڕوانە هاوپێچ.

**لەگەڵ رێزمدا.**
**محەممەد**

**ئیمەیلی 3: 2014/8/24**
**لە: شاکر شاکر بۆ: بەڕێوەبەرایەتی باڵا**
**بابەت: پرسیارەکان بۆ پەرلەمانتاران**

بەڕێزان،

ئەمڕۆ کاک شێرکۆ و هەموو ئەندامانی لیژنەی وزەی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گرنگیان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی نەوت و غازدا ئەنجامدابوو کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە سەرۆکایەتی کرابوو و بە ئەندامێتی جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیری سامانە سروشتیەکان، وەزیری دارایی، وەزیری پلاندانان. لە هەواڵەکاندا بینیم کاک شێرکۆ قسەی دەکرد و گوزارشتی لە نیگەرانییەکانی خۆی کرد سەبارەت بە بەکارهێنانی دیزڵ لە وێستگەکانی کارەبادا لەبری غازی سروشتی و هەروەها ئاماژە درا بەوەی کە د.ئاشتی، پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان روونکردووەتەوە بۆ جێگرتنەوەی دیزڵ بە غازی سروشتی. ئێستا شێرکۆ و پەرلەمانی کوردستان بەدوای ئەم مەسەلەیەوەن و واز ناهێنن، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئێمە پرسیارەکانمان بۆ دابینکردن. هەروەها باسیان لە نرخ و کەمیی بەنزین و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کردبوو.

بەدواداچوون دەکەم تاوەکو تێبگەم چی روویداوە لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا.

**هەر خۆشیتان**
**شاکر شاکر**

**ئیمەیلی 4: 2014/10/16 هاوپێچ "نامەیەک لە شێرکۆوە"**
**لە: شاکر شاکر بۆ: ماجد جەعفەر**
**بابەت: داواکاری**
**بەڕێز کاک ماجد**

ئەم داواکارییە هاوپێچەم لە د.شێرکۆوە پێگەیشتووە و پێشنیاز دەکەم بۆی بکەن. پێشنیار دەکەم کە بۆ (MEM)ی روون بکەیتەوە و جێگەیەک بۆ کاندیدەکە بدۆزنەوە بەپێی لێهاتوویی و ئەزموونی.

**لەگەڵ رێزدا**
**شاکر شاکر**

**ئیمەیڵی 5: 2014/11/4**
**لە: شاکر شاکر بۆ: محەمەد مەکاوی**
**بابەت: پەیوەندی تەلەفونی لە د. شێرکۆوە**
**بەڕێز ئەبو ئەحمەد**

پەیوەندیەکی تەلەفونیم لە د.شێرکۆوە پێوەکرا و داوای وردەکاری دەکرد لەسەر کەمیی غازی شل (LPG) لە بازاڕدا، بۆم روونکردەوە کە ئێمە بەرهەم و دابەشکردنی غازی شل (LPG)مان زیادکردووە لە پارێزگاکاندا و بەرپرسیارێتی (کریسێنت پێترۆلیەم — دانا غاز) نییە و پێویستی بەوەیە بە دواداچوون لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا بکات. د.شێرکۆ دەزانێت هەندێک بڕی غازی شل (LPG) دەچێتە دەرەوەی وڵات و گوتی کە بە دواداچوون دەکات لەگەڵ کڕیاران و وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا .... بۆ زانیاریتان.

**هەر خۆشیت**

**ئیمەیڵی 6: 2014/11/9**
**لە: شاکر شاکر بۆ: بەڕێوەبەرایەتی باڵا**
**بابەت: پرێزنتەیشنی دانا غاز — کریسێنت بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

ئەمڕۆ پەیوەندیەکی تەلەفونیم لەگەڵ د.شێرکۆ جەودەت هەبوو، ئاگاداری کردمەوە کە ئەو (وەکو سەرۆکی لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی کوردستان) نامەیەکی رەسمی ئاراستەی دانا غاز دەکات لەم هەفتەیەدا و بانگهێشتمان دەکات بۆ کۆبوونەوە و پێشکەشکردنی پرێزنتەیشنێک بۆ 11 ئەندام پەرلەمان لە لیژنەی نەوت و غاز لەسەر چالاکییەکان و پرۆژەکانی دانا غاز لە هەرێمی کوردستان لەوانەش کێشە و گرفتەکەمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. پێمگوت لانیکەم دوو کاتژمێرم پێویستە و بەڕێوەبەری پرۆژەمان بەڕێز مەککاوی دەهێنم کە لەگەڵم دەبێت بۆ روونکردنەوەی چالاکییەکانمان بۆ پەرلەمانتارەکان. رازی بوو و ئێمەش میوانداری دەکرێین لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە رۆژی یەکشەممە 11/16 یان دووشەممە 11/17 کاتژمێر 11ی بەیانی.

بەڕێز ئەبو ئەحمەد، پێویستە پرێزنتەیشنێک بە پاوەرپۆینت ئامادە بکەین بۆ لیژنەی نەوت و غاز. با سبەینێ گفتوگۆی لەبارەوە بکەین کاتێک دەگەیتە هەولێر ئینشائەڵڵا.

**هەرخۆشیت**
**شاکر شاکر**

**ئیمەیلی 7: 2014/11/9**
**لە: شاکر شاکر**
**بۆ: بەڕێوەبەرایەتی باڵا**
**بابەت: پرێزنتەیشنی دانا غاز — کریسێنت بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**
**بەڕێزان،**

ئەم ئێوارەیە پەیوەندیەکی تەلەفونی ترم لە شێرکۆوە پێوەکرا و دووپاتیکردەوە بۆم کە ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غاز بە نوێنەرایەتی سەرۆک وەزیران، جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیرانی دارایی و پلاندانان و سامانە سروشتیەکان سبەینێ لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان کۆدەبنەوە لە بینای پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەندین مەسەلەی پەیوەست بە نەوت و غاز و قەیرانی دارایی. مەسەلەی ناوبژیوانیەکەی ئێمەش لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەجێنداکەدا دەبێت و بە توندی باسی لێوە دەکرێت لە کۆبوونەوەکەدا.. بۆ زانیاریتان.

**هەرخۆشیتان**
**شاکر شاکر**

**ئیمەیلی 8: 2014/11/12**
**لە: شاکر شاکر**
**بۆ: بەڕێوەبەرایەتی باڵا**
**بابەت: کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان**
**بەڕێزان..**

ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی خێرام لەگەڵ شێرکۆدا کرد و پێیگوتم کە مەسەلەی دادگایی ناوبژیوانییەکەی دانا غاز لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا بۆ ماوەی 30 خولەک باس کراوە. شێرکۆ بە بەشدارانی گوتووە کە دانا غاز کەیسەکەی بردووەتەوە و ئاشتی هەورامی نکوڵی لێکردووە. شێرکۆ بە ئاشتی هەورامی گوتووە ئەمە چۆنە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رایگەیاندبوو دانا غاز بڕی 4.8 ملیار دۆلار قەرزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پارە دەداتە دانا غاز و رێگە بە کۆمپانیاکە دەدات بەرهەمەکانی بخاتە بازاڕەوە و ئاماژەشی داوە بە درکاندنەکان لەلایەن ئێمەوە؟؟ ئاشتی هەورامی داوای لە شێرکۆ کردووە کۆبوونەوە بکەن و هەموو چیرۆکەکە بۆ ئەو و هەموو لیژنەی نەوت و غاز روونبکاتەوە.

ئاشتی هەورامی دووپاتی کردووەتەوە و دڵنیایی داوەتە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان کە دانا غاز دادگاییەکە دەدۆڕێنێ و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کەیسەکە دەباتەوە. لەم رۆژانەدا شێرکۆ دەبینم تاوەکو هەموو چیرۆکەکە تێبگەم و هەروەها کورتەیەکی بدەمێ پێش ئەوەی ئاشتی هەورامی ببینێ.

چەندین جار بە شێرکۆم گوتووە کە دادگا داوای لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کردووە پاداشتەکانی دڵدانەوە (relief payment) ئەنجام بدات و ئێمە هێشتا کەیسەکەمان نەبردووەتەوە، بەڵام بە هەر حاڵ شێرکۆ گوتی کە ئێستا ئاشتی هەورامی دەیەوێت کۆبوونەوەیەک بکات سەبارەت بە گیروگرفتەکەی دانا غاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**هەر خۆشیتان**
**شاکر شاکر**

**رووداو– سلێمانی**
هاوژین عومەر، سـەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی سـێیەمی کۆمەڵی ئیسـلامی رایگەیاند وا بڕیار بوو ئەم مانگە کۆنگرە ببەستن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئامادەکارییەکانیان تەواو نەبوون، بۆیە کۆنگرەکە دەکەوێتە مانگی داهاتوو. هەفتەی رابردوو کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی کەرکووک و چەمچەماڵ کراون، ئەم هەفتەیەش کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی سلێمانی و هەولێر و دەوروبەری دەکرێ. هاوژین ئاشکرای کرد کە 2500 کەس بەشداری کۆنفرانسی 12 مەڵبەندەکەی کۆمەڵ دەکەن.

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13

یەکێتی:

# پارتی بۆ مانەوەی بارزانی دەبێ لە دەرگای حیزبەکان بدات

## پارتی: بارزانی هەر دەمێنێتەوە و هیچ مەجالی تێدانییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

"بارزانـی هەر دەمێنێتـەوە و تەواو" ئەمە قسـەی ئەندامێکی سـەرکردایەتی پارتییە لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان. بـەڵام چـۆن دەمێنێتەوە؟ جگـە لـە پارتـی، یەکێتـی و گـۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتـوو هەرزوو وەڵامی ئەم پرسیارەیان دایەوە.

چاوەڕوان دەکرێ چەند رۆژی داهاتوو، پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەست بە خولێکی دیکەی دانوستاندن بکات لەسەر پۆسـتی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان کە بـە مافی خـۆی دەزانـێ و ئەمەش لـە کۆبوونـەوەی رۆژی 2015/4/12ی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا باسکراوە.

ئەندامێکـی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەی کە بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد، بە (رووداو)ی گـوت "بڕیـاری پارتی کـە گفتوگۆی لەسەر ناکرێ، ئەوەیە سەرۆک بارزانی لە پۆسـتەکەی هەردەمێنێ و مەجالی تێدا نییە". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی کە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتەوە چونکە دەسەڵاتی لێدوانی نییە بۆ راگەیاندنەکان، گوتیشـی "ئەم بابەتـە لای پارتی تەواو بووە".

فەخرەدیـن قـادر، سـکرتێری پەرلەمانی کوردستان دوای کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پێنج حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان، باسی کاندیدی پارتی دەکات بۆ پۆستی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان "پارتی دەڵێ پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بـە ئیسـتیحقاقی خۆمـان دەزانین و لە کاک مەسعودیش باشترمان نییە بۆ ئەو پۆستە. چونکە پۆستی سەرۆکی عێراق دراوە بە یەکێتی".

فەخرەدین قادر هەندێک لەو زانیاریانە ئاشکرا دەکات کە لە سەردانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ لای بارزانی لە 2015/4/5 باسکراون و دەڵێت "بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان گوت کـە دەرفەتی هەڵبژاردن نەمـاوە، بەڵام ماوەتەوە سـەر ئـەوەی هەرچۆن هەیە، مەسـەلەی دەستوور بجوڵێنین و لەسەر هەڵبژاردنەوەی بارزانیش دەبێ لایەنەکان بسازێن".

"سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە پەرلەمانـەوە هەڵبژێـردرێ و دەسەڵاتەکانیشـی کەمبکرێنەوە". ئەمە قسـەی هاوبەشـی یەکێتـی، گـۆڕان، کۆمـەڵ و یەکگرتووە بۆ ئـەوەی لەگەڵ پارتـی بکەونە گفتوگـۆ، تەنانەت ئەمە مەرجیانە بۆ ئەوەی رازی ببن سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی دیکە بمێنێتەوە.

### یەکێتی کاندیدی نابێ

مەلا بەختیار، لێپرسـراوی دەسـتەی کارگێڕیـی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتی بـە (رووداو)ی گـوت "یەکێتـی لەگـەڵ سیسـتەمی پەرلەمانییـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و لەسەر هەموو جومگەکانی حوکمڕانیش قسەی خۆمان دەبێت".

مەلا بەختیار رەتیکردەوە لە بەرامبەر رەزامەندبوونیـان بـە درێژکردنـەوەی ویلایەتی بارزانی داوای پۆستی سەرۆکی حکومەتیـان کردبێـت و گوتـی "هیـچ پڕۆژەیەکی وا نەبووە".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشـتیمانیش دەڵـێ "یەکێتـی دەزانێ پۆسـتی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان پشـکی پارتییـە. ئەمە لـە رێککەوتنی سـتراتیژی نێـوان پارتـی و یەکێتـی بڕاوەتەوە". گوتیشی کە حیزبەکەی هیچ کاندیدی نییە بۆ ئەو پۆستە.

چاوەڕێ دەکرێ یەکێتی لەبەر ناکۆکی و باڵباڵێنی نێوخۆیان وا بە زوویی قسەی کۆتایی لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکەن. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسـی یەکێتی نایشـارێتەوە کە "رای یەکێتـی لەوبارەیەوە رایەکـی ئینفرادی نابێ و رای لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەبێ، لەگەڵ گۆڕان و ئیسـلامییەکان هاوبەش دەبـێ، واتە یەکێتـی بە تەنیا نە قبووڵ دەکات و نـە رەتیدەکاتەوە". گوتیشـی "لەبەر کێشەکان و بوونی باڵباڵێن و کێشە قووڵەکانی نێو یەکێتی، وەڵامی یەکێتی بۆ پارتی و پەرلەمانی کوردستان لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە کونفەیەکونێک نابێ".

### ئەگەر سەرۆکایەتی بێ سەرۆکی حکومەت نامێنێ

هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبێ ئەوەی ناوی هیچ حیزبێک بهێنێ، رەخنەی توند لە یەکێتی، گـۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو دەگـرێ کاتـێ داوادەکـەن سیسـتەمی حوکمڕانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بکـرێ بە پەرلەمانـی و دەڵێ "با کەس موزایەدە بەسـەر پارتییـەوە نەکات کە دژی سیسـتەمی پەرلەمانییـە، چونکە سیسـتەمی حوکمڕانـی لـە هەرێمی کوردسـتان پەرلەمانییـە و ئەمـە بە روون و ئاشـکرا لە نێو پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتانیش نووسراوە". گوتیشـی "لەنێو پڕۆژەی دەستووردا هاتـووە هەمـوو مادەکانی نێو دەسـتوور قابیلی هەموارکردنەوەن، جگە لە مەسـەلەی سیستەمی پەرلەمانی".

هێمن هەورامی زیاتر قسـە لەسـەر مەسەلەی حوکمڕانـی لە هەرێمی کوردسـتان دەکات و روو لـە لایەنە سیاسـییەکان دەکات و دەڵێت "ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان سەرۆکایەتی بووایە، ئەوا نەدەبوو سەرۆکی حکومەت لە هەرێمی کوردستان هەبێ، چونکە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەوە ناهێڵێ".

### بارزانی سوودمەندترین کەس دەبێ

کۆمەڵـی ئیسـلامی کوردسـتان پێیوایـە ئەگـەر سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لەنێـو پەرلەمانی کوردسـتان هەڵبژێردرێ ئـەوا بارزانی "سوودمەندترین" کەس دەبێ.

مەروان گەلاڵی باسـی هەڵوێسـتی حیزبەکەی دەکات و دەڵێـت "سیسـتەمی ئـەم وڵاتـە وا لێدەکەین کە هەموو خەڵک دڵیان پێی خۆش بێ و کاک مەسـعود بارزانیش سـوودمەندترین کەس دەبـێ لەو گۆڕانکارییە، چونکە ئێسـتا لە بواری یاسایی رێگەی پێنادرێ خۆی هەڵبژێرێتەوە، بەڵام ئەوکات دەتوانێ بۆ هەشـت سـاڵی دیکەش ببێ بە سەرۆک".

مەروان گەلاڵی کە سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییە لە پەرلەمانی کوردستان و لەهەمانکاتدا ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی کۆمەڵـە، دەڵێـت "ئەگەر سـەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئـەوا دەسـەڵاتەکانی کـەم دەبنـەوە و بڕیـارە چارەنووسسازەکان لای سەرۆک نامێنن و سەرۆک چیدی فەرمانداری گشتی هێزە چەکدارەکان نابێ، ئەو دەسەڵاتانە دەدرێنە سەرۆکی حکومەت وەکو ئەوەی لە بەغدا هەیە". گوتیشی "ئەوە 20 ساڵە سیسـتەمەکە وەهایە با بۆ چوار سـاڵ بیگۆڕین، ئەگـەر باش نەبوو دەتوانین بیگۆڕینەوە، خۆ هەر مرۆڤە یاساکان دەگۆڕن و دەستکاری دەکەن".

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان پێیوایە جگە لە پەرلەمان هیچ رێگایەکی دیکە لەبەردەم بارزانی نییە "لەبەر ئەوەی پرۆسەی خستنە بەر راپرسیی دەستوور دوادەکەوێ و فریا ناکەوین لەو ماوەیەدا کاری بۆ بکەین، ناچارین بۆ مەسـەلەی پۆسـتی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان بیر لە سیناریۆی دووەم بکەینـەوە، ئەویش لە رێگەی پەرلەمانەوە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان هەڵبژێرین، بەڵام دوای دەسـتکاریکردنی یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان، هیچ بەدیلێکی دیکەش نییە و مومکینیـش نییـە هەڵبـژاردن بکرێ". یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتانیش رایەکی نزیک لەوەی کۆمەڵی ئیسـلامی هەیـە و داوا لە پارتی دەکات لە دەرگای حیزبەکان بدات. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسـی یەکێتـی دەڵـێ "دەبـێ پارتـی لەگەڵ لایەنەکان دەسـت بە گفتوگـۆ بکات، با چاوەڕێی ئـەوە نەکەن لایەنەکان سـەردانی پارتی بکەن و بڵێـن بارزانیمان دەوێ، بەڵکـو دەبێ پارتی ئەو هەنگاوە بهاوێ و بە لایەنەکان بڵێ بۆچی مانەوەی بارزانی گرنگە".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# لە دهۆک پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێی باس نییە

دووکاندارێک:

## هەتا بارزانی ساغ بێت پێویست ناکات باسی شوێنەکەی بکەین

رۆژنامەنووسێک:

## رەخنەگر لە دهۆک هەن، بەڵام میدیاکانی لاوازن

**ناسر عەلی**
**رووداو– دهۆک**

زیاتـر لـە دوو هەفتەیـە، باسـی گەرمـی میدیاکانـی کوردسـتان پرۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردستان و پرسی ولایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتانە کە لە 19ی ئابی داهاتوو کۆتایـی دێـت، بەڵام ئەم پرسـانە لـە میدیا لۆکاڵییەکان و شەقامی دهۆکدا گەرم نین.

دووکاندارێکی شـاری دهـۆک دەڵێت هەتا مەسـعود بارزانی سـاغ بێت، پێویست ناکات کەس باسی شوێنەکەی بکات.

" ئـەرێ ئەم خەڵکە شـەرم ناکەن باسـی شوێنی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە لەلای ئێمە عەیبە هەتا سـەرۆک ساغ بێت کەس باسـی شـوێنەکەی بکات" ئەمەی قسـەی شـێروان حەمیدە کـە دووکاندارێکی شاری دهۆکە.

شـێروان لەسەر کورسییەک دانیشتبوو بە دەم بەڕێکردنـی کڕیارەکانیەوە گوتی "توخوا ئێستا کاتی ئەوەیە باسی پۆستەکەی بارزانی بکرێت، لە کاتێکدا ئێمە لەو شەڕە گەرمەداین لەگەڵ داعش، بە تایبەتی خەڵکی بادینان هەر عەیبە باسی بکەن".

کەریم چۆلی کە رۆژنامەنووسـێکی شـاری دهۆکـە، دەڵێـت "لە دهۆکیش باسـی بابەتی دەسـتوور و ویلایەتـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان دەکرێـت، بەڵام بـە کەمی، هەتا ئێسـتا راگەیاندنی دهۆک باسـی ئەو بابەتەی نەکردووە".

چۆلـی هەروەها دەڵێت "لە دهۆک کەسـی رۆشنبیر و رەخنەگریش هەن، بەڵام راگەیاندنی دهـۆک ئەوەندە بەهێز نییە، چونکە تەنیا دوو کەناڵی ئاسمانی هەن، ئەویش گشتین".



لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی وادەی تەواوبوونی ولایەتی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان کە لە 30ی حوزەیرانـی 2013 بۆ ماوەی دوو سـاڵ درێژکرایـەوە، گفتوگـۆی نێـوان لایەنـەکان لەبارەی ئەم پرسـە بە سـەردانێکی دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بـۆ لای بارزانـی دەسـتپێکرد. دواتر دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان لەگـەڵ پارتـی، یەکێتـی، گۆڕان، کۆمـەڵ و یەکگرتـوو کۆبـووەوە، بـۆ ئەوەی بۆچوونیـان وەربگرێـت. ئێسـتا بۆچوونێکی هاوبـەش لە نێوان یەکێتـی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو دروستبووە کە سیستمی حوکمڕانی لـە کوردسـتان پەرلەمانـی بێت و سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان بە دەسـەڵاتێکی کەمەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێ.

میدیاکانی هەولێر و سلێمانی پڕن لەبابەت لە بارەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردسـتان، بەڵام لە دهۆک ئەو دوو پرسە لەئارادا نین.

دهـۆک بە قـەڵای زەردی پارتی دادەنرێت، بـەو پێیەی ئەنـدام و لایەنگرێکـی زۆری لەو پارێزگایە هەیـە، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا پارتـی هەمیشـە 70%ی دەنگەکانـی ئـەو پارێزگایەی هێناوە.

تاکە رکابەری پارتی لە دهۆک، یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتانە، بەڵام بەرپرسانی ئەو حیزبەش دەڵێن ئەوان تاوەکو ئێسـتا قسەیان لەسەر پرسـی دەسـتوور و ویلایەتی بارزانی نەکـردووە، چونکـە لەلایـەن سـەرکردایەتی حیزبەکەیانەوە بۆچوونیان وەرنەگیراوە.

سەعید عەلی عەبۆ، بەرپرسی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان دەڵێت "راستە مەکتەبـی سیاسـی حیزبـەکان لـە هەولێر و سلێمانین، سـەرجەم بڕیارە سیاسییەکان لەو دوو پارێزگایـە دەردەچـن، بـەڵام بۆچوونـی خەڵکی دهۆکیش گرنگە".

هەفتـەی رابـردوو سـەرۆکایەتی پەرلەمان سـەردانی مەکتەبـی سیاسـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کـرد، عەبـۆ بـە (رووداو)ی گوت "سـەرکردایەتی یەکگرتـوو بۆچوونی ئێمەیان لەبـارەی دەسـتوور و ولایەتـی بارزانـی وەرنەگرتووە".

هەرچـی گۆڕانەکانـی دهۆکـن، چاویـان بڕیوەتە گردی زەرگەتە لە سلێمانی کە رەسمی سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕانی لێ دەکرێت.

هوشـیار عابد، بەرپرسی مەکۆی گۆڕان لە دهـۆک بـە (رووداو)ی گـوت "بۆچوونی ئێمە لەسـەر پرسە سیاسـییەکان لەگەڵ بۆچوونی سـەرکردایەتی گۆڕانە لە سلێمانی، ئەوان چی بڵێن، ئێمە بە قسەی ئەوان دەکەین".

## میری ئێزدییان داوای ئازادکردنی شەشۆ لە بارزانی دەکات

**رووداو- هەولێر**

میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییان نامەیەک بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و تێیدا داوادەکات حەیدەر شەشۆ ئازادبکرێت. میر تەحسین بەگ جگە لە داواکارییەکەی، لە نامەکەدا هیوای تەندروستییەکی باش بۆ بارزانی و بەرقەرارکردنی ئەمن و ئاسایش و سەرکەوتن بۆ کوردستان دەخوازێت. حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شنگال کە لە هەمانکاتدا ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتییە، ماوەی هەفتەیەکە لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە لە نزیک کۆمەڵگەی خانکێ لە شاری دهۆک، دەستگیرکراوە.



رووداو
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13

### جێگری حەیدەر شەشۆ:

# لە سلێمانیم بچمەوە ژێر دەسەڵاتی پارتی دەمگرن



## قاسم شەشۆ چەکی بە هێزەکەی ئێمە داوە

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

جێگری فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال رەتیدەکاتەوە ئەوان فەرمان لە حەشدی شەعبی وەربگرن و دەڵێت "تەنیا لەرووی ئیداری و لۆجستییەوە وەک هەر هێزێکی دیکەی نیشتمانی هاوکاریمان دەکەن، ئەوەش دوای ئەوەی دەیانجار لە دەرگای وەزارەتی پێشمەرگەمان دا و وەڵامیان نەدایەوە". بەرپرسی ئێستای ئەو هێزە کە ئێستا لە شاری سلێمانییە، دەڵێت هەر بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی پارتی دەستگیری دەکەن.

### شەشۆ داوای چی لە پارتی کردبوو؟

داود جندی، جێگری فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگالە. بەرپرسی ئەو هێزە حەیدەر شەشۆیە کە هەفتەیەک زیاترە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە و تاوەکو ئێستاش دەستبەسەرە.

داود جندی کە دوای دەستگیرکردنی شەشۆ چووەتە شاری سلێمانی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرای کرد کە دوای ئەوەی داعش هێرشی کردووەتە سەر مووسڵ و چەند ناوچەیەکی دیکە، حەیدەر شەشۆ لە رۆژی 15/7/2014 سەردانی لقی شنگالی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە، لیستێک کە ناوی 1962 کەسی تێدا بووە، داوێتییە بەرپرسی لقی پارتی کە ئەو کەسانە دەیانەوێت وەکو خۆبەخش لە پاڵ هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن، بەڵام بەرپرسی لقی پارتی پێیگوتبوو 8000 پێشمەرگەمان هەیە و پێویستمان بە هیچ هێزێکی دیکە نییە.

داود جندی دەڵێت "کاتێک پێشمەرگە نەیانتوانی بەرگری بکەن، هەر ئەو خەڵکەی کە بەرپرسی لقی پارتی گوتی پێویستمان پێیان نییە، بەرگرییان لە مەزارگەی شەرفەدین و چەندین ناوچەی دیکە کرد، کەچی بەداخەوە ئێستا خەڵکانێک دەیانەوێت بە خۆفرۆش وەسفمان بکەن".

ئەو فەرماندەیەی هێزی پاراستنی شنگال دەڵێت بەر لە هێرشی داعشیش، ئێزدییەکان لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە کۆمەڵکوژ کراون "زیاتر لە 1000 ئێزدی لەسەر دەستی هێزە توندڕەوەکان کوژراون. هەر لە دوای 2007 یەک خێزانی ئێزدی لە شاری مووسڵ نەما".

حەشدی شەعبی پارە و ئۆتۆمبێلی داونەتێ

هێزی پاراستنی شنگال بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە سەر بە حەشدی شەعبین و فەرمان لەوان وەردەگرن، بەڵام جێگری فەرماندەی ئەو هێزە دەڵێت "لە هەموو دەرگایەکمان دا، کەس دەرگای لێنەکردینەوە، دوای ئەوەی بە فەرمی حەشدی شەعبی دامەزرا، ئێمەش وەکو هێزێکی نیشتمانی کە بەرگری لە خەڵک و خاکمان دەکەین، لەو چوارچێوەیەدا هاوکارییەکی ماددی مانگانە بۆ هەزار خۆبەخش تەرخان کرا. ئەو هێزە لە مانگی 12ی 2014 ەوە لەلایەن حەشدی شەعبی هاوکاری دەکرێت، تەنانەت مووچەی مانگی رابردووشمان وەرگرتووە، هەروەها 18 ئۆتۆمبێلیان بۆ کڕیوین، بەڵام یەک پارچە چەکیان نەداوینەتێ".

سەبارەت بەو چەکانەی ئێستا لەبەردەستیانە، داود جندی دەڵێت "رۆژی 15/9/2014 قاسم شەشۆ چووە لای جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەندێک چەکی پێدا، هەندێک لەو چەکانەش درایە هێزەکەی ئێمە، هەندێکیشی دەستکەوتەکانی شەڕی داعشە".

### "ئاڵای ئێزیدخانە"

پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە بە حەیدەر شەشۆ گوتراوە ئەگەر نەبێتە پارتی، هێزەکەی ناخرێتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە. داود جندی لەوبارەیەوە دەڵێت "هەڕەشە چییە، پێیانگوتووە ناکرێت هیچ هێزێک لە شنگال بەبێ پارتی هەبێت، بۆیە ئەوە لە هەڕەشەش خراپترە".

رەخنەیەک کە لەو هێزە دەگیرێت، ئەوەیە کە ئاڵایەکی جیا لە ئاڵای کوردستانیان بۆ خۆیان دروستکردووە و ئیعتراف بە ئاڵای کوردستان ناکەن. داود جندی لەبارەی ئاڵاوە ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "زۆر ئاساییە کە لۆگۆیەکمان هەبێت، بەڵام هیچ ئاڵایەکی تایبەت بە خۆمان نییە. ئەو ئاڵایەی ئەم هێزە هەڵیدەگرێت، ئاڵای ئێزیدخانە و لە سەرتاسەری جیهاندا لە ماڵی هەموو ئێزدییەک ئەم ئاڵایە هەیە".

داود جندی بێجگە لەوەی جێگری فەرماندەی ئەو هێزەیە، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵە لە فراکسیۆنی یەکێتی و لەوبارەیەوە دەڵێت "لە رووی یاساییەوە هیچ کێشەیەک نییە کە لەو هێزەدا کاردەکەم، چونکە وەکو خۆبەخشێک کار دەکەم و هیچ مووچەیەک وەرناگرم".

### "ناوێرم بگەڕێمەوە"

دوای دەستگیرکردنی حەیدەر شەشۆ، داود جندی چووەتە شاری سلێمانی و پێیوایە ئەگەر بگەڕێتەوە پارێزگای دهۆک لەلایەن پارتییەوە دەستگیر دەکرێت "ناوێرم بگەڕێمەوە، هەر بگەڕێمەوە پارتی دەستگیرم دەکات".

جندی گوتی "هێزی پاراستنی شنگال بە دەستگیرکردنی من و دەیانی دیکەش هەر دەمێنێ و لەناوناچێ، چونکە ئەخلاقی پێشمەرگەیان هەیە، نەک ئەو پێشمەرگانەی جلی پێشمەرگە لەبەر دەکەن و ژن و منداڵی خەڵک لەژێر دەستی داعش بەجێدێڵن و بەرگرییان لێناکەن، بەڵام لەبیرتان نەچێت، مافی حکومەتی فیدراڵە هاوکاری ئەو هێزە بکات، چونکە لەسنووری مادەی 140ی دەستووری عێراقدان".

### شەشۆ بەزووترین کات ئازاد دەکرێت

سەبارەت بە ئازادکردنی حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال، جێگرەکەی گوتی "حەیدەر شەشۆ هەر زوو ئازاد دەکرێت، لەبەرئەوەی ئێستا رای گشتی بۆ داکۆکیکردن لێی هاتووەتە سەر خەت. جگە لەوەش وڵاتانی ئەورووپا هاتوونەتە دەنگ، چونکە شەشۆ وڵاتینامەی ئەڵمانیاشی هەیە بۆیە 100% ئازاد دەکرێت، هیچ بنەمایەکی یاساییش نییە بۆ دادگاییکردنی".

### 30 شەهیدیان داوە

لەبارەی قوربانیانی هێزەکەیان لە شەڕی دژی داعش، داود جندی دەڵێت "پێش ئەوەی داعش هێرش بکاتە سەر شنگال، ئەم هێزە خۆبەخشانە لەگەڵ پێشمەرگە شەڕی داعشی لەچەند ناوچەیەک کردووە. 45 کیلۆمەتر رێگای پاراست، تاوەکو ئاوارەکانی چیای شنگال خۆیان بگەیەننە پارێزگای دهۆک، تاوەکو ئێستاش 30 شەهیدمان داوە، لەگەڵ 50 بریندار کە زیاتر لە 10 کەسیان کەمئەندام بوونە".

### گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی:

# حەیدەر شەشۆ دەستی لەکاری حیزبی نەکێشاوەتەوە



**ناسر نهێلی**
**رووداو- دهۆک**

گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی ئەوەی رەتکردەوە کە حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی دەستگیرکراوی هێزی پاراستنی شنگال و ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەستی لەکاری حیزبی کێشابێتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە حەیدەر شەشۆ پێشتر گوتبووی لە دوای رووداوەکانی شنگالەوە هیچ پەیوەندییەکی بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە نەماوە و تەنیا جەنگاوەرێکی ئێزدییە.

### پەیوەندی شەشۆ و یەکێتی

هەفتەی رابردوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت ئەوانەی نزیکن لە یەکێتی و لایەنگرانی یەکێتی، پڕبوون لە وێنەی فەرماندەیەک بەناوی حەیدەر شەشۆ، کە فەرماندەیی هێزێکی دەکرد لە چیای شنگال و مەزارگەی شەرفەدین بە ناوی هێزی پاراستنی شنگال، بەڵام شەشۆ ئێستا دەستگیرکراوە و لە زیندانێکی ئاسایشە، پاش ئەوەی تۆمەتبار کرا بەوەی هێزێکی نایاسایی لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێناوە وەک لە بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا هاتبوو.

بەپێی بەیاننامەکە، مۆڵەتێکی دوو مانگی درابووە ئەو هێزە تاوەکو خۆیان هەڵبوەشێننەوە و بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام سەرەڕای تەواوبوونی وادەکە، هێزەکە وەکو خۆی مابووەوە، بۆیە بڕیاری دەستگیرکردنی فەرماندەکەی دەرچوو.

هەر دوای دەستگیرکردنی، فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کە حەیدەر شەشۆ یەکێکە لە ئەندامانی، بەیاننامەی توندیان لەسەر دەستگیرکردنی دەرکرد و داوایان کرد دەستبەجێ ئازاد بکرێ.

حەیدەر شەشۆ، پێشتر لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتبووی "هەتا پێش رووداوەکانی شنگال و هاتنی داعش بۆ ناوچەکە من ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووم، بەڵام دواتر ئێمە وەکو ئێزیدی، چووینە بەردەم مەزارگەی شەرفەدین و بەرگریمان لە خەڵکی شنگال و مەزارگەی شەرفەدین کرد".

شەشۆ لە وەڵامی ئەوەش کە ئێوە سەر بە چ لایەنێکی سیاسین، گوتی "ئێستا ئێمە وەکو کوردی ئێزدی بەرگری لە چیای شنگال دەکەین، ئێمە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نین، لەناو ریزەکانی ئێمەدا سەرجەم لایەنە سیاسییەکان هەن، یەکێتی و پارتی، بەڵام من خۆم ئێستا بێلایەنم، هەر بە بێلایەنیش دەمێنمەوە هەتا شنگال رزگار دەکرێت".

هێزی پاراستنی شنگال رۆژی 21ی شوباتی رابردوو بە ئاشکرا مووچەی بەسەر هەزار چەکداری هێزەکەدا دابەشکرد کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لە بەغداوە بۆیان رەوانە کرابوو.

حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال رۆژی 5/4/2014 لە کۆمەڵگەی خانکێ کە 20 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری دهۆک دوورە، لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە دەستگیرکرا و تاوەکو ئێستاش هەر دەستبەسەرە.

سەبارەت بە پەیوەندیی حەیدەر شەشۆ بە یەکێتییەوە کە یەکێتی دەڵێت ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندە، لەتیف نێروەیی گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "حەیدەر شەشۆ بە فەرمی داوای دەست لەکارکێشانەوەی نەکردبوو، راستە لەگەڵ رووداوەکانی شنگال، ئەوان وەک کوردی ئێزیدی چوونە چیای شنگال و بەرگرییان کرد، بەڵام زۆرجار داوای هاوکاری سەربازی و مەعنەوی لە یەکێتی کردووە".

لەبارەی ئەوەی دوای رووداوەکانی شنگال هیچ مووچەیەکی لە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی وەرگرتووە، لەتیف نێروەیی گوتی "من ئاگاداری ئەوە نیم کە مووچەی وەرگرتووە یان نا".

دوای دەستگیرکردنی حەیدەر شەشۆ، راگەیاندنی یەکێتی دەستگیرکردنەکەیان بە "رفاندن" ناوبرد و تاوەکو ئێستاش نازانرێت حەیدەر شەشۆ لە کوێ دەستبەسەرکراوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی گوت "حەیدەر شەشۆ تاوەکو ئێستا لەلای ئاسایشە و رەوانەی گرتووخانەی چاکسازیی دهۆک نەکراوە".

ئەو سەرچاوەیە زانیاری زیاتری باسکرد و گوتی "ئەوانەی دەچنە بەردەم دادگا و سزایان بۆ دەردەچێت، رەوانەی چاکسازیی دهۆک دەکرێن، بەڵام دیارە هێشتا شەشۆ نەچووەتە بەردەم دادگا و سزا نەدراوە، بۆیە رەوانەی چاکسازی دهۆک نەکراوە".

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13

## تورکیا هێز دەنێرێتە ئاگری

**ڕووداو- ڕۆیتەرز**

بەپێی زانیاریی ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز، تورکیا هێزی ناردووەتە شوێنی پێکدادانی نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا لە ئاگری. دوای ئەوەی ڕۆژی 2015/4/11 لە چیای تەندوورەک لە هەرێمی ئاگری باکووری کوردستان ئاڵۆزی و پێکدادان لەنێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ڕوویدا، سەرچاوەیەکی سەربازی لە سوپای تورکیا ڕایگەیاندووە، کە فڕۆکەی سەربازییان ڕەوانەی ناوچەکە کردووە بۆ ئامادەباشی هەر هێرشێک کە بکرێتە سەریان. لەو پێکدادانەدا 5 گەریلای پەکەکە شەهید بوون و چوار سەربازی سوپای تورکیاش بریندار بوون.





# خوێندنی کوردی لە سنە بووە ڕاستی

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای نزیکەی 10 ساڵ، زانکۆی کوردستان لە سنە دیسان هەنگاوێکی دیکەی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لەو زانکۆیەدا هەڵنا و بڕیارە لە ساڵی نوێی خوێندندا خوێندکاری بۆ وەربگرێ.

خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان لەلایەن فەردین ئەخلاقیان، سەرۆکی ئەو زانکۆیەوە ڕاگەیەندرا. سەرچاوەیەک لە زانکۆی سنەوە بە (ڕووداو)ی گوت "هەنگاوەکان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی ئەمجارە زۆر جددییە". عەدنان بەرزنجی، مامۆستای زمانی کوردی دەڵێ "هەموو ئامادەکارییەکان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی کراوە".

بەپێی زانیارییەکان زانکۆی کوردستان لە سنە بەشێکی تایبەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، هەر بەو ناوە دەکاتەوە و بڕیاریشە 30 خوێندکار وەربگرێ.

هاوکات خوێندکارانی سەرجەم بەشەکانی دیکەی خوێندنی ئەو زانکۆیە دەتوانن وانەیەکی زمانی کوردی لەسەر ویست و داواکاریی خۆیان بخوێنن.

مامۆستایەک لە زانکۆی کوردستانی شاری سنە بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن کتێب بۆ خوێندن بە زمانی کوردی ئامادە کراوە. لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە بە ژمارەیەک لە مامۆستاکانی زانکۆ ڕاگەیەندراوە کە بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن خۆیان ئامادە بکەن".

بڕیارە دوایین مانگی بەهار ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی خوێندن بە زمانی کوردی بەڕێوە بچێت و لەوێدا بە شێوەی فەرمی خوێندن بە زمانی کوردی ڕابگەیەندرێ، هەروەها ڕێز لەو کەسانە بگیرێ کە لەو پێناوەدا هەوڵیان داوە.

لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی ئەمساڵ، محەممەد قوربان کیانی، سەرۆکی زانکۆی ئازاد لقی سنە گوتی "لە ساڵی داهاتووی خوێندندا وانەیەکی زمانی کوردی بەشێوەی ئیختیاری لەو زانکۆیەدا دەگوترێتەوە".

ئەو داوای لە مامۆستاکان و شارەزایانی بواری زمانی کوردی کرد وانەکان ئامادە بکەن و دوای تەواوبوونی وانەکان و مامۆستاکان، لە پاییزی ئەمساڵدا زمانی کوردی لە چوارچێوەی وانەیەکدا و بەشێوەی ئیختیاری دەخوێندرێت.

خوێندن بە زمانی کوردی لە ساڵی 2005 و لەسەردەمی حکومەتی ڕیفۆرمخوازی سەید محەممەد خاتەمیدا لە زانکۆی کوردستانی سنە تا بەرەبەری وەرگرتنی خوێندکاریش چووە پێش، بەڵام دواتر بێ هیچ پاساوێک ڕاگیرا.

ئەوکاتیش بڕیار بوو زمانی کوردی وەک وانەیەکی ئیختیاری بخوێندرێ. تەنانەت پۆلی خوێندن و مامۆستاشی بۆ ئامادە کرا. بەگوتەی مامۆستایەکی زانکۆی کوردستان نزیکەی 100 خوێندکاریش خوێندن بە زمانی کوردییان وەک یەکێک لە وانەکانی خوێندن هەڵبژاردبوو، بەڵام دواتر بەرپرسانی زانکۆ ڕایانگەیاند کە هیچ خوێندکارێک خوێندنی بە زمانی کوردی هەڵنەبژاردووە.

ئەم پێشینەیەش زۆر کەسی بە نیسبەت خوێندن بە زمانی کوردی لە ساڵی داهاتووی خوێندن لە زانکۆکانی سنەدا، تووشی گومان کردووە.

هاوکات لەگەڵ ئەم باسانەدا، لە شاری سەقز بە هەوڵی کۆمەڵێک مامۆستا وانەیەکی خوێندنی زمانی کوردی بۆ قوتابیانی قۆناغی ناوەندی ئامادە کراوە و لە قوتابخانەکانی ئەو شارەدا خوێندرا.

ئەو وانە کوردییە ئەگەرچی کتێبێکی فێرکاریی جیاوازە، بەڵام بەشێک لە کتێبی ئەدەبیاتی فارسییە. کتێبی ئەدەبیاتی فارسی بەشی شەشەمی بۆ خوێندنی ئەدەبیاتی خۆجێیی بەجێهێڵدراوە.

کتێبی "وانەی کوردی" تا ئێستا نزیک بە پێنج هەزار دانەی لێ چاپکراوە و بەگوتەی ئامادەکارانی کتێبەکە، پێشوازییەکی کەم وێنەی لێکراوە.

یاسای بنەڕەتیی ئێران خوێندنی بە زمانی نەتەوەکانی ئێران ئازاد کردووە، بەڵام ئەم بەندە یاساییە هێشتا جێبەجێ نەکراوە. یەکێک لە بەڵێنەکانی حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا جێبەجێکردنی ئەو بەندە یاساییە بوو. نزیکەی 10 مانگ لەمەوبەر چالاکانی مەدەنیی کورد 10 هەزار ئیمزایان کۆکردەوە و داوایان لە حەسەن ڕوحانی کرد پابەندی بەڵێنەکەی خۆی بێت.

زاهید ئارمی، یەکێک لە مامۆستا ئامادەکارەکانی کتێبی وانەی کوردی، پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئەم کتێبە هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای بنەڕەتییەوە نییە، بەڵکو تەنیا پاشکۆیەکی کتێبی "فارسی"یە. چونکە دەتوانین بەندی 15ی یاسای بنەڕەتی بەوجۆرە ڕاڤە بکەین کە هەموو وانەکان هەر بە زمانی کوردی بخوێندرێن، بەڵام دەکرێ تەنیا وانەیەکی تایبەت بە زمانی کوردیش بگرێتەوە.

# هەڵبژاردنەکانی تورکیا هەڕەشە لە پرۆسەی ئاشتی دەکات

**پەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**



کاتێک گوتی لەم وڵاتەدا شتێک نییە بەناوی "کێشەی کورد"، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ئەو ڕاستییەی نیشان دا کە ئاشتی لەگەڵ 20 ملیۆن کوردی وڵاتەکەی ڕەنگە زۆر نزیک نەبێت.

"چیتان نییە؟" و "چی دیکەتان دەوێت؟" ئەو پرسیارانە بوون کە ئەردۆغان لە دانیشتووانی کوردی وڵاتەکەی کرد.

ئەردۆغان لە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی خۆیدایە لە دوای هەڵبژاردنەکانی 7ی تەممووزی داهاتوو. ئەو کە دەیەوێ سیستەمی پەرلەمانی لە تورکیا بگۆڕێت بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی، دووبارە دەستی کردووەتەوە بە قسەی توند بەرامبەر کورد.

"تەنیا شتێک لە مێشکیاندا پرسی کوردە. باسی چی دەکەن؟ شتی لەو شێوەیە نییە، پرسی کورد لەم وڵاتە نییە". ئەردۆغان لە وتەیەکیدا بۆ لایەنگرانی لە پارێزگای بالیکەسیر کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوا، وەهای گوت.

"هەرگیز کێشەی کوردمان لەم وڵاتەدا نەبووە، بەڵام لە ئەجێندادا بە مەبەست زیندوو ڕادەگیرێ". ئەردۆغان پرسیاری کرد: "کام کێشەی کورد؟ چیتان نییە؟ چی دیکەتان دەوێت؟ بۆ خاتری خوا، ئێوە چیتان نییە کە ئێمە هەمانە، هەموو شتێکتان هەیە".

سەرۆک کۆمار بەبیری جەماوەرەکەی هێنایەوە کە کورد لە سوپا و حکومەتدا خزمەت دەکەن، لە ڕابردوودا وڵات سەرۆک وەزیرانێک و سەرۆکێکی هەبووە کە بە ڕەچەڵەک کورد بوون.

لە هەوڵی بردنەوەی دەنگی زیاتردا، ئەردۆغان دەستی بە کەمپینێکی دژە کورد و پرۆسەی ئاشتی کردووە، ئەو پرۆسەیەی کە خۆی لە ساڵی 2012دا دەستیپێکرد.

گوتارەکەی ئەردۆغان کە دوای دەستپێشخەرییەکی سەرۆکی بەندکراوی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان دێت، لە نەورۆزی ئەمساڵدا بۆ دانانی چەک، بووە هۆی ئەوەی توورەیی کورد بەرامبەر ئەردۆغان زیاتر بێت و ئاگری بێ متمانەیی نێوان پارتی کرێکاران و پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار خۆشتربێت.

ڕەنگە گوتارە توندەکەی ئەردۆغان دەنگی هەندێک لە ناسیۆنالیستەکانی بۆ مسۆگەر بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا دەکرێت ببێتە هۆی لەدەستدانی دەنگی کوردە کۆنەپارێزەکان. ئەوانەی پشتگیری ئەردۆغان دەکەن لە باکووری کوردستاندا.

هەروەها ڕەنگە گوتارە ناسیۆنالیستیەکەی ئەردۆغان و گوتاری دژە پرۆسەی ئاشتی، بە سوودی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) بشکێتەوە و دەنگدەرانی کورد بەرەو لای ئەو ڕابکێشێ. ئەمەش بۆ هەدەپە گرنگە، بە تایبەتی کە لە هەوڵی بەزاندنی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردندایە، بۆئەوەی بتوانێت بگاتە پەرلەمان.

ئامانجی ڕوونی AKP بردنەوەی زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پەرلەمانە، بۆئەوەی جارێکی دیکە دەستوور هەموار بکاتەوە و دەسەڵاتی بێ هاوتا بداتە دەستی ئەردۆغان و ڕێگەی بدات بە تەنیا بڕیار لە شتە گرنگەکان بدات.

بەڵام پارتی دیموکراتی گەلان بەڵێنی داوە ڕێگە بەمە نەدات و دەڵێت ڕێگە نادات ئەردۆغان ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها، ئەوەش دوای ئەوەی کە دوو خول سەرۆک وەزیران بووە و ئێستاش سەرۆک کۆماری وڵاتە.

هاوسەرۆکی هەدەپە، سەلاحەدین دەمیرتاش بەڵێن دەدات کە پارتەکەی ئەو، سەرۆک ئەردۆغان دێننە خوارەوە "پەیامەکەم بە یەک دێڕ دەردەبڕم" دەمیرتاش لە کۆبوونەوەیەکی پارتەکەیدا دوو هەفتە بەر لە ئێستا گوتی کە هەتاوەکو هەدەپە لە گۆڕەپانەکەدا بێت، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەرگیز ناتوانێ بەو ئامانجەی بگات.

بەڵام مەگەر یاسای 10%ی دەنگەکان بگۆڕدرێت، ئەگەرنا ڕوون نییە کە چۆن هەدەپە و چەند پەرلەمانتارێکی سەرۆک لەسەر کورسییەکەی لادەبەن.

چاودێران لەبارەی مەبەست و ئامانجی ئەردۆغان لە بەرامبەر کورد و پەکەکە بوون بە دوو بەشەوە. هەندێک پێیانوایە دەسەڵاتی زیاتر لە دەستی ئەردۆغاندا وا دەکات کە بتوانێت هەنگاوی کۆنکریتی بەرەو چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد بنێت. هەندێکی دیکەش پێیانوایە دەسەڵاتی زۆرتر لە دەستی ئەردۆغاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکڕەویی ئەردۆغان زیاتر بێت و ئەو پرۆسە ئاشتییە ناسکەی ئێستاش لەبار ببات.

هەرکام بۆچوون ڕاست بێت پرۆسەی ئاشتی کە کۆتایی بە چوار دەیە شەڕی پەکەکە دێنێت، هەروەکو تەحەدایەک دەمێنێتەوە. ئێستاش ترسی ئەوەی لەسەرە کە بە بنبەست بگات.

گومانی کورد بە تێپەڕاندنی یاسایەک لەلایەن ئاکەپەوە زیاتر بووە. لە ماوەی ڕابردوودا "یاسای ئەمنی" سەرەڕای ناڕەزایی کورد تێپەڕێندرا. ئەو یاسا تازەیە دەسەڵاتی زۆرتر دەداتە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان، بۆ نموونە لە دامرکاندنەوەی خۆپێشاندانەکاندا. هەروەها خۆپێشاندان بە دەمامکەوە قەدەغە دەکات. هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە هەرکەسێک بە تێکەڵەی مۆلۆتۆڤەوە بگیرێت ڕەنگە ڕووبەڕووی پێنج ساڵ بەندکردن ببێتەوە. کورد پێیانوایە ئەو یاسایە تەنیا لە دژی ئەوان داڕێژراوە.

کورد لە تورکیا لە سەرۆکێک کە دەسەڵاتی تەواوەتی لەدەستدا بێت دەترسێن، ئەوەش دوای چەندین دەیە لە چەوساندنەوە لەسەردەستی حکومەتە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە.

"دەوڵەتی قووڵ" کە لەلایەن سوپای تورکیاوە لە سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەدا بەڕێوەدەچوو، بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە لە دژی کورد تۆمەتبارە. لەوانە کوشتنی بێ دادگاییکردن، ئەشکەنجەدان، گرتنی هەڕەمەکی و وێرانکردنی نزیکەی 3000 گوندی کورد لەو وڵاتە.

ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا، کورد تەنیا هێزن کە لە بەردەم سەرۆکدا قیت بوونەتەوە و ڕێگە لەوە دەگرن کە ببێتە سەرۆکێکی پڕ دەسەڵات و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

بۆئەوەی بە ئامانجی خۆی بگات، ڕوون نییە کە ئەردۆغان دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموز لە ڕێگەی سەربازی یان سیاسییەوە لەگەڵ کورد کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە.

رووداو
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:

# مام جەلال بڕیاری خۆی لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە



بەهرۆز فەرەیدون
رووداو- سلێمانی

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رایگەیاند کە مام جەلال لە ساڵی 2013 بەر لەوەی نەخۆش بکەوێت، بڕیاری خۆی لەبارەی پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە و گوتوویەتی دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت "بۆیە دەبێت هەموو یەکێتییەکان پابەندی بڕیارەکەی مام جەلال بن".

## یەکێتی و داواکاری تازە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاشکرای دەکات کە یەکێتی لە بەرامبەر دەنگدان بە درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پۆستی سەرۆکی حکومەتی دەوێت.

لەگەڵ گەیشتنی وەفدەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ نێو مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە پێی باش نەبوو (رووداو) ناوەکەی بڵاوبکاتەوە، ئاشکرای کرد کە یەکێتی بەنیازە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆ بکات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت لە بەرامبەر دەنگدان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتیشی "هیچ مەعقول نییە، سێ سەرۆکایەتی گرنگ لە هەرێمی کوردستان هەبن و دووانیان لای پارتی بن، ئەمە لەکاتێکدایە یەکێتی خاوەنی پێگە و جەماوەری خۆیەتی و حیزبەکەی ئێمەش خەباتی هەیە، ئەو پۆستە بە مافی رەوای خۆمان دەزانین و بەرهەم ساڵح-یش بە کەسێکی شیاو دەزانین تا ببێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

بەڵام عەلی عەونی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی پێیوایە "ئەمەی یەکێتی دەیکات بازرگانیکردنە نەک سیاسەت". گوتیشی "خۆ ئێمە ژن بە ژن ناکەین، لەبەرامبەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارتی رەزامەند بووە بە پێدانی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ یەکێتی و رێککەوتنمان لەسەر ئەم بابەتە کردووە".

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی گوتی کە ئەوان وەک پارتی هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ لەدەستنەدانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گوتی "ناشمانەوێت پۆستی سەرۆکی حکومەت لەدەست بدەین، هەر هەوڵێکی لەم شێوەیە هەبێت وەک کودەتا وایە".

## کۆسرەت رەسوڵ نامەیان بۆ دەنێرێ

نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، هەر دوای کۆبوونەوەکەی جێگرانی سکرتێری گشتی و سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کۆسرەت رەسوڵ نامەیەکی ناردووە بۆ سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی "داوا دەکات رای خۆمان دەربڕین لەسەر درێژکردنەوە یان درێژنەکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسەلەی هەموارکردنەوەی دەستووریش یەکێکی دیکەیە لە داواکارییەکان".

نەرمین عوسمان گوتی کە هێشتا بڕیاری نەداوە چۆن وەڵامی نامەکەی کۆسرەت رەسوڵ بداتەوە "دەبێت بە وردی بیری لێبکەمەوە".

## "مام جەلال بڕیاری خۆی داوە"

حامیدی حاجی غالی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "ژێربەژێر کۆبوونەوەیەک کراوە، ئەگەر یەکێتی داوای پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا پێویستی بە کۆدەنگی سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەیە نەک لایەنێک".

حامید حاجی غالی، باس لەوەش دەکات کە بە سەرپەرشتی مام جەلال لە ساڵی 2013 مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکی کردووە و بڕیاری داوە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەموار بکرێت و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بکرێت. گوتیشی "بەپێی بڕیارەکەی مام جەلال بێت، دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان دەنگی پێبدرێ و دەستوورەکەش هەموار بکرێتەوە و دەبێت هەموو یەکێتییەک پابەندی بڕیارەکەی مام جەلال بێت".

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئەگەری پێشنیازێکی لەو شێوەیە لەلایەن یەکێتییەوە کە پۆستی سەرۆکی حکومەت لە بری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یەکێتی بدرێت، گوتی "پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، پۆستی سەرۆکی هەرێم ئیستحقاقی پارتییە، وەک چۆن سەرۆک کۆماری عێراق دراوە بە یەکێتی".

بەڵام تەلار لەتیف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کە یەکێتییە، پێیوایە بەستنەوەی پرسی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆک کۆماری عێراقەوە کارێکی نایاساییە و گوتیشی "ئەوەی پارتی باسی دەکات لەهەڵە تێگەیشتنی خۆیەتی، چونکە دوو هەڵبژاردن کراوە و پۆستی سەرۆک کۆمار کە لای یەکێتییە، پەیوەندی بە ژمارەی دەنگ و کورسییەکانییەوە هەیە و خێرو منەتی هیچ هێزێکی سیاسی نییە".

# ئەندامی لیژنەی دەستوور بەپێی ژمارەی کورسی پەرلەمان دەبێت



نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

ئەگەر هەموو حیزبەکانی باشووری کوردستان هیچ کێشە و بیروبۆچوونی جیاواز لە نێوانیان نەبێ لەبارەی شێوازی ئامادەکردنی دەستوور و سیستمی سیاسی، ئەوا هێشتا دەستبەکاربوونی لیژنەکە و ئامادەکردنی پرۆژەی هەمواری دەستوور و پەسەندکردنی و ئەنجامدانی راپرسی بۆی، نزیکەی 6 مانگی پێویستە و ئەندامانی لیژنەی یاسایی لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان دەڵێن "یاسای سەرۆکایەتی لەکاتی خۆیدا هەموار دەکەین".

دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدان، حیزبەکانی دیکەش هەڵوێستی فەرمی خۆیان راگەیاند. هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی هەڵوێستی فەرمی و کۆتایی حیزبەکەی راگەیاند و گوتی "لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیداین".

هەرچەندە یەکێتی بە شاندی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان گوتبوو هێشتا یەکلایی نەبووینەتەوە، بەڵام بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوێنێ یەکشەممە بە (رووداو)ی گوت "یەکێتی سیستمی پەرلەمانی دەوێ". ئێستا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان ماوە قسەی کۆتایی خۆی بکات.

بەهار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی یاسایی دەڵێ بەداخەوە "تاوەکو 8/19ی ئەمساڵ نابینە خاوەنی دەستوور"، چونکە وەک ئەو باسیکرد گفتوگۆکان لەو بارەیەوە ئەوەندە دواکەوتن، کات بەدەستەوە نەما "چارەسەر تەنیا ئەوەیە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کورستان هەموار بکرێتەوە تاوەکو ئەو کاتەی دەستوور ئامادە دەبێ".

بەڵام کاتێک دەستووری نوێ ئامادە نەکرابێ، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم چۆن هەموار دەکرێتەوە و دەسەڵاتەکانی چۆن تێدا رێکدەخرێتەوە؟ ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە بە کێشە نازانێ و دەڵێ مادام دەستوور دایکی یاساکانە "کاتێک دەستوور دەرکرا، هەموو یاساکان دەبێ ملکەچی دەستوور بن و لەگەڵ دەستوور رێکدەخرێن، دەبێ پێداچوونە بە ژمارەیەک یاسای دیکەشدا بکرێت تاوەکو لەگەڵ دەستوور بگونجێن".

ئێستا دەستوور و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕانی کەمتر کردووەتەوە. گۆران ئازاد، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز و ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە لەرووی رێوشوێنە یاساییەکانەوە شتەکان بەشێوەیەک رێدەکەن کە فریای چارەسەری سەرۆکی هەرێم ناکەوێ "ئەگەر کاک مەسعود دەیەوێ راپرسی بۆ بکرێ و خۆی هەڵبژێرێ، ئەوە دەبێ یاساکەی بۆ هەمواربکرێ".

ناوبراو گوتیشی، ئەگەر کاک مەسعود نایەوێ خۆی هەڵبژێرێتەوە "کەواتە دەبێ مانگی 6 ئەنجامدانی هەڵبژاردن رابگەیێنێ، ئەو دوو چارەسەرە لەبەردەستن بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە، پەرلەمانی کوردستان لیژنە 21 کەسییەکە پێکبهێنێ بۆ ئامادەکردنی دەستوور، هێشتا روون نییە ئەندامانی لیژنەکە چۆن پێکدەهێنرێن و لەماوەی چەند رۆژدا کارەکانی تەواو دەکات.

شوان شێخ ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی و ئەندامی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی لیژنەکە "دەبێ ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە بەرچاوبگیرێ، بەشێکی ئەندامانی لیژنەکە پەرلەمانتاربن و بەشێکیشیان پسپۆڕ و شارەزای یاسا بن". بەبڕوای ئەو گونجاوترین رێگا ئەوەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بکات "بەڵام دەبێ نوێنەری هەموو لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان لەو لیژنەیەدا هەبن".

پرۆژەی ئامادەکردنی دەستوور رۆژی 2014/12/10 پێشکێشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا و لە 2014/12/16 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. لەنێو ماددەیەکی ئەو پرۆژەیەدا هاتووە کە دەبێ لیژنەیەکی 21 ئەندامی بۆ ئامادەکردنی دەستوور پێکبهێنرێ و لەماوەی 90 رۆژدا کارەکانیان تەواو بکەن.

بەڵام گۆران ئازاد دەڵێ، ناکرێ 90 رۆژی لەبەردەم بێ، ئێمە ئەوکات 90 رۆژمان دانا "ئێستا کات کەمبووەتەوە و دەتوانین ماوەی 30 رۆژی بۆ دیاری بکەین". ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی لەبارەی ئەندامانی لیژنەکەوە گوتی دەکرێ حیزبەکانی ناو پەرلەمان ئەندامیان هەبێت و "حزبەکانی دەرەوەی پەرلەمانیش بە 10 حیزب نوێنەرێکیان هەبێت لە لیژنەکەدا".

گۆران ئازاد پێیوایە حیزبە بچووکەکان پێویست ناکات نیگەران بن، چونکە وەک ئەو دەڵێت لیژنەکە بە زۆرینە و کەمینە دەستوور ئامادە ناکات "ئەو لیژنەیە بەسازان کاردەکات، دواتر حیزبەکان پرۆژەکە دەخوێننەوە و هەر تێبینییەکیان هەبێ دەتوانن قسەی لەسەر بکەن".

ساڵی 2006 پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان ئامادە کرا، ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و شارەزایانی یاسا و مامۆستای زانکۆ ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون کە رەشنووسەکەیان ئامادەکرد، دواتر بەهۆی ناکۆکیی نێوان حیزبەکانەوە نەتوانرا بخرێتە دەنگدانەوە.

بەهار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێ "کورسی پەرلەمان دەبێتە مەرج بۆ ئەندامێتی لیژنەکە، بەڵام دەستوور رەهەندی سیاسی هەیە و لایەنەکانی تریش دەتوانن ئەندامیان هەبێ".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13

## 3 ترلیۆن دیناری حکومەت لە قەرزە



**ڕووداو — سلێمانی**

لەکاتی سەردانێکی پەرلەمانتارانی گۆڕان، عەلی حەمەساڵح و عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا، بۆ لای وەزیری دارایی. وەزیر پێیڕاگەیاندوون کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 3 ترلیۆن دیناری لای هاووڵاتیانە، کە لە ڕێگەی قەرزەکانی خانووبەرە، کشتوکاڵ، پیشەسازی و هاوسەرگیری پێیاندراوە. عەبدولڕەحمان عەلی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پێشنیازیان کردووە ئەو پارانەی مانگانە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بچێتە سندووقێکەوەو دووبارە وەک قەرز بدرێنەوە بە هاووڵاتییان و وەزیری داراییش هاوڕابوو لەگەڵیان.

# کوردستان ڕوودەکاتە چاندنی دانەوێڵە بەبێ کێڵان



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەئامانجی چارەسەرکردنی گرفتی چاندن لەو ناوچانەی بارانی کەمیان لێ دەبارێ و کەمکردنەوەی تێچووی چاندنی گەنم، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، کار بۆ سیستەمی چاندنی "بەبێ کێڵان" دەکات. بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە دەڵێت "سەرکەوتنی ئەم شێوازی چاندنە، گرفتی چاندنی گەنم لە ملیۆنێک دۆنم زەویی ناوچە کەمبارانەکان چارەسەر دەکات".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە 7 ساڵی ڕابردوودا، ڕووبەری چێنراوی گەنم لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە زیادی کردووە بۆ دوو ملیۆن و 660 هەزار دۆنم، ئەمەش کاریگەری لەسەر بڕی بەرهەم هەبووە، بە جۆرێک بڕی بەرهەم لەم ماوەیەدا لە 318 هەزار تۆنەوە زیادی کردووە بۆ 742 هەزار تۆن. بۆ ئەمساڵیش پێشبینی دەکرێت بڕی بەرهەم بگاتە 930 هەزار تۆن.

بەڵام لە ئەگەری هەر ساڵێکی کەمبارانی، نزیکەی ملیۆنێک دۆنم زەوی لەو ناوچانەی کە بارانی کەمیان لێ دەبارێت، تووشی گرفتی کەمیی بەرهەم و بەیار مانەوە دەبن.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر دەڵێت بیرۆکەی پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە لەلای ئێمە بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا و کەمیی ڕێژەی باران لە چەند ساڵی ڕابردوودا دروست بوو، بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی کە بارانیان کەمە، وەک ناوچەکانی قەراج، کەندێناوە، مەخموور و هەندێ ناوچەی گەرمیان.

لە سیستمی چاندنی کلاسیکدا، زەوی دووجار دەکێڵرێت، کێڵانی سەرەتایی کە پێیدەگوترێ (خەرتە) و بۆ لەناوبردنی گژوگیا و هەڵوەشاندنەوەی خاکە، کێڵانی کۆتاییش بۆ چاندنی دانەوێڵەیە، بەڵام لەم سیستەمە نوێیەدا زەوی یەکجار دەکێڵرێت.

بەبڕوای ئەو شارەزایەی بواری کشتوکاڵ، پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە لەو ناوچانەی کە بارانیان کەمە زۆر سەرکەوتووە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لەم سیستەمەدا تۆو و پەین تەنیا 3 تاوەکو 4 سەنتیمەتر دەچێتە ژێر زەوی، لە کاتێکدا لە سیستەمە کۆنەکە 10 بۆ 15 سەنتیمەتر دەخرێتە ژێر زەوی. کەواتە لە سیستەمە نوێیەکەدا کەمتر پێویستی بەئاوی باران دەبێت، جگە لە کەمکردنەوەی تێچووی چاندن".

### چاندنی بێ کێڵان چییە؟

کشتوکاڵی پارێزراو سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنانە، ئێستا بەسەدان ملیۆن هێکتار زەوی لە جیهاندا بەتایبەتی لە ئەمەریکا، ئوسترالیا، بەرازیل و کەنەدا بەم شێوازە دادەچێنرێن.

ئامانج لەپەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە، کەمکردنەوەی ڕادەی کارکردن و بڕی تێچووی چاندنە، ئەویش لەڕێی کەمکردنەوەی کێڵانی زەوی کە وردکردنی زەوی پێویست نییە و تۆو و پەین لەڕێی تۆدەری تایبەت بەبێ کێڵانی زەوی دەچێنرێت و لە قووڵایی 3 سەنتیمەتر جێگیر دەکرێت.

لەم سیستەمەدا چڵ و پووش و پاشماوە ڕووەکییەکانی وەرزی ڕابردوو لەسەر خاکەکە بەهۆی نەکێڵانەوە کەمتر هەڵدەگیرێت، بەم هۆیەشەوە سەرپۆشێک بۆ خاکەکە دروست دەبێت، دواجار ئەو چڵ و پووش و پاشماوانە دەڕزێن و خاکەکە بەپیت دەکەن و لە ڕامالینیش دەیپارێزن. هەروەها دەبێتە هۆی زیاتر ڕۆچوونی ئاوی باران بۆ ناو خاکەکە و بەهەڵمبوون لەسەر خاک کەم دەکاتەوە، ئەمەش وادەکات گەنمە چێنراوەکە کەمتر پێویستی بە ئاوی باران بێت.

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە جگە لەوەی تێچووی چاندن کەم دەکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا کەڵەکەبوونی چڵ و پووش و پاشماوە ڕووەکییەکان لەسەر خاکەکە، دەبێتە هۆی زیادبوونی ماددەی ئۆرگانی کە خاک بەپیت دەکات و پێویستی بە پەینی کەمترە بۆ گەشە".

### 10 ساڵە توێژینەوەی لەسەر دەکەن

تاقیکردنەوە کشتوکاڵییەکان لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەیشتن بەئەنجام 3 بۆ 5 ساڵیان پێویستە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر 10 ساڵە خەریکی توێژینەوەیە لەسەر سیستەمەکە، هێشتاش لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی نەدراوە.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت "ماوەی چەند ساڵێکە گەیشتووینەتە ئەنجام، بۆ جێبەجێکردنیشی لە ساڵی 2011 وەک تاقیکردنەوە 15 جوتیارمان لە ناوچە جیاوازەکانی پارێزگای هەولێر هەڵبژارد و لەسەر ڕووبەری 5 دۆنم سیستەمەکەمان پەیڕەو کرد، سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئامێری تایبەت بۆ چاندن، وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانیوە بەشێوەی فراوان لەنێو جوتیاران پەیڕەوی بکات".

### دوو هەنگاوی پێویستە

ئازوز ئەحمەد باسی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم سیستمی چاندنە دەکات و دەڵێت "جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە دوو هەنگاوی پێویستە، یەکەم دەبێ حکومەت سەرەتا هەندێ ئامێری چاندن بۆ جوتیاران دەستەبەر بکات، دووەمیش پێویستە لەڕێی کردنەوەی خول و ڕێنمایی کشتوکاڵی، هانی جوتیاران بدەین بۆ کارکردن بە سیستەمەکە".

پەیڕەوکردنی ئەم سیستمە ڕەنگە سەرەتا ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببێتەوە، چونکە وەکو ئازوز ئەحمەد دەڵێت، بە چوار ساڵ ئەنجامەکەی دەردەکەوێت، بۆیە ڕەنگە سەرەتا جوتیاران وەک پێویست پێشوازی لێنەکەن. سەرەتا بەرهەمەکەی وەک سیستەمە کۆنەکە زۆر نییە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات بەرهەمی زۆر زیاتر دەبێت لە سیستەمە کۆنەکە و تێچووشی زۆر کەم دەبێت.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لەکوردستاندا زیاتر لە ملیۆنێک دۆنم زەوی کشتوکاڵیمان لەناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و مەخموور و گەرمیان هەیە کە بارانیان کەمە، لەهەر ساڵێکی کەمبارانی، تووشی گرفتی کەمیی بەرهەم و بە بەیار مانەوە دەبنەوە، بۆیە تاقیکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لەم ناوچانە زۆر گرنگە".

گوتیشی "ئەگەر ئەم شێوازی چاندنە لەم ناوچانە سەرکەوتوو بێ، گرفتی چاندن لە ملیۆنێک دۆنم زەوی ناوچەکە نامێنێ و سوودی ئابووریی زۆریشی دەبێت".

### * سیستمی کۆنی چاندن

- زەوی دووجار دەکێڵدرێت
- دانەوێڵەکە 10 — 15 سانتیمەتر دەخرێتە ژێر خاک.
- گژوگیا و پووش و پەڵاش لەنێو دەبرێت
- پێویستی بە بارانی زۆرە بۆ ڕوان
- تێچووی چاندن زۆر لەسەر جوتیاران دەکەوێت

### * سیستمی نوێی چاندن

- زەوی یەکجار دەکێڵدرێت
- دانەوێڵەکە تەنیا 3 سانتیمەتر دەخرێتە ژێر خاک
- پووش و پەڵاشەکە لەنێو ناچێت و بەهۆی ڕزینییەوە زەوی بەپیت دەکات
- پێویستی بە بڕە بارانێکی کەمە بۆ ڕوان.
- تێچووی کەمترە
- بڕی بەرهەمی زۆرترە، بەڵام چاوەڕوانی گەرەکە.

# جوتیاران لە هاوردەکردنی شووتی تۆقیون





(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

عەلی قادر، جوتیارێکی دەشتی شەمامکی هەولێرە، هەر لە ئێستاوە زەندەقی لە شووتی هاوردە چووە و دەترسێت ئەمساڵیش بەهۆی ئەوە زیانێکی زۆری پێبگات و شووتیەکانی بە بڕکەکانیانەوە وشک بن، بۆیە داوا لە حکومەت دەکات هەر لە ئێستاوە سنوورێک بۆ هاوردەکردنی شووتی دابنێت بەتایبەتی لە وەرزی پێگەیشتنی شووتی.

ئەو جوتیارە، 7 ساڵە بە سیستمێکی مۆدێرن شووتی دەچێنێ و دەڵێت "بەرهەمی چاندنی شووتی بەشێوەی هاوچەرخ، هەرگیز بەراورد ناکرێ لەگەڵ بەرهەمی چاندنی شێوازی کلاسێک".

عەلی قادر، ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هاوبەشەکەی ڕووبەری 222 دۆنمی زەویەکەیان بەشووتی چاند و 5 هەزار تۆن شووتییان خستە بازاڕەوە. ئەمساڵیش لە 222 دۆنم زەویدا شووتی چاندووە، بەڵام لەئێستاوە خەمی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکەیەتی، چونکە دەڵێت "لە وەرزی بەرهەم نرخی شووتی بە ڕادەیەک دادەبەزێت، پارەی ڕنین و کرێی گواستنەوە بۆ گومرگ ناکات".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پێنج ساڵ لەمەوبەر جوتیارانی کوردستان تەنیا 22 هەزار تۆن شووتییان بەرهەمهێناوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەرهەمیان گەیشتووەتە 56 هەزار تۆن. ئەم زیادبوونە لەئاست پێویستیی ناوخۆدا نەبووە، چونکە لە کوردستان تەنیا لە وەرزی هاوین شووتی بەرهەم دێت و لە وەرزەکانی دیکە پشت بە بەرهەمی هاوردە دەبەسترێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 425 هەزار تۆن شووتی گەیشتووەتە بازاڕەکانی کوردستان، بەڵام تەنیا 211 هەزار و 631 تۆنیان بەرهەمی ناوخۆ بووە.

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی ڕەزگەری و دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت چاندنی شووتی لە کوردستان وەک پێشوو نەماوە کە بەشێوەی لاوەکی لەگەڵ بەرهەمی دیکە بچێنرێت، بەڵکو ئێستا شێوازی بازرگانی وەرگرتووە و جوتیاری وا هەیە 100 بۆ 200 دۆنم زەوی بەشێوەی هاوچەرخ و دانانی سیستەمی دڵۆپاندن دەچێنێ.

لەگەڵ ئەو خواستە زۆرەی لە کوردستان لەسەر بەرهەمی شووتی هەیە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پرۆژەیەکی بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی شووتی نییە.

حوسێن حەمە کەریم دەڵێت ئەوان زیاتر پرۆژەیان بۆ گەشەپێدانی بەروبوومە ستراتیژییەکان هەیە، بەشێوەیەکی گشتیش لە ڕێگەی دانانی ڕەسمی گومرگی و قەدەغەکردنی هاوردەی بەروبووم لەکاتی پێگەیشتن، کار بۆ پاراستنی بەروبوومەکانی دیکە دەکەن.

ناوبراو گوتی "مەرج نییە بۆ گەشەپێدانی هەموو بەروبوومێکی سەوزەو میوە پرۆژەمان هەبێت، چونکە هەندێ بەروبووم لەلایەن جوتیارانەوە ناسراون و بەرێژەی باش دەچێندرێن، بۆیە پێویستی بە گەشەپێدان نییە". بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆرترین بڕی بەرهەمی شووتی خۆماڵی لە پارێزگای هەولێرە و لەکۆی 211 هەزار تۆنی بەرهەمی ناوخۆ 81 هەزار تۆنی لەو پارێزگایە بەرهەم هاتووە.

لوقمان مستەفا، بەڕێوەبەری باخداریی هەولێر، دەڵێت " کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی زۆر لەبارە بۆ چاندنی شووتی، بۆ نموونە ناوچەکانی وەک شەمامک، کەڵەک، بەڕانەتی، دەشتی هەریر و باتاس زۆر لەبارن بۆ چاندنی شووتی. ئەگەر وەبەرهێنان لە بەرهەمی شووتی لەو ناوچانە بکرێت، دەتوانین ساڵانە بڕێکی باش شووتی هەنارده بکەین". گوتیشی "بەهۆی ئەو بودجە کەمەی ساڵانە بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی سەوزە و میوە دابین دەکرێت، ماوەی زیاتر لە 4 ساڵە، نەک هەر نەمانتوانیوە هیچ پرۆژەیەک بۆ گەشەپێدانی بەروبوومی شووتی بکەین، تەنانەت نەمانتوانیوە هیچ هاوکارییەکیش پێشکەشی ئەو جوتیارانە بکەین کە شووتی دەچێنن".

بۆئەوەی بەرهەمی شووتیی خۆماڵی لە نرخدا بتوانێ کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکات، لەساڵانی ڕابردوودا وەزارەتی کشتوکاڵ لە 6/15 تاوەکو 8/1 کە وەرزی پێگەیشتنی شووتیە، هاوردەکردنی ئەو میوەیەی قەدەغە دەکرد، بەڵام ئەمساڵ لەبری قەدەغەکردن، بڕیاری داوە بڕی 250 دینار ڕەسمی گومرگی بخاتە سەر هەر کیلۆیەکی شووتی هاوردە.

عەلی قادر پێیوایە دانانی ڕەسمی گومرگی و قەدەغەکردنی هاوردەکردنی شووتی لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی شتێکی باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە تەنیا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و لە 15 پارێزگاکەی دیکەی عێراق ڕێگە بە هاوردەکردنی دەدرێ، بەردەوام شووتی بە قاچاخ هاوردەی کوردستان دەکرێت و ئەم بڕیارە ئامانجی خۆی ناپێکێ.

عەلی قادر هیواداره ساڵی ڕابردوو بەچاوی خۆی نەبینێتەوە کە بەهۆی هەرزانبوونی شووتی، 1200 تۆن شووتی لە کێڵگەکەی هێشتەوە و نەیڕنی.

### بڕی شووتیی خۆماڵی و هاوردە لە 5 ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان

| جۆری شووتی | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| خۆماڵی / تۆن | 22.077 | 29.630 | 44.197 | 59.470 | 56.257 | 211.631 |
| هاوردە/ تۆن | 58.378 | 38.293 | 22.851 | 42.081 | 52.158 | 213.761 |
| کۆی گشتی | 80.455 | 67.923 | 67.048 | 101.551 | 108.415 | 425.392 |

### سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە و دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش لە دهۆک:

# هیچ کریستیانێک سکاڵای لەسەر داعش تۆمار نەکردووە

## 200 ئێزدی شایەتییان لەسەر تاوانەکانی داعش داوە و 300ی دیکەش چاوەڕێن

**یودیت نیورینک**
**رووداو- دهۆک**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە و دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەرامبەر بە کوردی ئێزدی لە ناوچەی شنگال و ناوچە کوردییەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دامەزراندووە.

"دەستەکە سوود لە هەوڵە هاوشێوەکانی کۆسۆڤۆ، رواندا و دارفۆر وەردەگرێت بۆ ئەوەی هەڵەی رابردوو دووبارە نەبنەوە". ئەمە قسەی دادوەر ئەیمەن مستەفایە کە لە مانگی ئەیلولەوە سەرۆکایەتی دەستەکەی لە شاری دهۆک پێ سپێردراوە.

ئەیمەن مستەفا، تەمەن 38 ساڵ، لێکۆڵینەوەی تاوانی لە بەریتانیا خوێندووە، هەروەها لە کۆریای باشوور دارشتنی یاسای گشتی خوێندووە. دوای 15 ساڵ وەکو لێکۆڵەری تاوانکاری، ئێستا ئەو دادوەری دادگای سەرەتایی دێرەلووکە.

ئەیمەن دەڵێت شاڵاوی ئەنفال، تاوەکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەکو جینۆساید نەناسێنراوە، ئەوەش بەهۆی ونبوونی هەندێک لە بەڵگەکان و هەڵەی ئێجرائاتەوە. بەڵام ئەمجارە، وەکو ئەو دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوەیە تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە ئێزدییەکان وەکو خۆیان بخرێنەڕوو".

مستەفا باسی کاری دەستەکەیان بۆ (رووداو) دەکات و دەڵێت "ئێمە کار لەسەر کۆکردنەوە و بە دۆکۆمێنتکردنی بەڵگەی ئەو تاوانانە دەکەین کە چەکدارانی داعش لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی لە شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری ئەنجامیان داوە".

ئەیمەن و تیمەکەی هەموو ئەو بەڵگانە کۆدەکەنەوە کە رەنگە لە ئایندەدا ببنە هۆکارێک بۆ بەجینۆسایدناسینی ئەو تاوانانەی داعش دژی ئێزدییەکان کردوونی، بەڵام ئەو ناتوانێت بڕیار بدات کە ئەو تاوانەی کراوە، جینۆسایدە "ئێمە دادگا نین، لەبەرئەوە بڕیار لەوە نادەین کە تاوانەکە جینۆسایدە یان نا. پشت بە وتەکانی قوربانیان و شایەتەکان دەبەستین".

تیمەکەی ئەیمەن بەردەوام گوێ لەو کەسانە دەگرن کە کەوتوونەتە دەستی داعش، ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە چۆن رفێندراون، دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان بەزۆر ئاینەکەیان پێ گۆڕیون. ئەیمەن دەڵێت "وتەی شایەتحاڵەکان زۆر بە وردی تۆمار دەکەین".

قوربانییەکە فایلێک پڕ دەکاتەوە. ئەگەر پێویستیان بە پشکنینی پزیشکی بێت، دەیاننێرن بۆ نەخۆشخانە. هەروەها تیمێکی شارەزای دەروونی هەیە کە دادەنیشن و گوێ لە چیرۆکەکانی قوربانیان دەگرن، ئەگەر پێیان باش بێت ئەوا داوای چارەسەری پزیشکی زیاتر بۆ قوربانییەکە دەکەن. دواتر تیمێکی پسپۆڕی دەروونی لە نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک بەدواداچوونی زیاتر بۆ تەندروستیی قوربانییەکە دەکەن. ئەیمەن مستەفا دەڵێت "راپۆرتە پزیشکی و دەروونییەکان هەموویان دەکرێ لە داهاتوودا وەکو بەڵگە بەکاربهێنرێن".

دادوەر مستەفا ژمارەی ئەو قوربانیانەی ئاشکرا نەکرد کە وتەیان لێوەرگرتوون، بەبیانووی ئەوەی بابەتەکە هەستیارە و بە نهێنی کارەکانیان دەکەن. بەڵام گوتی "دەتوانین بڵێین زیاتر لە 200 کەسمان هەیە کە هەموو ئێجرائاتەکانیان تەواو کردووە. هەروەها نزیکەی 300 کەسمان هەیە کە لە لیستی چاوەڕوانیدان، ئێمە کارەکانمان لەسەرخۆ دەکەین بۆ ئەوەی هیچ وردەکارییەکی تاوانەکان بەجێنەهێڵین".

ئەم دەستەیە هیچ سیستم و میتۆدێکی تایبەت بە خۆیان نییە بۆ کارکردن. سەرۆکی دەستەکە دەڵێت "ئێمە سوود لە ئەزموونەکانی رواندا و کۆسۆڤۆ و دارفۆر، ئەو شوێنانەی کە جینۆسایدیان تێدا رووداوە، وەردەگرین. هەندێک لەو کارانەی کە لەو شوێنانەدا دەرکەوت بە سوود بوون، لێرە ئێمە بەکاریان دێنین".

دەستە لۆکاڵییەکەی ئەیمەن مستەفا، سەر بە دەستەی باڵای دەستنیشانکردنی تاوانەکانی جینۆسایدە لە هەولێر کە لەلایەن مەحموود ساڵح، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڕێوەدەبرێت. مانگانەش راپۆرتی خۆیان بۆ ئەوان دەنێرن.

ئەم دەستەیە تواناکانی سنووردارن و کاریان زۆرتر کۆکردنەوەی زانیارییە. ئەیمەن مستەفا نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "مانگی رابردوو، زانیاریمان لەسەر چەند شوێنێک هەبوو کە رەنگە گۆڕی بەکۆمەڵ بن. لەبەرئەوەی دەستەکەی ئێمە تیمی شارەزا و پێداویستی هەڵکۆڵینی نییە، وەزارەت تیمی شارەزای خۆی نارده شوێنەکە. ئێستا دەیەها رووفاتی قوربانیمان لەو شوێنەدا هەیە. لەوێ دەردەهێنرێن و دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەی ئازادی تا پشکنینی (دی ئێن ئەی)یان بۆ بکرێ".

کاری دەستەکەی دهۆک کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ دەستەی باڵا. ئەوان (دەستەی باڵا) هەوڵ دەدەن پەیوەندی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بکەن و بەڵگەکانیان نیشان بدەن".

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو بەڵگانە بۆ کردنەوەی دۆسیەیەک لە دادگای لاهای، ئەیمەن مستەفا گوتی "ئەوە دەکەوێتە سەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوان دەتوانن کەیسەکە رەوانەی دادگای لاهای بکەن".

کارەکانی دەستەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و بە دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش، تەنیا قوربانیانی ئێزدی ناگرێتەوە. وەک ئەیمەن مستەفا گوتی "کریستیانەکانیش دەڵێن جینۆساید کراون. دەستەکەی ئێمە لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە کە لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا روویانداوە، ئەوە کریستیانەکانیش دەگرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کریستیانێک سەردانی دەستەکەی ئێمەی نەکردووە و سکاڵای لای ئێمە تۆمارنەکردووە".

ئەو دادوەرە سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەوەی کە بۆچی هیچ مەسیحییەک تاوەکو ئێستا سکاڵای تۆمار نەکردووە، لە کاتێکدا دەرگای دەستەکەی ئەوان بۆ هەموو قوربانیانی دەستی داعش کراوەیە.

ئەو دادوەرە هەر خۆی هۆکاری ئەمە روووندەکاتەوە و دەڵێت "لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشەویست و ئازیزەکانیان لەسەر دەستی داعش لە دەستداوە، قورسایی تاوانەکانی دژ بە کریستیانەکان هێندەی قورسایی ئەو تاوانانە نییە کە لەبەرامبەر ئێزدییەکان کرا، ئەوان هەلی ئەوەیان پێدرابوو کە ماڵ و حاڵیان بپێچنەوە و لە ناوچەکە دەربچن و بچنە شوێنێکی ئارام. بەڵام ئێزدییەکان ئەوەیان نەبوو. ئێزدییەکان لەلایەن داعش و گوندنشینە عەرەبەکانەوە خەڵەتێنران و پێیانگوترابوو کە ترسیان نەبێت، داعش تەنیا دژی پێشمەرگەیە".

ئەم دەستەیە ناچێت بەلای رۆڵی تاوانکارانەوە، وەک ئەیمەن مستەفا گوتی "تەرکیزی ئێمە لەسەر تاوانبارەکان نییە. ئەگەر تەرکیزی ئێمە لەسەر تاوانبار بێت، ئەوا دەبێت فەرمانی گرتن دەربکەین و تاوانبار بخەینە زیندان و بیاننێرین بۆ دادگا، بەڵام ئەمە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە وەکو دەستەی لێکۆڵینەوە. بەپێی یاسای رۆم، دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان ناتوانێت لێکۆڵینەوە لە هیچ تاوانێک بکات، ئەگەر پێشتر لەلایەن دەستەیەکی ناوخۆییەوە لێکۆڵینەوەی لێکرابێت".



---

# بەڵگەی تاوانەکانی داعش دەدرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی

**رووداو- سلێمانی**

دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ جوڵاندنی دۆسیەی کۆمەڵکوژکردنی کوردی ئێزدی و ئەو تاوانانەی چەکدارانی داعش لە عێراق کردوونی، هاوتنە سەر هێڵ.

ئەو دۆسیانەی تایبەتن بە تاوانەکانی چەکدارانی داعش لە کوردستان و عێراق، کاتێک بەرەوپێشچوونیان بەخۆوە بینی کە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان، لە مانگی ئاداری رابردوودا سەردانی ئیتاڵیا و هۆڵەندایان کرد و دواتریش نوێنەری کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد.

دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا، د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە (روووداو)ی گوت "دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەردەوام لە رێگەی ئیمەیلەوە لە پەیوەندیدان بە پەرلەمانی کوردستانەوە".

گوتیشی "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵگەی زۆرتر و بەهێزتری پێویستە بۆ ئەوەی دۆسییەکە باشتر و خێراتر لەنێو دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بچێتە پێشەوە".

پێشتر کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کردبوو کە تاوانەکانی داعش رادەستی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بکرێ،



گۆڕێکی بە کۆمەڵی ئێزیدیان
(فۆتۆ: AFP)

پاش ئەوەی شاندێکی ئەو کۆمیسیۆنە هاتنە عێراق و لەنزیکەوە چاویان بە سەدان بەڵگەنامە کەوت کە تاوانەکانی ئەو تاقمە دەسەلمێنن.

کورد هەریەک لە تاوانی کۆمەڵکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفالی رادەستی دادگایەکی نێوخۆیی کرد، بەبڕوای شارەزایەکی بواری یاسا و دادگای نێودەوڵەتی "دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دۆسیەی هەڵەبجە و ئەنفال وەرناگرێ، مادام لەلایەن دادگای تاوانەکانی عێراقەوە کاری لەسەر کراوە".

د.فرسەت سۆفی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، باسی دەستووری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکات و دەڵێ "دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەر دۆسێیەک درابێتە دادگایەکی نێوخۆیی وەریناگرێ، بەڵام کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و تاوانەکانی دیکەی داعش لە کوردستان، مادام نەدراونەتە هیچ دادگایەکی نێوخۆیی، بێگومان کاری لەسەر دەکەن". گوتیشی کورد کارێکی باشی کرد کە ئەو دۆسیانەی بردە دادگای نێودەوڵەتی و نەیبردنە دادگاکانی عێراق".

دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری مووسڵ، چەکدارانی داعش پەلاماری کوردستانیان دا و دوای داگیرکردنی شنگال، ئێزدییەکان رووبەڕووی هەڵمەتێکی بەکۆمەڵ لەنێوبردن و ناچارکردن بە گۆڕینی ئاین کران، زیاتر لە 4 هەزار ژن و کچی ئێزدی برانە مووسڵ و رەققە و زۆربەشیان کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا. ئەمە جگە لە وێرانکردنی شوێنە ئاینییەکانی ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئاینیانەی لە ناوچەکە دەژین.

وەفدەکەی پەرلەمانی کوردستان لەو سەردانەدا بە فەرمی سکاڵایەکی یاسایی دژی تاوانەکانی چەکدارانی داعش لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان تۆمارکردبوو، بەدوای ئەوەشدا ژمارەیەک بەڵگەنامە پێشکێشکران و هێشتاش بەڵگەنامەی دیکە لەسەر ئەو تاوانانە کۆدەکرێنەوە.

پاش دەستپێکردنی ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییە بۆ بەدادگا گەیاندنی سەرانی داعش لەپای ئەو تاوانانەی ئەنجامیانداون، کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە رەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی جموجوڵی سەرانی ئەو رێکخراوە سنووردار دەکات و دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و راگرتنی ئەو کۆمەکانەی کە رەنگە لە وڵاتانێکەوە بەدەستیان بگات.

بەگوێرەی دوایین زانیاری لەبارەی ئەو تاوانانە کە رۆژنامەی (دەیلی ئێکسپرێس)ی بەریتانی رۆژی هەینیی رابردوو بڵاویکردەوە، چەکدارانی داعش دەستدرێژییان کردووەتە سەر هەندێ کچی ئێزدی کە تەمەنیان تەنیا 9 ساڵە. رۆژنامەکە لەزاری کارمەندانی فریاگوزاریی نێودەوڵەتییەوە لە یەکێک لە کەمپەکانی پەنابەران بڵاویکردەوە کە یەکێک لەو کچانە ئێستا سکی پڕە پاش ئەوەی لەلایەن نزیکەی 10 چەکداری داعشەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی مانگی ئابی رابردوودا سوپاکەی داعش قەزای شنگالیان داگیرکرد.

رووداو
هونەری
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13



## هەڵکەوت زاهیر: چاوەڕێی سوپرایز بن

**ڕێکەوت سەلام / رووداو – هەولێر**

ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر سەرقاڵی کارکردنە لەگەڵ دوو کچ و دەڵێت چاوەڕێی سوپرایز بن لەم دوو کچە. هەڵکەوت زاهیر لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت "دوای ئەوەی بەرهەمێکم بۆ پێشمەرگە بە دەنگی کچە گۆرانیبێژی فارس نەدا بڵاوکردەوە، ئێستا خەریکی کارێکی تازەم بۆ ئەو هونەرمەندە بەناوی (ئەوینی قەدەر)". هەڵکەوت زاهیر ئاشکرای کرد کە جگە لە کارکردن بۆ ئەو گۆرانیبێژە فارسە، کار بۆ کچە گۆرانیبێژێکی دیکەی کورد دەکات. گوتیشی "ئەو کچە ناوی مەهاباد دۆسکییە و پێشتریش بەرهەمی هەبووە، ئێستا خەریکم گۆرانییەکی سینگڵی بۆ تۆمار دەکەم".

# شێوەکارانی کورد دەبنە شوفێری تاکسی

**ڕێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

پێدەچێت بێ نازترین تابلۆ، تابلۆکانی شێوەکارانی کورد بن کە بازاڕێکی ساردوسڕیان هەیە و تاوەکو ئێستا گرانترین تابلۆ کە لەو بازاڕەدا فرۆشرابێ نرخەکەی 13 هەزار دۆلار بووە.

لە کوردستان چەندین گەلەری تایبەت بە نمایش و فرۆشتنی تابلۆی شێوەکاران هەن، بەڵام سەرپەرشتیارانی ئەو گەلەریانە دەڵێن کەم کەس لە نرخی تابلۆ تێدەگەن، بۆیە فرۆشیشیان کەمە. شێوەکارێک دەڵێت پێشتر بەرپرسان تابلۆیان دەکڕی، بەڵام ئێستا ئەوانیش بەبیانووی ئەوەی ماڵەکەیان پڕ بووە لە تابلۆ، نایکڕن.

هاوکار رسکن کە گەلەری شانەدەر لە پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر بەڕێوەدەبات، لەوێ تابلۆی چەندین هونەرمەندی نمایش کردووە بۆ فرۆشتن کە نرخەکانیان لە نێوان 20 دۆلار تاوەکو 150 هەزار دۆلارە.

هاوکار دەڵێت "زۆر تابلۆمان فرۆشتووە. گرانترینیان نرخەکەی گەیشتووەتە 7 هەزار دۆلار کە تابلۆی شێوەکار بەیان عەبدوڵڵا بوو، ئەویش کەسێکی بیانی کڕی".

لە مێژووی هونەری شێوەکاریی کورددا چەندین ناوی دیار هەن کە هەندێکیان تاوەکو ئێستا لە کارەکانیان بەردەوامن و هەندێکیشیان لە ژیاندا نەماون، لەوانەش محەممەد عارف، ئازاد شەوقی، سەروەت سەوز، رۆستەم ئاغالە، ئیسماعیل خەیات و رێبوار سەعید و چەندین شێوەکاری دیکە. شێوەکاران دەڵێن ئەوان هیچیان لە شێوەکارانی جیهان کەمتر نییە، بەڵام لە نێو میللەتێکن کە قەدری کارەکانیان نازانن.

هاوکار کە لە نزیکەوە ئاگاداری ژیان و کاری زۆر لە شێوەکارانی کوردە دەڵێت "هونەرمەندی شێوەکار هەیە ئێستا شوفێری تەکسییە، هونەرمەندیش هەیە بە هونەرەکەی خۆی دەژی، بەڵام دەگمەنن".

هاوکار باسی تێڕوانینی گەشتیاران دەکات بۆ ئەو تابلۆیانەی نمایشیان کردوون و دەڵێت "بەداخەوە خەڵکی ئێمە هیچ تێڕوانینێکی هونەرییان نییە بۆ تابلۆ، کاتێک دەبینن لەسەر تابلۆیەک نووسراوە 20 هەزار دۆلار نرخەکەیەتی، دەڵێن جا ئەوە چییە ئەم هەموو پارەیەی پێبدەی".

هاوکار دەڵێ نەک خەڵک تەنانەت حکومەتیش هیچ رێزێک بۆ کاری شێوەکاران دانانێ "زۆر لە فەرمانگەکان تابلۆیان هەڵواسیوە، بەڵام ئەم تابلۆیانە هیچیان خۆماڵی نین و دەچن تابلۆی شێوەکارانی بیانی دەکڕن".

گرانترین تابلۆی هونەری، تابلۆی "یاریزانانی کاغەز"ی شێوەکار پۆڵ سیزانە کە لەنێوان ساڵانی 1892 – 1893 کێشاویەتی. ئەم تابلۆیە لە ساڵی 2011 بە نزیکەی 300 ملیۆن دۆلار فرۆشراوە و کڕیارەکەشی بنەماڵەی میری قەتەر بوون.

### تابلۆکانی بە 1000 دۆلارن

ئیسماعیل خەیات، شێوەکارێکی دیاری کوردە و نزیکەی 50 ساڵە بە شێوەکارییەوە سەرقاڵە، ئەو پێیوایە ساڵانی هەشتاکان سەردەمی زێڕین بووە بۆ شێوەکارانی کورد. ئەو دەڵێت "ئەوکات من رێبازێکی تایبەت بەخۆم هەبوو بۆ وێنەکێشان، زۆربەی تابلۆکانم رەش و سپی بوون".

سەبارەت بە تێگەیشتنی خەڵک لە تابلۆکانی، خەیات دەڵێت "تێگەیشتنی خەڵک بۆ تابلۆکانی ئێمە زۆر تێگەیشتنێکی سەرەتاییە، بۆ نموونە من تابلۆم کێشاوە رووت بووە، بەڵام خەڵک لێی حاڵی نەبووە".

ئیسماعیل خەبات تابلۆکانی لە پێشانگاکان دەفرۆشێت، بەڵام تابلۆکانی نایژێنن. خەیات گوتی "گرانترین تابلۆی من بە 1000 دۆلار فرۆشراوە، چونکە ئەم تابلۆیانەی من دەیانکێشم لەسەر کاخەزە و قەبارەشی بچووکە". گوتیشی "هونەرمەند ناتوانێت بە پارەی تابلۆکانی خۆی بژێنێ، تەنیا دەتوانێت چەند پێداویستییەکی کاری هونەری پێ بکڕێت".

لە کوردستان چەندین گەلەری تایبەت بە نمایشی تابلۆی شێوەکاران هەن و خەیات خۆیشی گەلەرییەکی هەیە. بەڵام ئەو دەڵێت "ئەم گەلەریانەی لە کوردستان هەن، هیچ خزمەت بە شێوەکاران ناکەن و تەنیا بۆ ناو کراونەتەوە".

رێبوار سەعید، شێوەکارێکی شاری سلێمانییە، لە هەمانکاتدا مامۆستای بەشی شێوەکارییە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان. ئەو پێیوایە سەردەمە زێڕینەکەی هونەری شێوەکاری کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو بوو، بەهۆی سەرقاڵیی خەڵکەوە نەماوە، هەروەها میدیاش وەکو پێویست گرنگی بەم لایەنەی هونەر نادات.

رێبوار سەعید کە خاوەنی چەندین تابلۆیە، یەکێک لە تابلۆکانی بە 2000 دۆلار فرۆشراوە. رێبوار دەڵێت بەرپرسانی ئەم بوارە لە حکومەت کەمتەرخەمن و کارێکی وایان نەکردووە کە گرنگی بە کاری شێوەکاران بدرێت. ئەو نموونە بە شارەکانی جیهان دێنێتەوەو دەڵێت "شارێکی وەک ئەمستەردام 60 مۆزەخانەی تێدایە، ئیستانبوڵ 50 مۆزەخانەی تێدایە، بەڵام لە سلێمانی کە پایتەختی رۆشنبیرییە یەک مۆزەخانەی تێدانییە بۆ هونەری هاوچەرخ بێت، یەک گەلەری پرۆفیشناڵی تێدا نییە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

لە کوردستان چەندین پەیمانگە و کۆلێژی هونەری هەن کە سەرجەمیان بەشی شێوەکارییان تێدایە و ساڵانە چەندین قوتابی لەم بەشانە دەردەچن. سەبارەت بە ئاستی قوتابیانی بەشی شێوەکاری. رێبوار سەعید دەڵێت "ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو قوتابییە کە ئایا بڕیاری داوە ببێتە هونەرمەند، من زۆرجار بە قوتابییەکانم دەڵێم دەتوانیت ببیتە هونەرمەند و دەشتوانی ببیتە وێنەکێش، وێنەکێشان ئاسانە، بەڵام هونەرمەند تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کەسێتی دەوێت و قووڵبوونەوەی دەوێت. من چەند قوتابییەکم بە عەشقەوە کار دەکەن و دەیانبینم زۆر جدین لەسەر کارەکانیان".

### خاوەنی گرانترین تابلۆ

رۆستەم ئاغالە، شێوەکارێکی شاری کۆیەیە، خاوەنی گەلەری ئاغالەیە لە شاری کۆیە. ئەو باسی سەردەمی زێڕینی شێوەکارانی کورد دەکات و دەڵێت "ئێستا بەهیچ شێوەیەک سەردەمی زێڕین نییە، چونکە ئەگەر لە ئەزموونی خۆمەوە سەیر بکەم، لە سەرەتای نەوەتەکان بۆ 2003 هەندێ لە بەرپرسان لە شێوەکاران زۆر نزیک بوونەوە و تابلۆی شێوەکارانیان دەکڕی، بەڵام لە دوای 2003 ئەم پەیوەندییە نەما بە بیانووی ئەوەی ماڵەکانیان پڕ بووە لە تابلۆ و چیدی ناتوانن تابلۆ بکڕن".

ئاغالە رەخنە لە بەرپرسان دەگرێت و دەڵێت "ئەگەر مزگەوتێک دروست بکەی، یان پرۆژەیەکی نا هونەریت هەبێت، زۆر بەرپرس پشتگیریت دەکەن، بەڵام بۆ نموونە من مۆزەخانەیەکم لە کۆیە دروست کرد، ئەوەی داوای هاوکاریم لێکرد قەت لەو باوەڕەدا نەبووم هاوکاریم نەکات، بەڵام ئەوەی داوام لێنەکرد، هاوکاریی کردم".



تابلۆیەکی رۆستەم ئاغالە

رۆستەم ئاغالە سەبارەت بە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانیش دەڵێت "ببوورە شتێک نییە بە ناوی سەندیکای هونەرمەندان، بەبڕوای من رەنگە سەندیکای شوفێران زۆر باشتر بێت لەوان".


بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) بۆ ئەو تابلۆیانەی فرۆشراون، گرانترین تابلۆی شێوەکارەکانی کوردستان تاوەکو ئێستا فرۆشرابێ، تابلۆیەکی رۆستەم ئاغالەیە.

ئاغالە گوتی "ئەو تابلۆیەم بە 13 هەزار دۆلار بە سەرمایەدارێکی کورد فرۆشت".

ئاغالە زۆرتر گرنگی بە تابلۆی تەعبیری دەدات و بە پلە یەکیش کار لەسەر ژن و کەر دەکات. ئاغالە دەڵێت "کارەکانی من زۆرتر چوونەتە قاڵبی هونەری بەرگری".

## رانیا فەواز، نمایشکاری بەناوبانگی عێراقی بۆ (رووداو):

# جلوبەرگەکانی کیم کارداشیانم لە دوبەی نمایش کرد



رانیا فەواز، ناوێکی نوێی جیهانی نمایشکردنی جلوبەرگە و وەکو "بچووکترین خانمە نمایشکار"ی عەرەبی دەناسرێ کە کاری نمایشی جلوبەرگی بۆ دەیان مارکەی جیهانی کردووە. ناودارترین ئەو جلوبەرگانەی کە نمایشی کردوون، جلوبەرگی مارکەی کارداشیانە و دەڵێت ئەو جلانەی لە هەفتەی نمایشی دوبەی لەبەرم کردن لەلایەن خودی کیم کارداشیانەوە دیزاین کرابوون.

رانیا تەمەنی 18 ساڵە و لە شاری کۆپنهاگن-ی دانیمارک لەدایکبووە، باوکی بەهۆی کاری بازرگانی و دیزاینی جلوبەرگەوە ماوەی 15 ساڵە لە شاری دوبەی دەژی. ئەمیش چەند ساڵێکە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و کارکردن لە بواری دیزاین و نمایشکردنی جلوبەرگ، رووی لە شاری دوبەی کردووە. رانیا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرای کرد کە پرۆژەیەکی گەورەی نمایشکردنی جلوبەرگی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش بەنیازبوو ساڵی رابردوو سەردانی هەولێر بکات، بەڵام پرۆژەکە دواخرا.

**دەریاز یونس**
**رووداو-هەولێر**

**رووداو: تۆ ناسناوی بچووکترین نمایشکاری عەرەبیت پێبەخشراوە، کەی دەستت بە نمایشکردنی جلوبەرگ و دیزاین کرد؟**

**رانیا فەواز:** من هەر لە منداڵییەوە خەونم بە دیزاین و نمایشکردنی جلوبەرگەوە دەبینی، لە دانیمارک لە زۆر چالاکی قوتابخانە بەشداریم کرد، ئێستا خۆشحاڵم کە خەونەکەم خەریکە دەبێتە راستی، من تەمەنم تەنیا 18 ساڵە، بۆیە ناسناوی بچووکترین نمایشکاری عەرەبی و عێراقیم پێبەخشراوە.

**رووداو: بەشێکی زۆری نمایشکارە تورک و فارس و عەرەبەکان لە دوبەی دەژین، تۆ بە رەچەڵەک عێراقیت و لە دانیمارک لەدایک بوویت، بۆچی ئێستا لە دوبەی دەژی؟**

**رانیا فەواز:** من باوکم لێرە دیزاینەریکی بەناوبانگی جلوبەرگە و خاوەنی گەورەترین براندی جیهانییە لە دوبەی. ماوەی زیاتر لە 15 ساڵە لە دوبەی کاری بازرگانی و دیزاین و نمایشکاری جلوبەرگ دەکات، دوبەی وەکو نیویۆرکی عەرەبی وایە بۆ بەدیهێنانی خەونەکان، من هاتووم لێرە خەونەکانم بکەمە راستی و لەم کارەشمدا سەرکەوتنم بەدەستهێناوە.

**رووداو: دڵتەنگ نابیت کاتێک پێتدەگوترێ بچووکترین نمایشکاری جلوبەرگ؟**

**رانیا فەواز:** بێگومان نەخێر، بەپێچەوانەوە من شانازی بەو ناسناوەمەوە دەکەم.

**رووداو: مانگی رابردوو دوای دەیان ساڵ، یەکەمین نمایشکردنی جلوبەرگ لە بەغدای پایتەختی عێراق بەڕێوەچوو، تۆ وەکو کچێکی عێراقی بۆچی لەم نمایشەدا ئامادە نەبوویت؟**

**رانیا فەواز:** من بانگهێشت نەکرابووم بۆ ئەو نمایشە و ئاگاداریشی نەبووم، تەنیا لە میدیاکان ئەو بابەتەم خوێندەوە، دڵخۆشم و هیوادارم بەغداش وەکو پایتەختێکی سەردەمیانە گرنگی بە نمایشی جلوبەرگ بدات.

**رووداو: لە ساڵانی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە شاری هەولێر چەند نمایشێکی جلوبەرگ ئەنجامدران و چەندین نمایشکاری بیانیش ئامادەبوون، ئێوە ئاگاداری ئەو پرۆژەیە نەبوون؟**

**رانیا فەواز:** بەڕاستی نەخێر، ئاگاداری ئەوە نەبوومە، بەڵام پرۆژەیەکی زۆر گەورەی نمایشکردنی جلوبەرگ لە هەولێر هەبوو، منیش بانگهێشت کرابووم و تەواو خۆم ئامادەکردبوو، بەڵام پرۆژەکە دواخرا، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانم.

**رووداو: ئێستا قەیرانی دارایی و جەنگی رووبەڕووبوونەوەی داعش لە ئارادایە، پێتوایە ئەمە هۆکار بێت؟ کەی بوو پرۆژەکە؟**

**رانیا فەواز:** رەنگە وابێت، بەڕاستی زۆر ئاگادار نیم، پرۆژەکە بڕیار بوو لە کۆتایی ساڵی 2014 بکرێ، بەڵام نەکرا و بەڕێوەبەرایەتی ئەو لایەنەی ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵی کردبوو پێی راگەیاندین کە پرۆژەکە دواخراوە.

**رووداو: شانازی بەکام لە نمایشەکانت دەکەی؟**

**رانیا فەواز:** بە زۆربەیان، بەڵام بە تایبەتی هەفتەی نمایشی دوبەی کە لەماوەی رابردوو بەڕێوەچوو، ئەو جلانەی من لە هەفتەی نمایشی دوبەی لەبەرم کردن لەلایەن خودی کیم کارداشیانەوە دیزاین کرابوون.

پرۆژەیەکی گەورەی نمایشکردنی جلوبەرگم هەبوو لە هەولێر، بەڵام دواخرا

باوکم خاوەنی گەورەترین براندی دیزاینی جلوبەرگە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شانازی بە ناسناوی بچووکترین نمایشکاری عێراقی و عەرەبی دەکەم

دوبەی نیویۆرکی عەرەبییە و شوێنی بەدیهێنانی خەونەکانە



## دەگەڕێتەوە بۆ ئەلەزیز



**ڕووداو- کارڵستاد**

سیاسەتمەدارێکی کورد لە سوێد بڕیار دەدات بگەڕێتەوە باکووری کوردستان و خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بەربژێر بکات. ئۆرهان دەمیربەگ، لەسەرەتای نەوەتەکان سەرۆکی پارتی ڕەنجی گەل (hep) بووە لە شاری ئەلەزیز لەباکووری کوردستان، بەڵام لە ساڵی 1993 تورکیا جێدێڵێت و ڕوودەکاتە سوێد و لە شاری کارلستاد نیشتەجێ دەبێ. ئۆرهان چەند ساڵێک لە سوێد وەکو مامۆستایەک زمانی کوردی دەڵێتەوە، پاشان ڕوو لەکاری بازرگانی دەکات. ئێستا ئۆرهان بڕیاری داوە بگەڕێتەوە باکووری کوردستان و لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان لە ئەلەزیز خۆی بەربژێر بکات.

# کوردی فینلاند گرنگی بە هەڵبژاردنی پەرلەمان نادەن

### کوردێکی فینلاند: نەدەزانم هەڵبژاردن هەیە و نە کێشەی منیشە

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هلسنکی**

پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە فینلاند لە 8ی مانگەوە دەستیپێکردووە و هەڵبژاردنی گشتیش بۆ پەرلەمانی ئەم وڵاتە ڕۆژی 19ی مانگ دەستپێدەکات، بەڵام بەربژێرانی کورد جۆرێک لە بێ هیواییان پێوە دیارە و دەڵێن کوردی ئەم وڵاتە گرنگی بەم هەڵبژاردنە نادەن و وادەزانن ئێرەش کوردستانە.

ئیدۆسکۆنتا کە بە زمانی فینلاندی واتە پەرلەمان، ساڵی 1907 دامەزراوە، یەکەم پەرلەمانی ئەورووپایە مافی خۆکاندیدکردنی بە ژنان داوە، لە یەکەم هەڵبژاردنیشدا 19 ژن بوونەتە ئەندامی پەرلەمان. ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان 200 کەسن، ئێستا لە 14 حیزبی ئەم وڵاتە، هەشتیان نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە. پارتی کۆکۆمۆس کە پارتێکی موحافیزکارە لەگەڵ سۆسیال دیموکرات حکومەتیان پێکهێنا، هەریەک لە ژینگە و چەپیش بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام دواتر ژینگە و چەپ کشانەوە.

ئەگەرچی خەڵکی فینلاند بە نەرم و نیان ناسراون و تێکەڵیشیان لەگەڵ بیانییەکان لەچاو وڵاتانی دیکە زیاترە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ هەڵمەتی پارتە دژە بێگانەکان و فراوانتر دەبێت.

بەربژێرە بیانییەکان کار لەسەر هەژاران و کولتووری پێکەوەژیان دەکەن، ڕەسەنەکانیش باس لە تەمبەڵی و بێ سیستمی بیانییەکان دەکەن و دەڵێن خۆدزینەوەی ئەوان لە باج و کارکردن و منداڵی زۆر، مەترسین بۆ سەر فینلاند.

ناوەڕۆکی هەڵمەتی پارتی (فینلاندە ڕەسەنەکان) کە وەک پارتێکی ڕەگەزپەرستی فینلاندی ناسراوە، بریتییە لە دژایەتی بیانی لە وڵاتەکەیان.

پاوروس هنری، بەربژێرێکی ئەو پارتە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە دژی هیچ مرۆڤێک نین، بەڵام زۆربەی بیانییەکانی فینلاند لە سیستم دەرچوون، ئەمەش مەترسییە بۆ سەر فینلاند، بۆیە دەبێت بڕۆن، یان خۆیان لەگەڵ سیستمی ئەم وڵاتە بگونجێنن". هنری کە لەبەردەم یەکێک لە کەمپەینی پارتەکەیان وەستابوو، گوتیشی "ئەوان منداڵێکی زۆر دروست دەکەن و کار ناکەن، بەهۆی وەرگرتنی هاوکاری کاری ڕەش دەکەن و بیتزا بەهەرزان دەفرۆشن، ئیدی کەس لە فینلاندییەکانی ناکڕێت".

بەڵام نزار کوێستانی، کە بەربژێرێکی کوردە لەسەر لیستی پارتی چەپ لە شاری تۆرکۆ، دەڵێت "ئەگەر بیانییەکان نەبن و هەموو خەڵک وەک فینلاندە ڕەسەنەکان بیر بکەنەوە، فینلاند تەمەنێکی زۆر کورتی دەبێ. باشە ئەگەر ئێمە منداڵ زۆر دروست نەکەین، ئەی فینلاند چۆن زیاد بکات".




### کورد بە گرنگی نازانن

بەپێی داتاکان 11 هەزار کورد لە فینلاند نیشتەجێن، بەڵام تەنیا 4500 کەس لەوانە مافی دەنگدانیان هەیە و حەوت کوردیش خۆیان بۆ پەرلەمان پاڵاوتووە.

لەکاتی گەڕانی تیمی (ڕووداو) لە شوێنی کار و بازاڕەکان، ژمارەیەکی بەرچاوی کورد هەبوون، بەڵام هەندێکیان نەیاندەزانی بەربژێری کورد هەیە و بەشێکیشیان تازە لە ڕێی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) زانیبوویان.

ئازاد گەنجێکی باشووری کوردستان بوو، لە کاتی کار لە پیتزەرییەک بە (ڕووداو)ی گوت "نەدەزانم هەڵبژاردن هەیە، نە کێشەی منیشە".

خالید زادە خاوەنی چێشتخانەیەکە لە هلسنکی، گوتی "کە کورد دێن بۆ ئێرە، پێیاندەڵێین هەڵبژاردن هەیە". تەنیا وێنەی کاندیدێکی کورد لە چێشتخانەکەی خالید هەڵواسرابوو، بەڵام ئەو گوتی "بەبێ جیاوازی ریکلام بۆ هەموویان دەکەین".

ماجد کە مامۆستای زانکۆیە و قوتابی دکتۆرایە، سەبارەت بە بەشداریی کورد لە هەڵبژاردن گوتی "زمان یەکێکە لە کێشەکان و بەهۆی قورسیی زمان و کەمیی بایەخی کوردی ئەم وڵاتە بۆ زمان، کەمتر هاتوونەتە نێو سیستمی ئەم وڵاتە". گوتیشی "جگە لەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی هاووڵاتیانی کورد خەریکی کارن، بایەخ بەم پرۆسەیە نادەن".

بەڵام ئازاد کە چالاکڤانێکی کوردە لە فینلاند، گوتی "کورد بایەخیان بۆ پرسی سیاسیی ئەم وڵاتە نییە و بێ باکن، تا ئێستا متمانەیان بە پرۆسەکە نییە و وا دەزانن وەک کوردستانە، بۆیە دەنگ نادەن".

---

### بنار مستەفا، بەربژێری کورد بۆ پەرلەمانی فینلاند بۆ (ڕووداو):

# ئێمە ڕێگەی درۆ و هەڕەشە ناگرینەبەر



**بنار مستەفا بە یەکێک لە گەنجە چالاکەکانی شاری هلسنکی پایتەختی فینلاند ناسراوە، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لە ساڵی 2012 کە کاندیدی پارتی یەکێتی چەپ بوو، سەرنەکەوت. بەڵام لەبەرئەوەی دەنگێکی زۆری هێنابوو، ڕێگەی پێدرا لە یەکێک لە لیژنەکانی شارەوانی کار بکات، ئێستاش کاندیدی هەمان پارتە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان. بنار، ساڵی 1983 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و لە نەوەتەکانی سەددەی ڕابردوو لەگەڵ خێزانەکەی ڕووی لە فینلاند کردووە. (ڕووداو) لە شاری هلسنکی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کرد.**

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هلسنکی**

**ڕووداو: بۆچی یەکێتی چەپ؟**

**بنار مستەفا:** باوەڕم بە بەرنامەکانی هەیە و لەگەڵ ژیان و بیرکردنەوەی من دەگونجێ.

**ڕووداو: ئەگەر پارتێکی چەپی توندتر لە یەکێتی چەپ هەبووایە لەگەڵیان کارت دەکرد؟**

**بنار مستەفا:** بەداخەوە بەرەی ڕاست و بەرگریکارانی نیزامی سەرمایەداری، بۆ دژایەتیان بەرامبەر بە چەپ، دەستەواژەی لە شێوەی "چەپی توندڕەو" بەکاردێنن. پارتی یەکێتی چەپی فینلاندیش لەم هێرشانە بەدەر نەبووە. هەر کاتێک خواستەکانی خەڵک بەرزکرابێتەوە، بۆ نموونە هەوڵی کەمکردنەوەی داهاتی دەوڵەمەندان درابێ بەراورد بە هەژاران "تۆمەتی" توندڕەوبوون ئامادە بووە.

**ڕووداو: ژیانی تۆ لە دوو کۆمەڵگەی جیاواز، چ کاریگەرییەک لەسەر بەرنامەی کارت دادەنێ؟**

**بنار مستەفا:** بێگومان ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا لەدایکبووم، تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و کاریگەری کەلتووریی ئەوم لەسەرە، ئێستاش لە وڵاتێک دەژیم تایبەتمەندیی خۆی هەیە و کێشەی خۆی هەیە. من کار بۆ هەردووکیان دەکەم کە ئەویش کێشەی هەموو مرۆڤەکانە. من وەک مرۆڤ بیر دەکەمەوە. کاریش بۆ باشبوونی ڕەوشی ژیانی خەڵک دەکەم. بەتایبەتی هەژاران.

**ڕووداو: بەشداری بیانییەکان لەوانەش کورد لە پرۆسەی دەنگدان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ پێتانوایە باشتر دەبێت؟**

**بنار مستەفا:** بەداخەوە بەشدارییان لە پرۆسەی دەنگدان و بەگشتی لە ژیانی سیاسی لاوازە. ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە. وەکو قورسیی ژیان و کارکردن و بەربەستی زمان.

**ڕووداو: جیاوازیی پروپاگەندەی ئێوە و ئەوانی دیکە، بۆ نموونە ڕاستەکان چییە؟**

**بنار مستەفا:** ئێمە ڕاستەوخۆ ڕوومان لەو بەشەی کۆمەڵگایە کە زۆرترین پێداویستییان بە هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵگا هەیە. نووکی ڕەخنەکانمان لە بناغەوە دەستنیشان دەکەین، پەنا بۆ ترساندن و درۆ و کاری ناشارستانی نابەین. بە بودجەیەکی کەم و بە هێزێکی فراوانی خۆبەخشانە و بە یارمەتیدان و پشتگیریکردنی یەکدی کەمپەینەکەمان دەبەینە پێشەوە.

**ڕووداو: ڕکابەرەکانتان درۆیان لەگەڵ دەنگدەرانیان کردووە؟**

**بنار مستەفا:** پێمخۆش نییە وشەی درۆ بەکاربێنم. بەڵام بۆ نموونە ڕاستترین پارتی کۆمەڵگا، کۆنسێرڤاتیڤەکان بە خۆیان دەڵێن "پارتی کرێکاران" کە ئەمە دوورە لەڕاستییەوە. جگە لەوەش شت گەورەتر دەکەن لە قەبارەی خۆی، خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ دەکەن. ئامارەکان بەوشێوەیە بەکاردێنن کە لە بەرژەوەندیانە.

**ڕووداو: سەرچاوەی داراییت چەندە و چۆن پەیدات کردووە؟**

**بنار مستەفا:** لە فینلاند پێویستە هەموو کاندیدێک داهاتەکەی ئاشکرا بکات. داهاتی من 3000 یۆرۆیە، 500 یۆرۆی هی خۆمە، 1100 یۆرۆی کۆمەکی سەندیکاکەمە، 1400 یۆرۆش کۆمەکی خەڵکە، بۆ نموونە تیمێک لەوانەی پشتیوانیم دەکەن، جلوبەرگێکی زۆری دەستی دوویان کۆکردەوە و لە بازاڕی کۆنەکە فرۆشتیان.

**ڕووداو: بۆچی لە فینلاندیش خەرجی پارتە ڕاستەکان زیاترە، بە کورتییەکەی پارتە چەپەکان هەژارترن؟**

**بنار مستەفا:** چەپ و کۆمۆنیستەکان، لەبەر ئەوەی بەرگریکاری چینی کرێکار و هەژارانن، هەڵبەت زۆرترین لایەنگر لەنێو ئەواندا بەدەستدێنن. ڕاستەکانیش لەبەر ئەوەی بەرگریکاری گەورە سەرمایەداران و بازرگانان و بانکەکانن، پشتیوانی لەوانەوە وەردەگرن. پشتیوانی و کۆمەکی کرێکاران چەندە بێت، هیچ کات ناگاتە بچووکترین کۆمەکی گەورە بازرگانێک.

**ڕووداو: تۆ پێچەوانەی ڕکابەرە کوردەکەت، پێتوایە ڕەوشی ئێستای کوردستان کاریگەری نابێت. ئەمە چۆن؟**

**بنار مستەفا:** دەنگدەری فینلاندی بە وردی بیر لە داهاتووی سیاسیی ئەم وڵاتە دەکاتەوە و بە وردی لە دەنگی خۆی دەڕوانێت، تێڕوانینێکی ستراتیژیی بۆ دەنگەکەی هەیە. ئەوەندەی سەیری بەرنامەی حیزبەکان دەکات ئەوەندە لە پرسە دەرەکییەکان ناڕوانێت. فینلاندییەکان زیرەکانە دەنگ دەدەن.

**ڕووداو: ململانێی حیزبە کوردستانییەکان، چەندە کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەکە و تۆ بەتایبەت؟ لەو باوەڕەدای جەماوەری پارتە کوردییەکان دەنگت پێبدەن؟**

**بنار مستەفا:** ڕەنگە ناڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەبێت، بەڵام کەمتر دەبینرێت. ئەوانەی لێرە زیاتر ژیاون و ئەم کۆمەڵگایەیان بۆ ئاشنایە، هەوڵدەدەن کاریگەری خۆیان دابنێن و پشتیوانی خۆیان بکەن. بە دڵنیاییەوە زۆر لە کوردزمانانی فینلاند بەدەر لە ئینتیمای سیاسیان ئامادەن دەنگ بە من بدەن.

---

### وڵات نەهری، بەربژێری کورد بۆ پەرلەمانی فینلاند بۆ (ڕووداو):

# کار لەسەر پرسی جینۆسایدی کورد دەکەم



ڕۆژی 19ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلاند بەڕێوەدەچێت و 7 کوردیش بەربژێرن بۆ ئەم هەڵبژاردنە، یەکێک لەو بەربژێرانە وڵات نەهرییە کە نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە و بەربژێری سۆسیال دیموکراتەکانە. وڵات نەهری لە شاری خانێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1974 لەدایکبووە. لەساڵی 1991ەوە لەفینلاند دەژی، ماستەری لە تەکنەلۆژیای زانیاریدا هەیە. (ڕووداو) لە شاری هلسنکی لەو شارەی نەهری خۆی لێ بەربژێر کردووە، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

شاد محەممەد
ڕووداو- هلسنکی

**ڕووداو: بۆچی لەسەر لیستی سۆسیال دیموکرات؟**

**وڵات نەهری:** دۆستێکی دێرینی گەلی کوردە و بەرنامەکانی لەگەڵ من دەگونجان.

**ڕووداو: خۆکاندیدکردنت بە ڕێکەوت بوو؟**

**وڵات نەهری:** کارەکانم لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نزیک لەو پارتە ڕەنگە ڕێکەوت بووبێت، بەڵام نزیکبوونەوەم و کاری حیزبایەتی بە بەرنامە بوو.

**ڕووداو: خۆیان داوایان لێکردی؟**

**وڵات نەهری:** بەڵێ.

**ڕووداو: هۆی چییە زۆربەی کوردی ئەم وڵاتە لە پارتە چەپەکان نزیکن؟**

**وڵات نەهری:** ئەمە ڕاستییەکە و کەمتر کورد نزیکایەتییان لەگەڵ پارتە موحافزکارەکان و ڕاستەکان هەیە. بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پارتە چەپەکان زیاتر بایەخیان بۆ پرسەکانی مافی مرۆڤ هەیە.

**ڕووداو: وەک کوردێک، یان فینلاندییەک دەچیتە پەرلەمان؟ بەرنامەکانت لە کامیان نزیکە؟**

**وڵات نەهری:** کارکردن لەسەر کۆمەڵێک پرسی نەتەوەیی وەک پرسی جینۆساید و هاوکاریی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، ئەمانە لە کارە ستراتیژییەکانمن، وەک هاووڵاتییەکی ئەم وڵاتەش کار لەسەر پرسەکانی ژیان دەکەم، لە نێویان باشبوونی ڕەوشی ژیان، بەتایبەت بۆ بیانییەکان. لە نێویان کەمکردنەوەی باج، بۆ ئەوانەی داهاتیان کەمە.

**ڕووداو: ئێوە زیاتر چاوتان لە دەنگدەری کورد و بیانییە، ئەمە ئەگەری سەرکەوتنتان کەم ناکات؟ ئەی بۆ دەنگی فینلاندییەکان چی دەکەن؟**

**وڵات نەهری:** من زۆر هەوڵم داوە پەیوەندییەکان قووڵ بکەمەوە و بیگۆڕم. من وەک خۆم لەگەڵ فینلاندی و نەتەوەکانی دیکەش پەیوەندی زۆرم هەیە. هەر ئەمەش بوو وایکرد لە ڕێکخراوی مۆنی هێلی، کە فیدراسیۆنی کۆمەڵە بیانییەکانە لەوێ چالاک بووم و لە سەرەتای ئەمساڵدا بوومە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە کە 74 ڕێکخراو لە 40 نەتەوەی جیاواز کۆدەکاتەوە.

**ڕووداو: وەڵامی ئەوەم وەرنەگرت، چاوت لە دەنگی کورد و بیانییەکانە، ئەی فینلاندییەکان؟**

**وڵات نەهری:** دەنگی کورد و فینلاندیش گرنگی خۆی هەیە. ئێمە دەمانەوێت پەیوەندی فینلاندی و بیانییەکان پتەو بکەین، پێویستمان بە دەنگی ئەوان زۆرە، هیچ کاندیدێک بەناوی نەتەوەی خۆی ناتوانێت سەربکەوێت، تەنیا ڕووسەکان نەبێت.

**ڕووداو: بۆچی ڕووس؟**

**وڵات نەهری:** ڕووسەکان پێکهاتەیەکی زۆر فراوانن و لە ڕووی ژمارەوە زۆرن. بەڵام ئەوان بەشداری ناکەن نە لە چالاکی سیاسی نە لە هەڵبژاردن.

**ڕووداو: بەشداریی کورد لەم هەڵبژاردنە وەکو پێویست نییە، ئەمە سستی کاری ئێوە نیشان نادات؟**

**وڵات نەهری:** بە گشتی بەشداری بیانییەکان لاوازە و دوایین ڕاپۆرتی ئەو بوارە، لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی پێشووی شارەوانییەکان لە ساڵی 2012، دەڵێت تەنیا 20%ی بیانییەکان بەشداری دەنگدانیان کردووە. ئەمە ئەو سستییە نیشان دەدات کە تەنیا کوردیش نییە.

**ڕووداو: ئەی ژیانی تایبەتیی کورد چەند کاریگەرە؟**

**وڵات نەهری:** کەمیی کات، بەهۆی زۆری کارەوە، جگە لەمە نەزانینی زمان وەک پێویست یەکێکە لە هۆکارەکانی سستیی لە بەشداریی سیاسی.

لەلایەکی دیکەش پەیوەندییەکانی کورد و فینلاندی وەک پێویست نییە. ئەوەی هەیە زیاتر لەسەر ئاستی کەسی بووە و لە کار و ژیانی پراکتیکی ڕەنگی نەداوەتەوە. بەبڕوای من ئەمە هۆکاری سستی بەشداریی سیاسییە.

**ڕووداو: لەکام پارتی کوردستانی نزیکیت؟ ململانێ حزبییەکان تا چەند ڕەنگیداوەتەوە و کاریگەری لەسەر دەنگەکانتان هەیە؟**


**وڵات نەهری:** ڕووداوەکانی کوردستان کاریگەرییان لەسەر ئەورووپا هەیە و لە بۆنەکان زۆر ڕەنگدەداتەوە، بەڵام من لە هەوڵی ئەوە بووم کورد لێک نزیک بکەمەوە. هیوادارم لە پرۆسەی دەنگدان کاریگەری نەبێت و منیش پەیوەندیم لەگەڵ هەموویان باشە.

**ڕووداو: پرسە هەنووکەییەکان و شەڕی دژ بە داعش چ کاریگەرییەکی هەبووە؟ ئێوە چۆن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بەکارتان هێناوە؟**

**وڵات نەهری:** کاریگەرییەکان زۆر ئەرێنین و ئێستا پێشمەرگە سیمبولی ئازایەتی و بەرخودانە. جاران دەبوو وەک عێراقی، یان ئێرانی یان تورک خۆمان بناسێنین، خۆ ئەگەر بشمانگوتبایە کورد، یەکسەر پرسیاری ئەوە دەکرا کە کە کوردێکی عێراقین یان ئێرانی. ئێستا شتەکان زۆر گۆڕاون، کە دەڵێین کوردین یەکسەر پرسیاری پێشمەرگە و داعش دەکەن.

**ڕووداو: چۆن بەکارت هێناوە؟**

**وڵات نەهری:** نەمویستوە ئەم پرسە بکەمە پروپاگەندەی هەڵبژاردن، بەڵام دڵنیام کاریگەری ئەرێنی دەبێت.




Empire
Building the Future World

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com


شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە


SIDAR
AGENCY
سیدار ئێجێنسی، کۆمپانیای تایبەت بە کاری ڕێکلام و مارکتینگ و بەرهەم هێنانی میدیایی، تاکە بریکاری سەرەکی تۆڕی میدیایی ڕووداوە، بۆ ڕێکلام کردن لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە و پۆرتاڵی رووداو.
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو
پەیوەندی بکە بە:
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

ڕووداو
ژنان
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13



## لە خەبات ژنێک دەکوژرێ

**ڕووداو- هەولێر**

لەگوندی سوفەییەی سەر بەشارۆچکەی خەباتی شاری هەولێر، مێردمنداڵێک بەهەڵە گوللەیەک بەسەری دایکییەوە دەنێت و دەیکوژێت. کاروان خۆشناو، گوتەبێژیپۆلیسی پارێزگای هەولێر لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت ئێوارەی 10ی نیسان، مێرمنداڵێکی تەمەن 14 ساڵ، دانیشتووی گوندی سوفەییە لە قەزای خەبات، بەدەمانچەی باوکی گوللەیەکی بەهەڵە لەسەری دایکی داوە و کوشتوویەتی. ناوبراو گوتیشی "دۆسیەی لێکوڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و تۆمەتبارەکەش دەستگیرکراوە".

### دەڵێن حەوت ژنی هێناوە

# مەلایەک لەسەر خۆسووتاندنی ژنەکەی دەستگیر دەکرێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

ژنێکی دانیشتووی گوندێکی سەر بەناحیەی چوارقوڕنە کە ژنی مەلای گوندەکەیە، دەسووتێ، بەڵام مەلا نایبات بۆ نەخۆشخانە و لەماڵەوە بە دەرمانی کوردەواری چارەسەری دەکات، دوای ئەوەی پۆلیس بە ڕووداوەکە دەزانێت، ژنەکە دەگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانە و مەلاش دەستگیر دەکات.

(گوڵستان، ئا. ئی) تەمەن 37 ساڵ، هاوسەری پێشنوێژ و وتارخوێنی گوندی کڵاوسوورانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە، ڕۆژی 2015/4/29 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا سووتا. کەسوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە، بەڵام ڕێکخراوەکانی ژنان گومانیان لە قسەی کەسوکارەکەی هەیە و دەڵێن گوڵستان خۆی سووتاندووە.

گوڵستان کە 70%ی جەستەی سووتاوە، ئێستا لەژێر چاودێریی پزیشکدایە لە شاری هەولێر، ئەو ژنە سەربەهەوێ شووی کردووە و دەگوترێ لەگەڵ هەوێیەکەی کێشەی هەبووە، چەند جارێکیش تۆراوە، بەڵام دواتر بە ڕەزامەندیی خۆی گەڕاوەتەوە.

### کەس منداڵەکانی بۆ بەخێوناکات

ئەو ژنە خاوەنی دوو منداڵە، ئێستا بە دەست برینەکانیەوە دەناڵێنێ، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی ئەگەری مردنی هەیە و مێردەکەشی لە زیندانە. کەسوکاری هەردوولا هەرزوو گوتیان ئامادە نین منداڵەکانیان بەخێو بکەین، چونکە باری ئابووریان باش نییە.

خدر مستەفا، برای (مەلا.م) گوتی "براکەم هیچ کێشەی نەبووە لەگەڵ برازنم، ڕووداوەکەش قەزاوقەدەر بووە. ئێمە سەرەتا قسەمان لەگەڵ کرد گوتی سۆبە تەقیوە و سووتاوە، بەڵام برازنم لە نەخۆشخانە قسەکانی گۆڕیوە، چونکە باری دەروونیی تەواو نییە و ماوەیەکە نەخۆشە".

ئەو مەلایە خاوەنی چوار کچ و کوڕێکە. خدر پێیوایە ڕێکخراوەکانی ژنان کێشەی ئەو ژن و مێردەیان قووڵترکردووەتەوە، بۆیە دەبێت خەم لە منداڵەکانی مەلا بخۆن. خدر دەڵێت "ئامادە نیم منداڵەکانی براکەم بەخێو بکەم، باری ئابووریم باش نییە، دەیاننێرم بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان، با ئەوان بەخێویان بکەن. تووشی هەر شتێک ببین ئەم ڕێکخراوانە لێی بەرپرسن".

تاڵیب کە براگەورەی گوڵستانە، پێیوایە غەدر لە خوشکەکەی کراوە و بەهۆی ڕەفتارەکانی هاوسەری ناچار بووە خۆی بسووتێنێ. تاڵیب دەڵێت "سەرەتا نەیدەوێرا بڵێت خۆم سووتاندووە، هەر لە ماڵەوە چارەسەریان دەکرد و پێیانگوتبوو ئەگەر بتبەین بۆ نەخۆشخانە و لەوێ بڵێی خۆم سووتاندووە، ئەوە بە دەرزی دەتکوژن". گوتیشی "خوشکەکەم سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمارکردووە، هەر شتێکیشی بەسەربێت، ئێمەش سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین".

سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەکانی گوڵستان، تاڵیب گوتی "ئێمە بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی ئەم منداڵانە ناخەینە ئەستۆی خۆمان، چونکە باری ئابووریمان باش نییە".

### چارەسەر بە دەرمانی کوردەواری

حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ڕایگەیاند کە هەر دوای بیستنی هەواڵی سووتانی ئەو ژنە، پۆلیس و داواکاری گشتییان لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە، ئەوانیش بڕیاریان دا دۆسیە بۆ ڕووداوەکە بکەنەوە.

ناوبراو گوتیشی "هاوسەری ئەو ژنە، هەر لە ماڵەوە بە دەرمانی کوردەواری چارەسەری برینەکەی بۆ کردووە و نەیبردووە بۆ نەخۆشخانە، دوای هەفتەیەک ژنەکە برا بۆ نەخۆشخانە و مێردەکەشی بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکرا، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانین ئەو ژنە خۆی سووتاندووە یان سووتاوە".

یەکێتی زانایانی ئاینی لە ناوچەکەدا پشتگیری مەلا دەکەن و پێیانوایە بە ناهەق گیراوە. مەلا عەبدوڵڵا وەسمان، لێپرسراوی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی گوتی "مامۆستای مزگەوتی کڵاوسووران هیچ کێشەی نەبووە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا و ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بوو، سۆباکەیان لە حەمام تەقیوەو هاوسەرەکەی سووتاوە".



سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو مەلایە، مەلا عەبدوڵڵا گوتی "ئەو لەسەر ئەوە دەستگیرکراوە، چونکە ژنەکەی نەبردووەتە نەخۆشخانە، ترس و گومانی لە چارەسەری پزیشکی هەبووە، تەنانەت من خۆشم باوەڕی تەواوم بە چارەسەری پزیشکی نییە بۆ سووتانی پێست، ڕووداوەکەش بەو شێوەیە نییە کە ئەوەندە گەورە کراوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە".

بەڵام ئاشنا حەسەن، لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی ناحیەی حاجیاوا و چوارقوڕنە کە دوای ڕووداوەکە چووەتە ماڵی مەلا، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ڕووداوەکە چووین بۆ ماڵی مامۆستای مزگەوتی گوندی کڵاوسووران، کەچی ڕێگەیان پێنەداین نەخۆشەکە ببینین، دواتر بۆمان دەرکەوت خۆی سووتاندووە. ئەم ژنە 7 ڕۆژ لە ماڵەوە دوور لە ڕێنمایی پزیشکی بە دەرمانی کوردەواری چارەسەر کراوە. هاوسەری گوڵستان لە یاسا رایکردووە، چونکە نەیبردووە بۆ لای پزیشک". گوتیشی "هەرکەس و لایەنێک پشتگیری لە مامۆستاکەی گوندی کڵاوسووران بکات، داوای یاسایی لەسەرتۆمار دەکەین، بە یەکێتی زانایانیشەوە".

### مەلا چەند ژنی هێناوە؟

دوای خۆسووتاندنی مەلاژن، چەند زانیارییەک لەبارەی (مەلا.م) بڵاوبوونەوە، لەوانەش ژمارەی ئەو ژنانەی مەلا هێناونی. کەلسوم موراد، لێپرسراوی ئۆفیسی ڕاپەڕینی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان، دەڵێت "زانیاریمان هەیە ئەو مەلایە حەوت ژنی دیکەی لە خۆی مارەکردووە، دەرفەتی لەو ژنانە هێناوە کە کێشەدارن، تەنانەت یەکێک لەو ژنانە هاوسەرە کۆنەکەی پەیدا بووەتەوە و ژنەکەی لە مەلا سەندووەتەوە".

بەڵام برای مەلا دەستگیرکراوەکە ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە.

بەرپرسەکەی یەکێتی زانایانیش لە ڕانیە پێیوایە ژنهێنانەکانی مەلا پەیوەندییان بە ڕووداوەکەوە نییە و نابێت تێکەڵی ئەم بابەتە بکرێ "مەلا ئەگەر 10 ژنیشی هێنابێت، ئاساییە و مافی خۆیەتی، بەڵام بە مەرجێک لە یەک کاتدا لە چوار ژن زیاتری لەلا نەبێت".

# ژمارەی بێوەژنانی عێراق نزیکەی دوو ملیۆنە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامارێکی ساڵی ڕابردوو کە پێش بەرپابوونی شەڕی داعش کراوە، دەریدەخات کە ژمارەی بێوەژنان لە عێراق گەیشتووەتە ملیۆنێک و 500 هەزار ژن، بەڵام مەزەندە دەکرێت بەهۆی شەڕی داعشەوە ژمارەکە بۆ نزیکەی دوو ملیۆن بەرزبووبێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کاروباری ژنان کە دراوەتە (ڕووداو)، نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار بێوەژن لە عێراقدا هەن، ئەویش بە پشتبەستن بە ڕووپێوێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراق کە ساڵی ڕابردوو بەر لە بەرپابوونی شەڕی داعش کراوە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە مەزەندە دەکرێت ئێستا ژمارەی بێوەژنانی عێراق لەو ژمارەیە زیاتر بێت.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانیش کە دراوەتە (ڕووداو)، نزیکەی 45 هەزار بێوەژن لە هەرێمی کوردستان هەن (19600 بێوەژن لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، 15 هەزار لە هەولێر و 3643 بێوەژنیش لە پارێزگای دهۆک).

پێدەچێت ژمارەکەی هەرێمی کوردستانیش زیادی کردبێ، چونکە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بوون کە بەشی هەرەزۆریان خێزانداربوون. جگە لەو پیاوانەی بە ڕووداوی جۆراوجۆر و لەوانەش ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە.

بەیان نووری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو ژمارەیەی بێوەژنان بە بەراورد بە ژمارەی بێوەژنانی وڵاتانی دراوسێ "زۆر زۆر"ە. زۆربوونی ژمارەی بێوەژنانیش بۆ ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق دەگەڕێتەوە.

عێراق زیاتر لە نیو سەدەیە ئارامیی بەخۆوە نەبینیوە، ژنانیش قوربانیی یەکەمی ئەم نائاراميیەن. شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ژمارەیەکی زۆر بێوەژنی خستەوە کە بە زیاتر لە نیو ملیۆن مەزەندە دەکرێن. دواتر جەنگی دەرپەڕاندنی سوپای داگیرکەری عێراق لە کوێت نزیکەی 100 هەزار بێوەژنی بۆ ئەو ژمارەیە زیادکرد و بەدوایدا هەڵمەتی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق کارەساتەکەی گەورەتر کرد. لەدوای پرۆسەی بەناو ئازادکردنی عێراقیشەوە شەپۆلێکی گەورەی توندوتیژی و شەڕی تایفەگەری کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، سەدان هەزار ژنی ڕەشپۆشی خستەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردووەوە شەڕی داعش لە زۆربەی ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوامە و ڕۆژانە هاووڵاتیانی عێراق دەکوژرێن، بەڵام هێشتا ژمارەی بێوەژنان بەهۆی ئەم شەڕەوە دیار نییە.

ڕێزان شێخ دلێر ئەندامی لیژنەی خێزان و منداڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مەزەندە دەکات شەڕی دژی داعش نزیکەی نیو ملیۆن ژنی دیکە لە عێراق بێوەژن بکات.

بێوەژنەکانی کوردستان و عێراق لەڕێی تۆڕی پاراستنی خێزانەوە کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە، هاوکاری دەکرێن و هەر بێوەژنێک مانگانە 150 هەزار دیناری دەدرێتێ. بەڵام وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان لە عێراق دەڵێت بەهۆی ئەوەی بودجەیان نییە، ناتوانن هاوکاریی بێوەژنان بکەن، بەڵکو بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە هاوکاریی ئەو بێوەژنانە دەکەن کە ئەرکی بەخێوکردنی خێزانیان کەوتووەتە ئەستۆ، بەیان نووری دەڵێت "ئەو کارانەی بۆ بێوەژنان کراون لە ئاستی پێویستدا نین، چونکە ژمارەکە زۆرە و بارودۆخی دارایی عێراقیش باش نییە".

جگە لەو 150 هەزار دینارە، بێوەژنانی عێراق قەرزیان دەدرێتێ بۆ پرۆژەی بچووک. هەروەها لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەشەوە ڕێژەی 5%ی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بۆ بێوەژنان تەرخانکراوە. بێوەژنانی عێراق دەتوانن لە قەرزی کشتوکاڵیش سوودمەند بن، دوای بەشداریکردنیان لە خولەکانی ڕاهێنان، بە تایبەتی بێوەژنانی گوندنشین.

بەو پێیەی ئەم وەزارەتە ناوی (وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان)ەو خاوەنی هیچ بودجەیەک نییە، ماوەی 11 ساڵە لەگەڵ گۆڕینی 6 وەزیریشدا هێشتا نەتوانراوە هەمواری یاساکەی بکرێتەوە، بەڵام ئێستا پرۆژەیەک ئامادەکراوەو لای لیژنەی خێزان و منداڵە لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گۆڕینی ناوی وەزارەتەکە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران ئاشکرای کرد کە ئەگەر ئەمساڵیش ئەو پرۆژەیە پەسەند بکرێ ئەوا ناتوانرێ بودجەیان بۆ دابین بکرێ، چونکە بودجەی ئەمساڵ پەسەند کراوە، ئەگەر ناوەکەی بکرێت بە وەزارەتی ژنانیش مانای ئەوە نییە کە دەتوانێ هاوکاری هەموو بێوەژنان بکات.

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، لەسەرەتای ئەم مانگەوە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە کۆتایی بەکارکردنی فەرمانبەرە گرێبەستەکان بهێنێ، بەڵام وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان دەڵێت بەنووسراوی فەرمی داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، ئەو بڕیارە بێوەژنان نەگرێتەوە.



## دوو مامەڵەچی تریاک دەستگیردەکرێن



**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان دوو کەسی بەتۆمەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردن بەماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرکرد. ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە ڕایانگەیاندووە "مەفرەزەیەکی هێزەکانی بنکەی ئاسایشی ناحیەی ڕزگاری سەر بەقەزای کەلار، توانیویانە لە نزیک گوندی (گەرمک) دوو تۆمەتبار دەستگیر بکەن کە دانیشتووی قەزای کەلارن". لەڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە لەکاتی دەستگیرکردنی ئەو دوو کەسەدا دەستگیراوە بەسەر بڕی 48 گرام حەشیش 2 گرام و نیو تریاک، لەگەڵ چەند پارچە کەبسولێک، تۆمەتبارەکانیش بەپێی ماددەی 14ی ماددە هۆشبەرەکان دەستبەسەرکراون.

# ملیۆنێرێک لە خانەی بەساڵاچووانی سلێمانییە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە هەر سووچێکی ماڵەکە چیرۆکێک خۆی حەشارداوە، ڕەنگە سەرنجڕاکێشترینیان چیرۆکی ئەو پیاوە بێت کە تاوەکو دوێنێ یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی، بەڵام سەرمایەکەی هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبوو، دواجار خۆی لە خانەی بەساڵاچووان بینییەوە. ئەو ئێستا هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوانەی نە پارەیان هەیە نە کەسوکار.

ئێستا ماڵی بەساڵاچووانی سلێمانی کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە، 42 بەساڵاچووی تێدایە (33 پیاو و 9 ژن). هەموو پیاوەکان تەمەنیان لەسەرووی 60 ساڵە و ژنەکانیش 55 ساڵ. ئەو دوو تەمەنە یەکێکە لە مەرجەکانی وەرگرتن لەم ماڵە.

### ژنێکیان لێ کەمبووەوە

ئەو ڕۆژەی (ڕووداو) سەردانی ئەو ماڵەی کرد، نیوەشەوی پێشتر ژنێکیان بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردبوو. ئامینە و ئایشێ کە لە نزیکەوە ژنەکەیان دەناسی، خەمبار و بێتاقەت بوون بۆ لەدەستدانی ئەو هاوڕێیەیان. ئامینە گوتی "بە بێکەسی سەری نایەوە، ئێمەش هەمان چارەنووس چاوەڕێمان دەکات".

ئامینە و ئایشێ لە بالکۆنی بەشی سەرەوەی ماڵی بەساڵاچووان کە بەسەر ڕێگای سەرەکیی بەکرەجۆدا دەڕوانێت، دانیشتبوون، هەرچەندە ئەو دوو ژنە نەبوونی شوێن کۆیکردوونەتەوە، بەڵام چیرۆکی ژیانیان زۆر جیاوازە.

ئامینە عەبدولڕەحمان، ژنێکی باڵا مامناوەندی کەمێک لاوازە و قژیشی تاڵی سپی تێکەوتووە. ئەو ژنە لەکۆتایی ساڵی 2012 ڕووی کردووەتە ئەو شوێنە. کێشە سەرەکییەکەی ئامینە ئەوە بووە کە هاوسەرەکەی ژنێکی دیکەی هێناوە و ئەوی دەرکردووە. ئامینە تەنیا لەلای هاوسەرەکەی بەدبەخت نەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کاتی خۆی بەهۆی ژنبەژنەوە شووی کردووە، لای براکەشی جێی نەبووەتەوە دواجار لە ماڵی بەساڵاچووانda خۆی بینیوەتەوە.

بەڵام ئایشێ سەعدی، تەمەن 64 ساڵ کە کەمێک قەڵەوترەو سەری سپی بووە، 8 مانگە لەو ماڵەیە. هەرچەندە کچیشی هەیە، بەڵام دەڵێ "هاوسەری کچەکانم باش نین، بۆیە هاتمە ئێرە و جارجارەش سەردانی کچەکانم دەکەم".

### حەمەی بەرید دەیەوێ بگەڕێتەوە

بەرلەوەی خۆر ئاوا بێت، پیاوەکان لە هۆڵی چێشتخانەکە لەسەر کورسییەکانی چواردەوری مێزێک دانیشتن کە لەسەر هەر کورسییەک ناوی یەکێکیان نووسرابوو. ئەوان دوای نانخواردن دەستیان بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان کرد.

حەمەی بەرید، پیاوێکی باڵا مامناوەندە و ژنی نەهێناوە. نزیکەی 4 ساڵە لەو ماڵە دەژی. ئێستاش بیری ئەو ساڵانە دەکاتەوە کە پۆستەی بۆ داوودەزگاکانی حکومەت بردووە و دەڵێت حەز دەکات بگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

### ملیۆنێرێک لە ماڵی بەساڵاچوواندا

لە هەموو چیرۆکەکان جیاوازتر، چیرۆکی پیاوێکی باڵابەرزی تەمەن 66 ساڵ بوو کە قژی کەمێک ڕووتاوەتەوە، ئەو پیاوە بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی ناسراوە لە نێو شاری سلێمانی حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە.

ئەم پیاوە 43 ساڵ لەمەوبەر بەشی کارەبای کۆلێژی ئەندازیاری تەواوکردووە و هەر لە کەرتی تایبەتیشدا کاری کردووە. ئەو گوتی "خۆم، خۆم پێگەیاند، بەڵام ڕەنجەکەم بەخەسار چوو، خاوەنی زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار بووم، بەڵام بەهۆی کێشەی خێزانییەوە، ژنەکەم و منداڵەکانم دەستیان بەسەر پارەکەدا گرت و ڕۆیشتن بۆ دەرەوە، منیش بە ناچاری هاتمە ئێرە".



### لە ماڵەکەدا نامێننەوە

ئامارەکانی ئەو ماڵە دەریدەخەن کە ژمارەی ئەوانەی ڕوو لەو ماڵە دەکەن ساڵ بە ساڵ ڕوو لە زیادبوونە، بەڵام زۆربەیان دوای ماوەیەک بەهۆکاری جیا جیا ماڵەکە بەجێدێڵن.

بەپێی ئاماری خانەی بەساڵاچووان، لە ساڵی 2012دا 137 بەساڵاچوو (106 پیاو و 31 ژن) ڕوویان لەو ماڵە کردووە، یان هێنراون بۆ ئەوێ. ساڵی 2013 ئامارەکە زیادی کردووە و بووەتە 153 بەساڵاچوو (128 پیاو و 25 ژن). ساڵی ڕابردووش ئامارەکە هێشتا هەڵکشاوە بۆ 180 کەس (145 پیاو و 35 ژن).

هەرچەندە ژمارەی ئەوانەی ڕوو لەو ماڵە دەکەن، ساڵ بەساڵ ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام ئێستا تەنیا 42 بەساڵاچوو لە خانەکەن (33 پیاو و 9 ژن).

جگە لە مەرجی تەمەن، نابێت بەساڵاچوو نەخۆشیی گواستراوە یان نەخۆشیی دەروونیی هەبێت، هەروەها پێویستی بە چاودێریی پزیشک و چاودێریی بەردەوام نەبێت.

بەساڵاچوو بەچەند ڕێگەیەک دەهێنرێنە ئەو ماڵە، لەوانەش لەلایەن پۆلیس لەسەر شەقام و شۆستەکان هەڵدەگیرێنەوە و ڕەوانەی دادگا دەکرێن. پاشان دادوەر ڕەوانەی ماڵی بەساڵاچووانیان دەکات، یان لەلایەن دامەزراوەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەوانەی خانەکانی بەساڵاچووان دەکرێن، هەندێ جاریش کەسوکاریان دەیانبەن بۆ ئەو شوێنە.

### بۆچی ژمارەی ژنان کەمترە؟

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ژمارەی بەساڵاچووی ژن کەمترە لە بەساڵاچووی پیاو لە ماڵەکەدا. فەرەیدون عەزیز، توێژەری کۆمەڵایەتی لەماڵی بەساڵاچووان دەڵێت "لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئافرەت بەچاوێکی جیاواز تەماشا دەکرێ، ئەگەر تووشی کێشەش بن، خێزانەکانیان دەیانگرنە خۆیان، یاخود ژنەکان ئامادەن هەندێک بارودۆخ قبوڵ بکەن بۆ ئەوەی لە خێزانەکانیان دوورنەکەونەوە"



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

# بە یاسا لە ماڵ دەرکرا

دەستی دوو منداڵەکەی گرتبوو، لەبەر گریان قسەی پێنەدەکرا. دوای ئەوەی کەمێک هاتەوە سەرخۆی، گوتی لەدەست مێردەکەی لە ماڵەوە هەڵاتووە، چونکە بەردەوام لێیدەدا و سووکایەتی پێدەکات.

ئەو ژنە کە فەرمانبەر بوو، بە قسەی خۆی مێردەکەی تەنانەت دەستی لە منداڵەکانیشی نەپاراستووە و لەوانیشی داوە. هەرچەندە ژنەکە چەند جارێک لە مێردەکەی تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، بەڵام دەڵێت ئەوانیش لێی بێزاربوون و هەموو جارێک دەینێرنەوە ماڵی مێردی، ئەمەش مێردەکەی بێ منەت کردووە و زیاتر لە جاران سەرزەنشتی دەکات.

ئەو ژنە داوای ڕێگەچارەی دەکرد، بەڵام ڕێگەچارەکە بە تەڵاق کۆتایی نەیەت، چونکە نەیدەویست لەبەر منداڵەکانی ماڵ و حاڵی لێ تێکبچێ. پێدەچوو ژنەکە شارەزای یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بێت، بۆیە پێشنیازی کرد ئەگەر مێردەکەی بۆ ماوەیەک لە ماڵەوە دووربکەوێتەوە، ڕەنگە باش بێت.

دۆسیەی ئەو ژنە ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەریش بڕیارێکی لە شێوەی پێشنیازی ئەو ژنە دەرکرد و بڕیاری دا بە پاراستنی ژنەکە، ئەویش بە نەگەڕانەوەی مێردەکەی بۆ ماڵەوە، تاوەکو هەڵسوکەوتی بەرامبەر ژنەکەی دەگۆڕێت.

کاتێک پیاوەکە بانگ کرا، نکۆڵی لەوە کرد کە ژنەکەی ئازار دابێ. بەڵام کاتێک بڕیاری دادگای پێڕاگەیەنرا، پیاوەکە سەری سوڕما و گوتی "من چۆن لە ماڵ بڕۆم، ئەی لای خزم و کەسوکار و هاوڕێیانم چی بڵێم، چۆن وەڵامی ئەوان بدەمەوە".

دواجار پیاوەکە ملکەچی بڕیارەکەی دادگا بوو، بەڵێنی دا لە ماڵەوە دووربکەوێتەوە و هەڵسوکەوتی بەرامبەر ژنەکەی بگۆڕێت.

هەروەها بە سکاڵاکراویش ڕاگەیەنرا کە بەپێی ماددە 4ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، ئەگەر بڕیاری دادگای پێشێل کرد، ئەو سزا دەدرێت بە بەندکردنی کە لە 48 کاژێر زیاتر نەبێت، هەروەها بە بڕی 300 هەزار دیناریش سزا دەدرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەر ژن تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، یان سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان، یان لای هاوڕێ و ناسیاوەکانی، بەڵام دەرکردنی پیاو لە ماڵەوە بە مەبەستی پاراستنی ژنەکەی بە یاسا چارەسەر کراوە. هەرچەندە ئەم بڕیارە نامۆ بێت بە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی.

### فەرمانی پاراستن چییە؟

لە ماددە 3ی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا هاتووە کە فەرمانی پاراستن ئەمانە لەخۆدەگرێت.

1 - وەرگرتنی بەڵێننامە لە سکاڵالێکراو بە دەستدرێژی نەکردنە سەر زیانلێکەوتوو، یان هەر تاکێکی خێزان.

2 - ڕێگەنەدان بە سکاڵالێکراو بۆ چوونە ناو ماڵی خێزانی بە بڕیاری دادگا، تاوەکو ئەو ماوەیەی کە بەباش دەزانرێ، لە حاڵەتی بوونی مەترسی لەسەر سکاڵالێکراو، یان هەر تاکێکی خێزان.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا

# 193 حاڵەتی توندوتیژی دژی پیاوان تۆمار دەکرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەحمەد ڕەسوڵ، تەمەن 30 ساڵ، پیاوێکی باڵا مامناوەندی ئەسمەرە و کارگوزاری فەرمانگەیەکی سلێمانییە. ماوەی 3 ساڵە لەگەڵ خزمێکی خۆی خێزانی پێکەوەناوە و خاوەنی دوو کوڕن، بەڵام ئەو توندوتیژیانەی ژنەکەی بەرامبەری دەکات، تەواو بێزاری کردووە و پەنای بۆ ڕێکخراوێکی پیاوان بردووە تاوەکو داکۆکی لێ بکەن.

ئەحمەد لە چایخانەیەکدا بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و ئاماژەی بۆ ئەو توندوتیژیانە کرد کە ژنەکەی بەرامبەری دەیکات و گوتی "گرفتەکانمان بچووکن، بەڵام ژنەکەم بەردەوام گەورەیان دەکات، بۆ نموونە من بەیانیان لە دەوامم، دوای نیوەڕۆش دەڕۆم بۆ ئیشکردن، شەوانیش کە دەگەڕێمەوە زۆر ماندووم، کەچی ژنەکەم دەڵێت منداڵەکانم لەگەڵ بەخێوبکە".

ئەحمەد یەکێکە لەو پیاوانەی لەلای یەکێتی پیاوانی کوردستان سکاڵای کردووە، لەو توندوتیژییانەی لەلایەن هاوسەر و کەسوکاری هاوسەرەکەی بەرامبەری دەکرێ. ئەحمەد دەڵێت "ژنەکەم جنێوم پێدەدات و تەنانەت هەوڵی داوە لێمبدات. جارێک برایەکیشی هەڕەشەی کوشتنی لێکردم".

### توندوتیژی دژی پیاوان زیادی کردووە

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوانی کوردستان کە دراونەتە (ڕووداو)، لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 169 پیاو سکاڵایان لەسەر ژنەکانیان تۆمار کردووە لەلای ئەو ڕێکخراوە، بەڵام لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ، ژمارەی سکاڵاکان زیادی کردووە بۆ 193 سکاڵا.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی خۆکوشتنی پیاوانیش، بەپێی ئاماری ئەم ڕێکخراوە، لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 14 پیاو خۆیان کوشتبوو، بەڵام ئەمساڵ لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا 13 پیاو خۆیان کوشتووە.

لەلای ئەم ڕێکخراوە جگە لە لێدان و جنێودان و شەڕی دەروونی، خیانەتی هاوسەری و دەرکردنیش لە ماڵ، بە توندوتیژی هەژمار کراون.

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان، پێیوایە قەیرانی دارایی کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی توندوتیژیی ژنان بەرامبەر پیاوان "لەکۆمەڵگەی کوردیدا پیاوان ئەرکی بەخێوکردنی خێزانیان لەئەستۆیە، بۆیە زۆربەی گرفتەکان ڕووبەڕووی ئەوان دەبێتەوە".

مانگی ڕابردوو بە شوومترین مانگ لەلای ڕێکخراوی پیاوانی کوردستان تۆمارکراوە، چونکە 9 پیاو لەو مانگەدا خۆیان کوشتووە.

سکرتێری یەکێتی پیاوان ئاشکرای کرد کە ڕۆژانە لەلایەن پیاوانەوە پەیوەندییان پێوە دەکرێ و دەڵێن کە خۆیان دەکوژن. بورهان دەڵێت "ئەوە لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە".

بەرپرسانی پۆلیسی سلێمانی دەڵێن زانیارییان هەیە کە هەندێک پیاو بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە ماڵ دەرچوون. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێک لەو توندوتیژییانە بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە کە ژن یان منداڵ فشاریان خستووەتە سەر پیاوەکە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ماڵ جێبهێڵێت".



هەندێک لە پیاوان هەر بە ڕێکخراوی پیاوانی کوردستان نەوەستاون، بەڵکو لەلای پۆلیسیش سکاڵایان تۆمار کردووە. نەقیب سەرکەوت گوتی "هەندێک پیاو لەلای ئێمە سکاڵایان تۆمار کردووە کە لەلایەن خێزانەکانیانەوە دەرکراون".

شۆخان حەمەڕەشید، پارێزەر و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنان، دانی بەوەدا نا کە توندوتیژی بەرامبەر پیاوان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا نییە کە پیاوانیش بەهەمانشێوەی ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو دەڵێ "ڕاستە پیاوانیش کێشەی خێزانییان هەیە، بەڵام ئەگەر توندوتیژیشیان بەرامبەر بکرێ دەروونی یان خێزانییە". گوتیشی "ئاگادارم کە لە دادگا ڕۆژانە چەند ژنان سکاڵا تۆمار دەکەن، پیاوانیش تۆماری دەکەن، ئێمە چەندێک لەگەڵ ژنان دادەنیشین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئەوەندەش لەگەڵ پیاوان دادەنیشین".

بەڵام بورهان عەلی ڕەخنەی لە ڕێخراوەکانی ژنان گرت و گوتی "ئەوان تەنیا کار لەسەر مافەکانی ژنان دەکەن، کار لەسەر ئەرکەکانی ژن ناکەن. ژنانیش دەبێت لەوە تێبگەن کە پێویستە یارمەتی مێردەکانیان بدەن".

شۆخانیش ڕەخنەی لە یەکێتی پیاوان هەیە و دەڵێت تاوەکو ئێستا دەستپێشخەرییەکی ئەوتۆیان نەکردووە بۆ چارەسەری کەیسەکانی توندوتیژی، یاخود هیچ پیاوێک سەردانی نەکردوون کە بڵێ لە یەکێتی پیاوان سکاڵام تۆمارکردووە و گوتی "ئەگەر یەکێتی پیاوان داوای هاوکاریمان لێبکەن، ئێمە کێشەمان نییە".

زۆرجار وا باوە کە پیاوان بەشێوەی لێدان توندوتیژی بەرامبەر خێزانەکانیان دەکەن و ئەوەش بەئاشکرا بەژنەکەوە دەردەکەوێ، بەڵام بەگوتەی چۆمان ئەحمەد کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، ژنان زۆرتر بە جێنودان و سووکایەتی پێکردن توندوتیژی بەرامبەر پیاوان دەکەن، کە لەو کاتەشدا پیاوەکە ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەبەردەست نییە.

# زەویەکەی خۆیان بۆ کرد بە گۆڕی بەکۆمەڵ

نەوزاد مەحموود
رووداو- دهۆک


■ (فۆتۆ: رووداو)

زۆر حەزی دەکرد بڕواتە ئەودیو تەلبەندەکەوە و دروست لەو شوێنە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە کە 27 ساڵ لەمەوبەر روویدا، بەڵام هێشتا ئازاری شوێنەواری ئەو دوو گوللەیەی سەربازەکە بە قاچییەوەی نا، رێگەی پێنادات. ئەبابەکر دەڵێت رەنگە خودا ئەوی بۆ ئەوە هێشتبێتەوە تاوەکو منداڵانی گوندی کوریمێ و نەوەکانی داهاتووی تێبگەن لەوەی سەربازەکانی سەددام حوسێن چی بەسەرهێناون.

گوندەکە سەوز و جوانە، هەموو شتێک وەک خۆی ماوەتەوە جگە لەو دوو چاڵەی کە دەبوو ئێستا ئەبابەکر تەنیا چەند ئێسک و پروسکێک بووایە لە ناویدا. چاڵەکان بە تێپەڕینی ساڵ پڕبوونەتەوە و بوون بە ژێر گژوگیا و گوڵە بەهارییەکانەوە. ئێستا ئەبابەکر عەلی سەعید، لە ناحیەی (مانگیش) دەژی نەک کوریمێ، بەڵام ئەستەمە بتوانێ خۆی لەو یادەوەرییە خوێناوییانە دابڕێ کە تاوەکو مردن کاریگەرییان بەسەرییەوە دەبێ.

قۆناغی حەوتەمی ئەنفال هێشتا تەواو نەبووبوو، خەڵکی گوندی کوریمێ لە دەڤەری بادینان هەستیان بەوە کردبوو کە سوپای عێراق بەرەو گوندەکەیان دێت. رۆژی 1988/8/26 پیاوانی ئاواییەکە کۆبوونەوە و نزیکەی 8 کاژێر لەنێوخۆیاندا مشاوەرەی ئەوەیان کرد کە چی بکەن.

دواجار بڕیار دەدەن ئاواییەکە بەرەو ئەشکەوت و بەرزایی چیاکانی دەوری گوندەکە جێبهێڵن "دیمەنەکە لە رۆژی حەشر دەچوو، دەنگی گریان و قریشکەی ژن و منداڵ، برسێتی و تینوێتی و نەخۆشکەوتن، کەس نەیدەزانی چی روودەدات، چونکە هەزاران سەرباز و جاش هاتبوونە دەوروبەری گوندەکە و چاوەڕوانی خۆبەدەستەوەدانی خەڵک بوون".

فەیلەقی 5ی سوپای عێراق کە بارەگاکەی لە هەولێر بوو، ئەرکی پرۆسەی ئەنفالی بادینانی پێ سپێردرابوو، ماوەی دوو رۆژ خەڵکی گوندی کوریمێ و چەلکێی سەر بە ناحیەی مانگیش لە سنووری پارێزگای دهۆک خۆیان لە سوپا دوورخستەوە "بەڵام هەندێک لە پیاوانی ئاواییەکە چوونە خوارەوە بۆ لای نوێنەرێکی سوپاکە و گفتوگۆیان لەگەڵ کردن بۆ ئەوەی نەمانکوژن، ئەفسەرێک بە پیاوەکانی گوت بەڵێنی شەرەف بێت هیچتان لێناکەین، سەرۆک لێبووردنی دەرکردووە".

ئەبابەکر، هێشتا پێکەنینی بە "بەڵێنی شەرەف" دێ، بەڵێنێک پیاوەکانی سەدام حوسێن بیدەن "خەڵک بە ئاڵای سپییەوە هاتنە خوارەوە، ئینجا سەربازەکان کە جاشیان لەگەڵ بوو، خەڵکەکەیان جیاکردنەوە، ژن و منداڵان لەولاوە و گەنج و هەرزەکاران لەولاوە، لەنێو ئەوانەدا 33 کەسیان هەڵبژاردن کە تەمەنیان لە 15 ساڵەوە بۆ 50 ساڵ بوو،

ئەوانەیان دایە پێشی خۆیان".

ژن و منداڵەکان رەوانەی مانگیش و نزارکێ کران، ئەو 33 کەسەش کە ئەبابەکر یەکێک بووە لەوان، نازانن بۆ کوێیان دەبەن و چییان لێدەکەن. گفتوگۆی نێوان دەستبەسەرکراوەکان و سەربازەکان لەو ماوە کورتەدا کە بەرەو خوار ئاواییەکەیان بردوون، لە بارەی چارنووسیانەوە بووە "پرسیمان چیمان لێدەکەن؟" بەڵام وەڵامی ئەوان هەمیشە پێداگیری بوو لەسەر ئەوەی هیچ روونادات "تەنانەت جگەرەشیان پێداین".

براونەتە شوێنێک کە ئێستا هەمووی دارچوالەیە و درەختەکان چوالەیان گرتووە و من و ئەبابەکر لەوێ وەستاوین. ئەوە هەر باخی ئەبابەکر خۆیەتی، لەوێ دەمباتە شوێنێک کە رۆژێ لە رۆژان چاڵی مردن بووە "لێرە ریزیان کردین، چاوەڕێمان دەکرد و سەربازەکانیش دەوریان دابووین و لە خوارەوەش جاشەکان وەستابوون".

لەناکاو دەنگێک هاوار دەکات "گوللەبارانیان بکەن". ئیدی دەیاندەنە بەر دەستڕێژی گوللە. هەموو دەستگیرکراوەکان بەسەریەکدا کەوتن، بەڵام ئەبابەکر و 5 کەسی دیکە نەمردبوون. ئەبابەکر دەڵێ "من وامدەزانی قیامەتە، هەستام و رامکرد، 100 مەتر لەولاترەوە دوو گوللە بەرقاچم کەوتن، لەو شوێنەدا بە برینداری مامەوە، دوایی کەریم و عەبدولقەهارم بینی کە ئەوانیش نەمردبوون، بەمنیان گوت هەستە با رابکەین، بەڵام من نەمتوانی".

بەپێچەوانەی ئەنفالی گەرمیانییەکان و هەڵەبجەوە کە هەموویان برانە بیابان، ئەوە یەکەمجار بوو خەڵک لە نێو ئاواییەکانی خۆیان دەستبەجێ گوللەباران بکرێن. کوریمێ ئەوکات 150 ماڵی تێدا بووە و ئەبابەکریش ئەوکات تەمەنی 34 ساڵ بووە. شەوێکی تەواو بە برینی قاچییەوە لەو شوێنەدا ماوەتەوە و هەر تەماشای گوللەبارانکراوەکانی کردووە "کە رۆژ بووەوە هەندێک جاش هاتن و بردمیان، منیان بەبریندار گەیاندە مانگیش و لەوێ لە نەخۆشخانەکە برینەکەمیان پێچا، دوایی رادەستی سوپایان کردمەوە، دەبینم هەمان ئەو ئەفسەرەیە کە دوێنێ فەرمانی گوللەبارانکردنی بۆ دەرکردین".

ئەی تەرمەکان؟ ئایا سەربازەکان دوای گوللەبارانکردن جێیانهێشتن؟ ئەبابەکر، ورد و درشتی رووداوەکانی بیرماوە، چونکە ئەو بەبریندار چاوی لە هەموو دیمەنەکان بووە "هەندێک لەوان هێشتا دەجوڵان، ئەفسەرەکە فەرمانی بە سەربازێک کرد بڕوات گوللە لەوانە بدات کە دەجوڵێن، پێش گوللەبارانکردنیش گوێم لە یەکێک لە ئەفسەرەکان بوو بە ئامێری بێتەل قسەی لەگەڵ بەرپرسەکەی دەکرد و دەیگوت هەموویان دەکوژین".

ئەفسەرەکە بە پۆستاڵەکانی هەندێک کێشاویەتی بەسەری ئەبابەکردا، دواتر فەرمانی دەرکردووە بگوازرێتەوە بۆ زیندان. ماوەی 15 رۆژ لە زیندان ماوەتەوە و دواتر بە لێبووردنێکی گشتی ئازاد کراوە.

"دوای دۆزینەوەی من لەلایەن جاشەکانەوە، سەربازەکان چوون و دەستیان کرد بە ژماردنی تەرمەکان، دوای ئەوەی تەرمەکانیان ژمارد، کەوتبوونە خۆیان و بەشوێنی مندا دەستیان بە تەقە کرد و زانییان کە 5 کەسی دیکەش نەمردوون".

ئەبابەکر، دڵنیایە لەوەی سەربوردەی ئەو هیچی کەمتر نییە لەو چیرۆکانەی نووسەرە بەناوبانگەکانی دونیا شاکاری پێ دروستدەکەن، بۆ ئەوە دەشێ منداڵان پشتاوپشت چاڵەکانی مردن بۆ یەکدی بگێڕنەوە "هەرجارێک بیر لەوە دەکەمەوە، هێندەی دیکە کوریمێ خۆشەویستتر دەبێت لەلام، دەزانم بۆیە ئەوان هاتن و ویستیان ئەو ئاواییە وێران بکەن و خەڵکەکەی بکوژن، چونکە پێشمەرگە زۆر لێرە دەمانەوە و خزمەت دەکران".

لەبارەی عەبدولقەهار و کەریم و هاشم و ئەوانەی دیکە کە رزگاریان بوو، ئەبابەکر دەڵێ دواتر یەکدیمان بینیوەتەوە و کۆتایی چیرۆکەکانمان گێڕاوەتەوە "ئەوان ماوەیەکی زۆر لەنێو دەوروبەری ئاواییەکە و ئەشکەوتێک خۆیان حەشاردابوو، تاوەکو 3 هەفتە دواتریش سەربازەکان بە دوایانەوەبوون، بەڵام لە کۆتاییدا توانییان هەڵبێن و خۆیان دەرباز کرد".

# گوللەبارانکراوێکی شنگالی چیرۆکی کۆمەڵکوژیەکەیان دەگێڕێتەوە


■ (فۆتۆ: رووداو)

نەوزاد مەحموود
رووداو- زوممار

لەنێو ئەو کەمپەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارەکانی دروستکردووە، خێزانەکان لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەدا ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن. بەشێکی زۆر لەم خێزانانە ماوەیەکی سەختیان لەسەر چیای شنگال بەسەربرد پێش ئەوەی هێزی پێشمەرگە بە پشتیوانیی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان گەمارۆی سەر چیاکە بشکێنن و لەو رەوشە نالەبارە رزگاریان بکەن.

فەواز سەفیر عەمۆ، تەمەن 26 ساڵ، لەو کەمپەوە بەسەرهاتی گوللەبارانکردنی خۆی و دەیان گەنجی ئێزدی دەگێڕێتەوە، ئەوکاتەی لەگەڵ چەندین خێزانی هەڵاتوو رێی دەربازبوونیان لێدەگیرێ.

فەواز هێشتا سەروسیمای ئەو پیاوە بەرگ رەشانەی لەبەرچاوە کە گەمارۆیان دان. ئەو رۆژەی بۆ یەکەمجار دیمەنی گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵی بە چاوی خۆی بینی. ئەو هێشتا شۆکی ئەو دیمەنە توندوتیژە بەرینەداوە "ئاسان نییە ئەوە بگێڕیتەوە کە دەیبینی، کاتێک چاوەکانم دادەخەم، هەموو دیمەنەکان دێنەوە پێش چاوم".

کاتێک چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر شنگالدا گرت، دۆخەکە بەجۆرێک شپرزە بوو کە فەواز دەڵێ دایکەکان نەپەرژاونەتە سەرئەوەی دەستی جگەر گۆشەکانیشیان بگرن. هەرکەس خۆی لەنێو پۆلێک خەڵکدا دەبینییەوە کە تووڵە رێیەکیان گرتبوو "من لەنێو ژمارەیەک خەڵکدا خۆم بینییەوە لە بەری رۆژهەڵاتی شنگال، لەناکاو کەوتینە دەست چەکدارەکان و کۆیانکردینەوە".

لە شوێنێکدا کە ئەو نازانێ چەند لە شارۆچکەکەوە دوور بووە، فەواز و گیراوەکانی دیکە ناچار بوون بچنە ژێر فەرمانی ئەو چەکدارە جلوبەرگ رەشانە "سەرەتا پێیانگوتین مەترسن، هیچتان لێناکەین و سەلامەت دەبن".

بەڵێنەکانی ئەوان وایان لە خەڵک کرد کە تارادەیەک هیوای ژیانیان بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام زۆری نەبرد دەستیان بە جیاکردنەوەی ژن و منداڵەکان کرد.

دیمەنی ئامادەکارییەکان بۆ کۆمەڵکوژی وەکو فەواز دەیگێڕێتەوە، زۆر نزیکە لە دیمەنی بەکۆمەڵ کوشتنی گەرمیانییەکان لە سەروەختی ئەنفالدا.

فەواز دەڵێت ژنێک لەنێو خەڵکەکەدا بە یەکێک لە چەکدارەکانی گوت کە دەزانین دەمانکوژن، بەڵام هیچ نەبێ تۆزێک ئاومان بدەنێ ئەو منداڵانە تینوویانە. بەڵام چەکدارەکە بە پێکەنینەوە بە ژنەکەی گوت "پەلە مەکە، تۆزێکی دیکە ئاوی زەمزەمتان دەدەینێ".

پاش ئەوەی گەنجەکان لە ژنان و منداڵان جیادەکەنەوە، یەکێک لە چەکدارەکان فەرمان دەدات کە دەستڕێژیان لێبکەن. فەواز لەگەڵ تەقاندنی فیشەکەکان خۆی دەدات بە زەویدا و جووڵە لەخۆی دەبڕێ "دواتر هەندێ لە چەکدارەکان هاتنە سەر تەرمەکان و تەماشای لاشەکانیان دەکرد، هەندێکیان بە مۆبایلەکانیان وێنەیان دەگرتین. وێنەی سەرجەمی دیمەنەکەیان گرت لەپێش دەستپێکردنی گوللەبارانەوە تا کۆتایی".

پاش کەمێک دوورکەوتنەوەی چەکدارەکان، فەواز دەرفەت وەردەگرێ و خۆی دەخاتە نێو چاڵێکەوە تا ئەوکاتەی دنیا تاریک دادێ و بە یەکجاری خۆی رزگار دەکات.

ئەو دڵنیایە لەوەی کە دایک و خوشکەکانی ماون "بەڵام هێشتا لای چەکدارانی داعشن، بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ دەکەم و دەڵێن ئەگەر پارەیەکی باش پەیدا بکەی رزگارمان دەبێ، بەڵام پارەم پێ پەیدا ناکرێ".

چیرۆکی هەڵاتنی فەواز کە لە تاریکی شەودا ملی رێگای هات و نەهاتی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەکەوێتەوە دەست چەکدارەکان، چیرۆکێکی درێژە. ئەو ئێستا هەموو شتێکی بووەتە بیرکردنەوە لە رزگارکردنی خوشکەکانی و دایکی "بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە، لە هەر شوێنێ ژنێک رزگاری دەبێ دەگەمە ئەوێ و دواتر بە نائومێدی دەگەڕێمەوە، هەموو شەوێ خەون بەوەوە دەبینم کە دایکم و خوشکەکانم دەبینمەوە".

## شاڵاو بەختیار خوێندکاری ئێمە نەبوو کە چووە ناو داعش


داعشە کوردەکە لەبەر هێشتنەوەی قژی وازی لە خوێندن هێنا
چەند جارێک لەگەڵ داعش قسەمان کرد بۆ

سەبارەت بە راپۆرتێکی هەفتەنامەی (رووداو) لە ژمارە (352)ی رۆژی 2015/3/30 لاپەڕە (7) کە (نەوزاد مەحمود) لەژێر ناوی (داعشە کوردەکە لەبەر هێشتنەوەی قژی وازی لە خوێندن هێنا) ئامادەی کردووە، لەڕاستیدا ئەم راپۆرتە زۆر تێکەڵ و پێکەڵە و من سەبارەت بەخۆم کە وەک مامۆستا بە تەلەفۆن دوێنراوم، گەلێ لەو قسانەم نەکردووە یان بەهەڵە تێگەیشتن هەبووە لەلایەن پەیامنێری رووداوەوە، یاخود مەبەستی تایبەتی لەو تێکەڵاوکردنەدا هەبووە، بۆیە من ئەم راستکردنەوەیە دەنووسم.

راپۆرتەکە (شاڵاو بەختیار) بکوژی پێشمەرگەیەکی دیلی کورد لەناو داعشدا وا دەناسێنێ کە پەیامنێر دەڵێ (خوێندکاری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان بووە لە سلێمانی و لە پۆلی چوارەمی پەیمانگاکەدا وەک یەکێک لە مامۆستاکانی بۆ (رووداو) ی باس دەکات، لەبەر سوننەتێک وازی لە خوێندن هێناوە).

ئەم هەواڵە هیچ پەیوەندی بە منەوە وەک مامۆستا کەمال ئەبوبەکر نییە و من هەواڵی واشم نەزانیوە. چونکە شاڵاو بەختیار لە 2013/11/19 بڕوانامەی دەرچوونی شەشەمی ئامادەیی خوێندنگا ئاینییەکانی لە دواناوەندی ئاینی شافعی بۆ کراوە بۆ زانکۆی سلێمانی بۆ کۆلێژی فاکەڵتی زانستە ئیسلامییەکان، کەواتە ئێستا لە قۆناغی دووەمی کۆلێژە لە زانکۆی سلێمانی، ئیتر ئەو هەواڵە راست نییە کە شاڵاو بەختیار لە پۆلی چوارەمی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانە. چونکە نە لە کوردستان و نە لە عێراق و تەنانەت لە وڵاتانی تریش پەیمانگا نییە چوار قۆناغی هەبێت. ئەمە لە رق و تۆمەتبارکردنی دەزگایەکی حکومەتی دەچێت تا شرۆڤەکردن و راڤەکردنی هەواڵ. من بە هیچ جۆرێک لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا باسی وازهێنانی (شاڵاو بەختیار)م نەکردووە لە خوێندن لە پێناوی سوننەتێکدا، بەڵکو باسی کەسانی دیکەم کردووە کە نزیکەی 2 تا 3 ساڵ لە پێش ئەوەوە بوون لە خوێندن و لەبەر نەتاشینی قژە سەریان کە قژە سەری درێژکراوی لەشێوەی داعشیانەی سووری و درێژکردنەوەی پرچێک وەک پرچی ژنانە دەچوون، ئەمە بەپێی رێنمایی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگا ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان قەدەغەیە و رێپێدراو نییە، بۆیە ئەو خوێندکارانەی پێش شاڵاو بەختیار خۆیان وازیان لە خوێندن هێنابوو.

لەو دواندنە تەلەفۆنیەدا بەناوی منەوە شت گوتراوە بە حساب لە دەمی منەوە هاتووە کە هیچ بنەمایەکی دروستی نییە. گوایە من گوتوومە (ئیدارەی دواناوەندی خوێندنگای شافیعی بڕیاری دەرکردنی ئەو خوێندکارەیان دابێ) ئەمە راست نییە. دیارە دوای 3 ساڵ کە خوێندنگای ئاینی شافعی جێهێشتووە ئاشنای بیری داعشیەتی عەرەبی بووە، ئەو لەم کاتەدا خوێندکاری قۆناغی دووەمی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان بووە، بۆچی یەخەی ئەوان ناگیرێ؟ ئەگەر دامودەزگایەک هەبایە یان هەبێت داتا و زانیاری لابووایە ئەوە دەبوو وەرتانبگرتایە نەک راپۆرتی وا تێکەڵ و پێکەڵ بنووسن. ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ژمارە و داتای دروستیان لایە سەبارەت بە خوێندکارانی ناو داعش کە لە ئەوقافەوە چوون بۆ وەرتاننەگرت لە کاتێکدا خوێندنگەیەکی ئاینی تەنانەت بەڕێوەبەرایەتییەک ئەو زانیاریەی لەلا نییە، تاوانبارکردنی خوێندنگەیەک بۆ رۆژنامەیەک کە وای دەربخات سوچی ئەوە، نا لۆژیکی و نادروستە. دەبێت ئەو رۆژنامانەی کە بەڕاستی و کوردانە بۆ کورد هاتوونەتە کایە نەک بۆ بەرپرسێ یان دەستکێشی حیزبێ یان بۆ شتی تر و مەبەستی تر، دەبێ پێشتر رەخنە لە چۆنیەتی فەلسەفەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کوردی بگرن نەک خوێندنگەیەک و دامەزراوەیەکی بچوک بەتەنیا تا رای دروست دروست نەبێ بەڵکو فرە رەهەند و فرە ئاڕاستەیی پێشان بدرێ تا راستی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دەربکەوێت.

**کەمال ئەبوبەکر**
**مامۆستای پەیمانگای شافیعی لە سلێمانی بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان**

## چەکدارێکی پێشووی داعش:

# بە کچە ناموسڵمانەکانمان دەگوت دیاریی خودا



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

شیعەم خۆشناوێت، بەڵام بە کوشتنیان تووشی شۆک دەبم

13 کچی ناموسڵمانیان بۆ هێناین و گوتیان دەستدرێژییان بکەنە سەر

**رووداو- ئیندیپێندنت**

حەمزە، تەمەن 33 ساڵ، خەڵکی فەللوجەیە و ساڵی رابردوو چووە ناو ریزەکانی داعش، بەڵام دوو مانگ لەمەوبەر لە رێکخراوەکە کشایەوە پاش ئەوەی داوای لێکرا لە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک و دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان بەشداری بکات.

حەمزە بۆچی چووە نێو داعش؟ ئەندامبوون لەناو داعش مانای چییە؟ بۆچی رێکخراوەکەی جێهێشت؟

حەمزە وردەکاریی زۆر سەیر سەبارەت بە چالاکی و بیرکردنەوەی چەکدارانی داعش دەخاتەڕوو. باسی مەشق و راهێنانی چەکدارەکانیان لە سووریا و عێراق و هەروەها باسی شێوازی بەشداریی چەکداران لە کوشتنی بارمتەکاندا دەکات.

حەمزە کەسێکی خوێندەوار و لە هەمانکاتدا لە رووی ئاینییەوە پابەندە. ماوەی شەش مانگ لەناو رێکخراوی داعشدا مەشق و راهێنانی پێکراوە. بەڵام دوای ئەو شەش مانگە، بەهۆی سەربڕینەکانی داعشەوە لەو رێکخراوە نائومێد بوو، بە تایبەتیش وەکو خۆی باسی دەکات، هەندێک کەسیان کوشتووە کە لەناو فەللوجە ناسیاوی حەمزە خۆی بوون. ئەو هەر زوو زانیبووی، گەر لەناو داعشدا بەردەوام بێت، ئەوە نۆبەی ئەویش دێت بۆ ئەوەی لە کوشتنی خەڵکدا بەشدار بێت. حەمزە دەڵێت "من شیعەم خۆش ناوێت، بەڵام کاتێک دەگاتە کوشتنیان، ئیتر تووشی شۆک دەبم."

سەبارەت بە رەوشی ژیان و بژێوی خۆی لەناو داعش، حەمزە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مانگانە 400 هەزار دینار مووچەی هەبووە، لەگەڵ کۆمەڵێک ئیمتیازاتی تایبەتی وەکو خۆراک و سووتەمەنی بە خۆڕایی، بەمدواییە رێگەیان پێداوە ئینتەرنێتیش بەکاربهێنێ.

### "دیارییەکانی خودا"

رەوینەوەی وەهمی حەمزە بەرامبەر بە داعش تەنیا پەیوەندی بە مەسەلەی کوشتن و سەربڕینەکانی داعشەوە نەبووە، بەڵکو هۆیەکی دیکەی بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتە بە بارمتەگیراوەکان دەگەڕێتەوە، وەکو خۆی دەگێڕێتەوە "لە کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوودا 13 کچی بارمتەیان هێنا، فەرماندەکە ویستی وەسوەسەم بکات کە خەوتن لەگەڵ ئەو کچانە حەڵاڵە، چونکە ئەوانە دیاری خودان و دەتوانین حەز و ئارەزووەکانی خۆمانی پێ تێر بکەین، بەبێ ئەوەی زەماوەندیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەوانە بێ دینن".

حەمزە سەبارەت بە پەیوەندیی چەکدارانی داعش و کچەکانی ناو داعش دەڵێت "لە لایەکی دیکەوە، هەندێک کچی موسڵمانی توونسی هەبوون کە لە رێگەی سووریاوە هاتبوون، ئەو کچە موسڵمانانە بۆ ماوەی یەک هەفتە لە هەندێک لە فەرماندەکان مارە دەکران، دواتر تەڵاق دەدران و لە فەرماندەیەکی دیکە مارە دەکران."

### چۆن چووە نێو داعش؟

کاتێک سەبارەت بە چۆنێتی و هۆکاری چوونی بۆ ناو داعش پرسیاری لێدەکرێت، حەمزە دەڵێت "ئەمەیان چیرۆکێکی ئاڵۆزە، ئەوان سەرەتا بەگشتی لەگەڵ خەڵک باش بوون، خەڵکیان ناچار نەدەکرد بچنە ناو ریزەکانیانەوە".

بە گوتەی حەمزە، داعش زۆر هەوڵی دەدا دڵی خەڵکی ناوچەکە بۆ لای خۆیان رابکێشن، بۆ نموونە ماڵ بە ماڵ گەڕاون و پرسیاریان لە خەڵک کردووە ئاخۆ پێویستیان بە هیچ نییە، هەروەها داوایان لە خەڵک کردووە منداڵەکانیان نەنێرنە قوتابخانە حکومییەکان، چونکە ئەوان خۆیان پرۆگرامی خوێندنی خۆیان هەیە.

### شووشتنەوەی مێشک

دواتر حەمزە باسی ئەو پرۆسەیە دەکات کە خۆی بە پرۆسەی "شووشتنەوەی مێشک" ناوی دەبات، بەپێی قسەکانی حەمزە، دوای هەر نوێژێکی بە کۆمەڵ لەناو مزگەوتەکاندا، وتارخوێنێکی داعش وتارێکی پێشکەش کردووە، دواتر کێبڕکێیەک لە نێوان گەنجانی بەشداربوودا رێکخراوە، بۆ ئەوەی بزانن کێ دەتوانێت بە قورئان و حەدیس بە باشترین شێوە بەرگری لە ناوەڕۆکی قسەکانی وتارخوێنەکەی داعش بکات. حەمزە خۆی دووجار یەکەم بووە و هەر جارێکیان خەڵاتێکی بە بڕی 300 هەزار دینار وەرگرتووە. ئەو ئەم پرۆسەیە بە یەکێک لە هۆکارەکانی چوون و مانەوەی خۆی لەناو رێکخراوەکە دەزانێت.

دایک و باوکی حەمزە، مانگی تەمووزی ساڵی پار فەللوجەیان بەرەو بەغدا جێهێشتووە، وەکو حەمزە باسی دەکات، باوکی زۆر دژی داعش نەبووە، بەڵام بەهۆی بەساڵاچوونییەوە نەیتوانیوە لەگەڵ بارودۆخی سەختی گوزەران لە فەللوجە هەڵبکات. ئەگەرچی باوکی داوای لێکردووە لەگەڵیان بڕواتە بەغدا، بەڵام حەمزە فەللوجەی جێنەهێشتووە، وەکو خۆی دەڵێت "پاش بردنەوەی 2 خەڵات، وردە وردە هەستم دەکرد سیستەمەکەم بەدڵە."

داعش هەر زوو داواکاری حەمزەی قەبووڵ کردووە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامیان، وتارخوێنی مزگەوتەکەیان پێشنیاری کردووە بیکەن بە فەرماندەی چەکداری، ئەگەرچی سەرەتا بۆ هیچ یەکەیەکی چەکداری نەنێردراوە، لەبەر ئەوەی لەڕووی جەستەییەوە ئامادە نەبووە. دواتر لە مانگی تەمووز و ئاب، کۆمەڵێک راهێنانی جەستەیی پێدەکرێت. پاشان رەوانەی دەرەوەی فەللوجە دەکرێت و بۆ ماوەی مانگێک لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی کلاشینکۆف و هاویشتنی نارنجۆک راهێنانی پێدەکرێت. دواجاریش دەینێرن بۆ رەقە، لەوێ مەشقی چەکداریی پێشکەوتووتری پێدەکەن.

لەمەڕ هۆکاری ناردنیان بۆ رەقە، حەمزە دەڵێت "هۆکارەکەی ئەوە نەبوو کە لە فەللوجە کەمپ و پێداویستی مەشقپێکردن نەبێت، ئەمانە هەمووی لە فەللوجە هەبوون. ئەوان ئێمەیان بردە رەقە، بۆ ئەوەی وەک بڵێی هەست و سۆزمان بەرامبەر بە خاکی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت زیاد بکات، واتە ئەزموونێکی نوێ و شۆڕشێکی نوێمان پێشان بدەن".

### بە 6 مانگ دەبیتە سەربڕ

حەمزە کە بە گوتەی خۆی هیچ کەسێکی سەرنەبڕیوە و نەکوشتووە، وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە پرۆسەی پێگەیاندنی چەکدارەکان بۆ گوللەبارانکردن و سەربڕین دەخاتەڕوو. بە گوتەی ئەو، سەرەتا چەکدارەکان هاوکات لەگەڵ مەشقە سەربازییەکاندا، وەکو سەیرکەر دەبرێنە شوێنی گوللەبارانکردن و سەربڕینەکان. بەڵام بەر لەوێش، کۆمەڵێک ڤیدیۆی گوللەبارانکردن و سەربڕینیان پێشان دەدەن کە کاری زۆر وردی دەنگی و وێنەییان لەسەر کراوە.

کاتێک پرسیاری لێدەکرێت کە چۆن بوو ئەویان ناچار نەکردووە لە کوشتن و سەربڕینەکاندا بەشداری بکات، حەمزە لە وەڵامدا دەڵێت "ئەوان فەرمانێکی وایان بە من نەدا، لەبەر ئەوەی بەپێی یاساکانی داعش، هەموو چەکدارێک دەبێت 6 مانگی تەواو راهێنانی پێکرابێت بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە. جیا لەمە چەکدارەکە دەبێت وانە ئاینییەکانی داعشی وەرگرتبێت". حەمزە تەنیا یەکجار داوای لێکراوە لە گوللەبارانکردنی کۆمەڵێک سوننەی فەللوجەدا بەشداری بکات، بەڵام قەبووڵی نەکردووە.

### بە ڤایبەر خۆی رزگار کرد

ماوەیەکی کورت دوای ئەمە، ئینجا 13 کچی غەیرە موسڵمان بۆ خۆی و چەند چەکدارێکی دیکە دەهێنن، بۆ ئەوەی دەستدرێژییان بکەنە سەر. لێرەوە ئیدی حەمزە گومانی گەورەی بۆ دروست دەبێت و وەکو خۆی دەڵێت باری دەروونیی تەواو پەرێشان دەبێت "لە لایەکەوە گوللەبارانەکان و سەربڕینەکان، لەلایەکی دیکەوە دەستدرێژی بۆ سەر کچانی غەیرە موسڵمان. من نەمدەتوانی خۆم لەو کارانەدا ببینمەوە. بەڵام دەترسام تووشم بکەن."

هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی حەمزە بیر لە راکردن بکاتەوە، ئەگەرچی دەشیزانی ئەگەر پێی بزانن بە تۆمەتی خیانەت دەیکوژن. بەڵام وەک خۆی دەگێڕێتەوە، توانیویەتی لە رێگەی ڤایبەر و بە هاوکاری هاوڕێیەکی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش رێگایەک بۆ راکردن بدۆزێتەوە، لەمەشدا کۆمەڵێک قاچاخچی یارمەتییان داوە.

حەمزە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو هیچکات ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی داعشی نەبینیوە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەغدادی زیندووە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە نییە، شکستپێهێنانی داعش کارێکی ئاسان بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێت "هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان توانای پێشڕەوی نەهێشتوون."

حەمزە دەڵێت ئەو ئیدی بە تەواوەتی لە وەهمی داعش دەرچووە، لەبەر ئەوەی "سەرەتا وامدەزانی ئەمانە بۆ خوا دەجەنگن، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت ئەوان زۆر لە پرەنسیپەکانی ئیسلام دوورن. من هەندێک چەکداری حەبخۆرم دەناسی، هەندێکم دەبینی شێت و دێوانەی سێکس بوون. ئینجا دەستدرێژیکردنە سەر کچانی غەیرە موسڵمان، یانیش مارەکردنی کچ بۆ ماوەی کورت بە کاری مرۆڤ نازانم. ئەو دادپەروەرییەی لە سەرەتای هاتنە ناو فەللوجە بانگەشەیان بۆ دەکرد، دواتر دەرکەوت تەنیا قسە بووە و بەس."


دەبێ 6 مانگ راهێنان بکەی تاوەکو دەبیتە سەربڕ

سەرەتا وامدەزانی ئەمانە بۆ خوا دەجەنگن

---

## لە پێشنیازە کۆنەکەی پەشیمان دەبێتەوە

# جێگرەکەی ئۆباما کورد و ئەمریکییەکان تووڕە دەکات



**یەریڤان سەعید**
**رووداو- واشنتن**

ژمارەیەک کورد و ئەمریکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردانەوەی توندیان نواند بەرامبەر وتارێکی جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، کاتێک ستایشی یەکپارچەیی خاکی عێراقی کرد و لەو پێشنیازەی پاشەکشەی کرد کە داوای کردبوو عێراق بۆ سێ هەرێمی کوردی و سوننی و شیعی دابەش بکرێت.

هەندێک هاووڵاتی کورد لە تویتەر، یەکێتی عێراقیان بە "گاڵتەجاڕی" ناوبرد و ئەوانی دیکە باسیان لەو گۆڕانکارییە دەکرد کە لە هەڵوێستی جۆ بایدن روویداوە، چونکە ئەو لە ساڵی 2006دا پێشنیازی کردبوو کە عێراق بۆ سێ هەرێم دابەش بکرێ.

"شیعە نایەوێت لەلایەن سوننەوە حوکم بکرێت. سوننە نایانەوێت شیعە حوکمیان بکات، کورد نایەوێت لەلایەن عەرەبەوە حوکم بکرێت. بۆیە یەکێتیی عێراق گاڵتەیە". ئەمە وەڵامی کوردێک بوو لە تویتەر بۆ جۆ بایدن.

"ئێمە ئەوەمان دەوێت کە عێراقییەکان دەیانەوێت: عێراقێکی دیموکراتی، فیدراڵی، یەکگرتوو وەکو لە دەستوورەکەیدا هاتووە. دەسەڵات بەسەر هەموو گرووپە عێراقییەکاندا بەشکرابێت، عێراقێک کە حکومەتی خاوەن سەروەری دەسەڵاتی بەسەر هێزەکاندا هەبێت" بایدن لەو گوتارەیدا کە لە زانکۆی بەرگریی نەتەوەیی لە واشنتۆن پێشکەشی کرد، وا دەڵێت.

ساڵی 2006 کاتێک کە سیناتۆر بوو، بایدن پاکێجێکی پێشنیاز کرد کە تێیدا داوای کردبوو عێراق دابەش بکرێت بەسەر سێ هەرێمدا و لەسەر بنەمای ئیتنیک و مەزهەب. ئەوەش وەکو چارەسەرێک بۆ راگرتنی توندوتیژی کە وڵاتی داگرتبوو.

بەڵام لەوەتای بووە بە جێگری سەرۆک لە ئیدارەکەی ئۆبامادا، بایدن لەو پێشنیازەی خۆی پاشگەز بووەتەوە.

یەکێکی دیکە لە بەکارهێنەرانی تویتەر بەناوی ئاندرۆ سییێل، پێشنیازەکەی 2006ی وەبیر بایدن هێنایەوە "کاتێک کە بایدن گوتی پێویستە عێراق دابەش بکەین بەسەر سێ دەوڵەتی کوردی و شیعی و سوننیدا، من گوتم ئەمە بیرۆکەیەکی گونجاوە و با تاقیبکرێتەوە".

"دەوڵەتێکی شکستخواردووی دروستکراو، چەندە هەلی مانەوەی هەیە؟" دیار ساڵح دەربارەی عێراق دەپرسێ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا و لە ساڵانی 1920 پێکەوەنرا.

"جێگری سەرۆک، ئایا ئەمە ئەوەیە کە عێراقییەکان دەیانەوێت؟ دڵنیام کە کورد تەنیا کوردستانیان دەوێت، جاری پێشوو تۆ راستت کرد."

لەوەتای حەیدەر عەبادی لە هاوینی رابردووەوە بووەتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، متمانە لە نێوان کورد و شیعە و سوننەدا کەمێک دروست بووە. عەبادی دەسەڵاتی لە نوری مالیکی کە بەتەواوەتی متمانەی لەدەستدابوو، وەرگرت.

بایدن لە گوتارەکەیدا دەڵێت داعش یەکێتی عێراقی بەهێز کردووە. ئەو دەڵێت "کورد و شیعە و سوننە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە باشترین بەرژەوەندییان لەوەدایە پێکەوە بن".

هەروەها دەڵێت "بەڵام سەیرەکە ئەوەیە کە بەهۆی داعشەوە حکومەتی نوێ پێکهات، لە کاتێکدا داعش

ئامانجی پارچەکردنی عێراق و دامەزراندنی خەلافەت بوو، بەڵام لە راستیدا عێراقی یەکخستەوە".

بەبڕوای بایدن سوننەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەوان عێراقێکی یەکگرتوویان دەوێت و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی نوێی عێراقیدا بن باشترە لەوەی لەژێر رەحمەتی داعشدا بن، یان پشت بە دەوڵەتە سوننەکانی دیکە ببەستن".

لەبارەی کوردیشەوە دەڵێت "کورد گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کشانەوە لە عێراق بژارەیەکی گونجاو نییە. هەروەها دەوڵەتێکی تیرۆریستیان لە تەنیشتی خۆیانەوە ناوێت. نازانم چەند جار لەگەڵ سەرۆک بارزانی لەم رووەوە قسەم کردووە".

بایدن سەبارەت بە شیعەش دەڵێت "شیعە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە نایانەوێت بە تەنیا شەڕی داعش بکەن، یان ببنە رەعیەتی دەوڵەتێکی دراوسێ".

وەزیری تەندروستی:

# ئەم کابینەیە کابینەی سەلامەتیی خۆراک دەبێت

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی پێشکەوتووی زانستیی نییە، پشکنینی هەمەلایەنە بۆ ئەو خۆراکانە بکات کە لە کوردستان بەرهەمدێن، یان هاوردە دەکرێن. پسپۆڕێکی شیکردنەوە و کواڵیتی خۆراک، پێیوایە بۆ پرۆسەی چاودێریی خۆراک، هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستێکی هەڵەوە دەستپێیکردووە، نە سەرەتایەکی دروستی هەیە و نە کۆتاییەکی دیار.

## بە ڕێگای جیاواز خەڵکیی نەخۆشدەخەن

پزیشکان دەڵێن خۆراک بەشێوەی کورتخایەن و درێژخایەن کار لە تەندروستیی مرۆڤ دەکات. د.عەبدولفەتاح هەورامی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ بە (رووداو)ی گوت "پیسبوونی خۆراک بە میکرۆبە جیاوازەکان کاریگەری خێرا دروستدەکات، وەکو سکچوون و گرانەتا و تای ماڵتا و هاوشێوەکانی. پیسبوونی درێژخایەنیش لە ئەنجامی پیسبوون بە ماددە کیمیاییەکان دەبێت و لەوانەیە لە ئایندەدا کەسەکە تووش شێرپەنجە و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو دەمار بکات".

## چاودێریی لە سنوور نەک لە شار

ناوبەناو لە میدیاکانەوە چەند لیژنەیەک دەبینرێن کە لەنێو شارەکاندا لێپێچینەوە لە خواردەمەنییە ناسەلامەتەکان دەکەن، خواردنگەکان دادەخەن و خۆراکی خراپبوو فڕێ دەدەن.

سۆران عەبدولغەفور، سەرۆکی لیژنەی سەلامەتیی خۆراک لە ئەنجوومەنی وەزیران، هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی ئاشکرای کرد لەماوەی 3 مانگی رابردوودا دەستیان بەسەر نزیکەی 36 تۆن خۆراک و کەلوپەلی ماوەبەسەرچوودا گرتووە و لەناویان بردوون. ئاماژەی بەوەشدا کە لیژنەکانیان بەشێوەیەکی رۆژانە بەنێو بازاڕدا دەگەڕێن و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ خۆپاراستنی تەندروستی نییە.

بەڵام پسپۆڕێکی پشکنینی خۆراک وای نابینێت ئەوە رێوشوێنی دروست و پێویست بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆراک. د.دارا محەممەد جەمیل، مامۆستای زانکۆ و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پشکنین و کواڵیتی خۆراک بە (رووداو)ی گوت "دەبێت سەرەتا لە سنوورەوە دەستپێبکەین، دەبێت سەرەتا بەڕوونیی بزانرێت چەندە خۆراک هاوردە دەکرێت؟ چۆن دەگوازرێتەوە؟ کێ بەرپرسە لە هێنانی، تا چەند بە پشکنین و فیلتەرە زانستییە خۆراکییەکاندا تێپەڕیون؟".

د.دارا کە کاندیدێکی بەهێزە بۆ وەرگرتنی پۆستی راوێژکاری سەلامەتیی خۆراک لە ئەنجوومەنی وەزیران، بوونی لیژنەکان لە غیابی ئەو هەنگاوانەدا بە "ناوەڕاستێکی هەڵە" پێناسە دەکات.

## کوردستان تاقیگەی زانستیی پێویستی نییە

پسپۆڕەکەی پشکنینی خۆراک، دەڵێت پشکنینی خۆراک هەر بە دروستکردنی لیژنە ناکرێت، بەڵکو هەنگاوی کرداریی پێویست و بەرچاوی دەوێت "دەبێت ئامێری پێشکەوتووی پشکنین بهێنرێنە کوردستان، تاقیگەی مۆدرێن دابمەزرێن و ستافی پرۆفێشناڵی پشکنین پێبگەیەنرێن".



د.دارا ئاشکرای کرد لە هەموو کوردستاندا ئامێرێک نییە ژەهری ئەفلاتۆکسین و جیوە لە خۆراکدا دەربخات کە دوو سەرچاوەی دیاری ژەهراویبوونن.

ئەفلاتۆکسین لە ژەهرە سروشتییەکانە و لەلایەن کەڕووەکانەوە دروستدەکرێت و ژەهراویبوونی کتوپڕ و درێژخایەنیش دروستدەکات. ساڵی 2003 شەپۆلێکی ژەهراویبوون بە ئەفلاتۆکسین لە کینیا بووە هۆی مردنی 124 کەس.

هەرچی جیوەشە دیسان کاریگەریی کتوپڕ و درێژخایەن لەسەر جەستە جێدێڵێت.

## "کابینەی ریفۆرم لە تەندروستیی خۆراکدا"

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت کە پلانیان هەیە کەرتی سەلامەتیی خۆراک لە کوردستان بە سیستەم بکرێت.

د.رێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئەم کابینەیە کابینەی سەلامەتیی خۆراک دەبێت، لە یەکەم هەنگاودا بەڕێوەبەرایەتییەکی چاودێریی خۆراک بە تاقیگەی پێشکەوتووەوە دروستدەکەین".

ناوبراو ئاشکرای کرد پێنج کۆمپانیای جیهانیی پسپۆڕ لەبواری پشکنینی خۆراک بانگهێشتی کوردستان دەکەن و 20ی ئەم مانگەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان وۆرکشۆپێک ساز دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترینیان.

### گرفتەکانی سەلامەتی خۆراک لە کوردستان

**د.دارا گرفتە گەورەکانی سەلامەتیی خۆراک لە هەرێمی کوردستاندا، لەم خاڵانەدا کورت دەکاتەوە:**

**1- نەبوونی تۆمارێک لە کوردستان کە حاڵەتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە خۆراک تۆمار بکات.**

**2- نەبوونی یاسایەک کە بەرگری لە بەکاریەران بکات و سزای ئەو کەسانە بدات کە خۆراکی ناتەندروست دەرخواردی هاووڵاتیان دەدەن.**

**3- مەشق نەکردن بە کارمەندی خواردنگەکان: دەبێت فێربکرێن چۆن تەندروستانە خۆراک دروست بکەن، بیگوازنەوە و پێشکەشی خەڵکی بکەن، بۆ ئەوەی نەخۆشی بگوازنەوە.**

**4- کۆنترۆڵنەکردنی مێش و مەگەز و مێروو لەو شوێنانەی خواردنیان تێدا بەرهەمدێت.**

**5- نەبوونی دیزاینی تایبەت بە چێشتخانەکان.**



ئیکرام حوسێن

## لە داعش خەتەرتر

ئەگەر وەزیری تەندروستی هەوڵ بدات وەزیری ناوخۆ رازی بکات بەوەی شوێنە نایاساییە پزیشکییەکان، یان شوێنە پزیشکییە یاساییە پیس و پۆخڵەکان دابخات، خزمەتێکی ئەوەندە گەورە بە گەل و نیشتمان دەکات کە هیچی کەمتر نابێت لەوەی بچێتە بەرەکانی جەنگ و بە قەناس و تۆپ و راجیمە داعش بۆردومان بکات. داعش کاتییە و دەڕوات، بەڵام ڤایرۆسی ئایدز و هەوکردنی جگەر هەر دەمێنن.

ساڵی رابردوو کەسێک داتایەکی بڵاوکردەوە دەربارەی نەخۆشیی ڤایرۆسی جگەر لە هەولێر. لە داتاکەدا هاتبوو کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە هەولێر تووشی ئەو نەخۆشییە هاتوون، بەڵام دواتر گوتی هەڵەی کردووە لە ژمارەکەدا. من گومانم هەبوو لەوەی هەڵەی کردبێت یان پەشیمان کرابێتەوە. وەزارەتی تەندروستیی ئێمە وا فێربووە هەمیشە هەوڵی شاردنەوەی مەترسییەکان دەدات، لە جیاتی زەقکردنەوەیان.

زۆر لە خەڵکی کاتێک باسی نەخۆشیی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی بۆ دەکەیت، لێت تێناگات، یان هەر گوێش ناگرێت، بەڵام کاتێک پێی دەڵێی وەکو ئایدزە، دەستبەجێ رادەچڵەکێ و پرسیار دەکات دەربارەی چۆنێتی بڵاوبوونەوەی.

گوناهی پیرەژنێک یان پیرە پیاوێک دەبێت چی بێت کە هەموو تەمەنیان لەسەر بەرماڵ بەسەربردووە و لەوانەیە بە درێژایی تەمەنیان هەرگیز وشکە ماچێکی حەرامیشیان نەکردبێت، بەڵام ئێستا لەم کۆتایی تەمەنەیاندا بەهۆی ددانسازێک، پزیشکێکی ددان، کەڵەشاخکارێک، پزیشکێکی ژنان، یاریدەدەرێکی پزیشکییەوە تووشی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی ببن؟

ژنێک کاتێک تووشی بالووکەی کۆئەندامی زاوزێ دەبێت بەهۆی ڤایرۆسەوە و دواتریش ژنەی داماو تووشی شێرپەنجەی ملی منداڵدان دەبێت، بەرپرسیارێتی تووشبوونی دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟

سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، داوا لە خەڵکی دەکات، بۆ ئەوەی لە نەخۆشی گوازراوە بەدوور بن، سێکسکردن کورتبکەنەوە بۆ تەنیا لەگەڵ یەک کەس. ئەی وەزارەتی تەندروستییەکەی ئێمە ناتوانێت ئەو داوایە لە خەڵکی بکات؟

پیاوێکی نەگبەت بە گورو تینێکی زۆرەوە دەچێتە مزگەوت و لەوێش کۆلکە موسوڵمانێک باسی گرنگیی کەڵەشاخی بۆ دەکات، ئەویش دەڕوات و کەڵەشاخ دەکات و تووشی دەبێت بە تووشی ڤایرۆسێکەوە کە دەبێت بە درێژایی تەمەنی بەکۆڵیەوە بێت، گوناهەکەی لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستییە کە هۆشیاری نەکردووەتەوە دەربارەی مەترسییەکانی کەڵەشاخ.

گوناهی ئەوانە و هەر کەسێکی دیکەی بێتاوان کە هۆشیارنەکراوەتەوە لەوەی لە شوێنێکی پزیشکییەوە ڤایرۆسەکەی بۆ بێت، لە ملی وەزارەتی تەندروستییە.

یەک دنیا عەرەب و ئێرانی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و کاری پزیشکی دەکەن. هەر لەنێو شاری سلێمانیدا زیاتر لە 35 ددانساز هەیە، لە هەر قەزا و ناحیەیەکیشدا یەک دوو دانە هەیە، ئەمە ئەوانەی کە هەر نازانن ڤایرۆس چییە و چۆن دەگوازرێتەوە، ئیتر با ئەوانەش بوەستن کە پزیشکن و ئامێرێک بۆ زیاتر لە نەخۆشێک بەکاردەهێنن.

خانوویەکی تەجاوز لەوانەیە دیمەنی شار ناشرین بکات، بەتەواوی هەقی خۆیەتی دەیرووخێنن، بەڵام ئەی ئەو هەموو جۆرەی ڤایرۆس کە بەرداونەتە گیانی خەڵکی، هەقی خۆی نییە شوێنەکانی بڵاوکردنەوەیان دابخەن؟

# 10 هۆکاری لاوازیی سێکسی

رووداو- webmd

زۆرجار وا هەست دەکەی لە رووی سێکسکردنەوە وەکو پێویست نیت، یان درەنگ حەزت بۆ سێکس دەچێت، دیارە ئەم گرفتە بێ هۆ نییە، دەشێت یەکێک لەو دە هۆکارانە بن، بەڵام دوودڵ مەبن، زۆربەی ئەو هۆکارانە چارەسەریان هەیە.

### 1 - خەمۆکی:

رۆڵی مێشک لە پرۆسەی سێکسدا زۆر کات نادیدە دەگیرێ. لە راستیدا ورووژانی سێکسی لە مێشکەوە دەستپێدەکات و دواتر بەرەو خوار دەڕوات. بۆیە خەمۆکی ئارەزووی سێکسی خامۆش دەکاتەوە. هەروەک هەندێک لە دەرمانەکانی چارەسەری خەمۆکیش ئارەزووی سێکس کەمدەکەنەوە.

### 2 - کحول:

زێدەڕۆیی لە خواردنەوە کحولییەکاندا بە تێپەڕبوونی کات کار لە توانای سێکسی مرۆڤ دەکات.

### 3 - دەرمان:

لیستێکی درێژ لە دەرمان هەن کە ئارەزووی سێکسی کەمدەکەنەوە. هەر لە هەندێک دەرمانی چارەسەری بەرزی فشاری خوێنەوە تاوەکو هەندێک لە ئازارشکێنەکان و دژە دڵەڕاوکێکان. دەتوانیت کاتێک پزیشک دەرمانێکت بۆ دەنووسێت پرسیاری لێبکەی دەربارەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو دەرمانە.

### 4 - فشاری دەروونی:

نیگەرانی و ترس دەربارەی ئەرک و بەرپرسیارێتییە جیاوازەکانی رۆژانە، ئارەزووی سێکس کەمدەکەنەوە. بۆیە دەبێت هەندێک ستراتیژ بۆ ئارامکردنەوەی دەروون بەکاربهێنی، وەکو وەرزش و یۆگا و سرووتی ئاینی، لەگەڵ خەوێکی رێکوپێک.

### 5 - تووڕەیی:

تووڕەیی ئاراستەی خوێن بەرەو روخسار دەگۆڕێت و لێناگەڕێت وەک پێویست بگاتە ئەندامەکانی زاوزێ، بۆیە ئاسان نییە لەکاتی تووڕەییدا کەشێکی رۆمانسیانە دروست بکەی. ئەو تووڕەییە بەرامبەر هاوسەر و هاوبەشەکەت بێت یان نا، کاریگەریی نەرێنی دروستدەکات. تووڕەیی دەرببڕیت یان بیشاریتەوە و لە ناختدا هەڵیبگریت، کاریگەری نەرێنی خۆی هەر دەبێت.

### 6 - دڵەڕاوکێ:

دڵەڕاوکێ دەربارەی ئەوەی نەتوانی وەک پێویست سێکس بکەیت، دەیکاتە راستی و توانای سێکسیت کەمدەکاتەوە.

### 7 - قەڵەوی:

زۆربوونی چەورییە شانە و دواتریش قەڵەوی، ئاستی هۆرمۆنی نێرینەی تێستۆستیرۆن کەمدەکاتەوە، ئەمەش توانای سێکسی کەمدەکاتەوە. قەڵەوی رێگا بۆ بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و دواتریش رەقبوونی خوێنبەرەکان خۆش دەکات، بەم هۆیەش خوێنی رۆیشتوو بۆ کۆئەندامی سێکس کەمدەکاتەوە. واتا قەڵەوی بە دوو میکانیزمی جیاواز لاوازیی سێکسی دروستدەکات.

### 8 - خۆبەکەمزانین:

ئەگەر شێوە و لەشولاری خۆت بەدڵ نەبێت و خۆت بە جوان و سەرنجڕاکێش نەزانی، توانای سێکسیت لاواز دەبێ.

### 9 - نەبوونی ئارەزوو:

نەبوونی ئارەزوو جودایە لە نەبوونی توانا. لەباری دووەمدا ئارەزوو هەیە، بەڵام توانای رەپبوون نییە لە پیاودا. نەبوونی ئارەزوو پێدەچێت هۆکاری دەروونی یان ئۆرگانیی هەبێت، ئەگەر درێژەی کێشا سەردانی پزیشک بکە.

### 10 - تەندروستیی گشتی:

شەکرە، بەرزیی فشاری خوێن، رەقبوونی بۆرییەکانی خوێن، بریندارbوونی درکەپەتک و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دەمار، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توانای سێکس.

### چارە چییە؟

هەرچەندە زۆر لە خەڵکی شەرم دەکەن بڵێن ئارەزووی سێکسیان لاوازە، هیچ رێگەچارەیەک نییە جگە لە راوێژ بە پزیشک. بە وردبوونەوەی تەواو لە حاڵەتەکە، پزیشک دەتوانێت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هۆکارەکە دیاری بکات و رێگەچارەشت پێشان بدات. هەندێکجار چارەسەر تەنیا هەندێ گۆڕانکارییە لە شێوازی ژیاندا، وەکو وازهێنان لە جگەرەکێشان و دابەزاندنی کێش. هەندێکجاریش چارەسەرەکە بە دەرمان دەبێت، جا هۆرمۆن بێت یاخود ئەو دەرمانانەی رۆیشتنی خوێن بۆ چووک زیاد دەکەن وەکو ڤیاگرا. هەندێک رێوشوێنی دیکەی پزیشکی هەن کە دەرمانی نین وەکو سەکشن دیڤایس.



# بۆچی چەوریی ورگت کەم ناکات؟



رووداو- مێڵسکلم

هەندێک هۆکار هەن کە وادەکەن سەرەڕای رێجیم و وەرزشکردن، بەڵام وەک پێویست ورگت دانابەزێت کە ئەمانە هەندێکیانن:

### 1 - تەمەنت چووەتەسەر:

هەتا تەمەن بەرەو سەرەوە بڕوات، جەستەت وزەی کەمتر خەرج دەکات بۆ راییکردنی فرمانە رۆژانەکانی. بۆیە بڕێکی زۆرتری وزە لەشێوەی چەوریدا هەڵدەگرێت و لە دەوروبەری کەمەردا کۆی دەکاتەوە.

### 2 - وەرزشی هەڵە:

دوو جۆر وەرزش هەن، وەرزشی کاردیۆ بۆ زیادکردنی توانای جەستە، وەرزشی هەڵگرتنی قورسایی بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکان. ئەگەر هەردوو جۆرەکە نەکەیت، ئەگەرێکی کەمتری هەیە بەشێوەیەکی کارا چەوریی ورگت بسووتێنی.

### 3 - خواردنی خۆراکی دەستکرد:

ئاردی سفر، چیپس، شەکری سپی و خواردنەوە گازی و شیرینەکان ئەگەری کۆبوونەوەی چەوری لە دەوری ورگ زیاتر دەکەن، چونکە رێگا خۆشدەکەن بۆ هەوکردن. بەڵام خواردەمەنییە سروشتییەکانی وەک سەوزە، میوە، دانەوێڵە و پاقلەمەنییەکان کە پڕن لە ماددەی دژە ئۆکسێن و دژە هەوکردن، سەلمێنراوە رێگری دەکەن لە قەڵەوبوونی زۆر لەشێوەی نیشتنی چەوری لە ورگ و دەوروبەری.

### 4 - چەوریی زیانبەخش:

چەورییە تێرەکانی وەک ئەوەی لە بەرهەمە گیانەوەرییەکاندا هەیە، هانی پرۆسەی هەوکردن دەدەن و رێگاخۆشکەر دەبن بۆ دروستبوونی چەوری لە ورگدا، بەڵام چەورییە ناتێرەکان کە بە ئۆمێگا3- دەوڵەمەندن، دروست پێچەوانەی ئەوە کاردەکەن و ئەگەری کەمتر هەیە چەوری لە دەوری ورگ کۆبکەنەوە.

### 5 - وزەیەکی کەم دەسووتێنی:

وەرزشی سووک و مامناوەند وادەکات کالۆرییەکی کەم بسووتێنی، ئەمەش زۆر کاریگەر نابێت لە لەنێوبردنی چەوریی دەوروبەری ورگ.

### 6 - فشاری دەروونیت هەیە:

فشاری دەروونی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ کە هانی کۆبوونەوەی چەوری دەدات لە شانەکانی لەشدا.

### 7 - خەوت وەک پێویست نییە:

توێژینەوەی زانستی سەلماندوویەتی ئەوانەی 5 کاژێر و کەمتر دەنوون لە شەو و رۆژێکدا، ئەگەری ئەوەیان زیاترە چەوری لە شانەکانی جەستەیاندا کۆببێتەوە.

### 8 - بۆماوەیی:

هەندێک کەس نەخشەی بۆماوەییان بەجۆرێکە کە جەستەیەکی شێوە سێوییان هەیە نەک شێوە هەرمێیی. ئەمانە سەختتر لە کەسانی دی چەوریی ورگ لەدەستدەدەن، بەڵام مەحاڵیش نییە لەدەستی بدەن.

### 9 - کیسی هێلکەدان لە ئافرەتان:

ئەوانەی فرەکیسیی هێلکەدانیان هەیە، باڵانسی هۆرمۆنەکانیان دەشێوێت و ئاسان ناتوانن کێش دابەزێنن.


ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (354) دووشەممە 2015/4/13



## ڕەنگ باوە دەنگ فەوتاوە

**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو – هەولێر**

گۆرانیبێژ میدیا حوسێن گلەیی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەیە و دەڵێت لەبەر ڕەنگ ئاگایان لە دەنگ نەماوە. میدیا حوسێن بە (ڕووداو)ی گوت ئەلبوومێکی گۆرانی ئامادە کردووە کە لە 7 تراک پێکهاتووە و بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی تۆماری کردووە، بەڵام دەڵێت بەهۆی گێچەڵی داعشەوە جارێ بڵاوی ناکاتەوە. میدیا حوسێن، دەمێکە لە میدیاکان دەرناکەوێت، هۆکاری ئەمە ڕوونەکاتەوە و دەڵێت "بەداخەوە ئێستا کەناڵەکان بوونەتە زینە و کەمالیات، بۆیە ئێستا ئەوەندەی ڕەنگ باوە دەنگ باو نییە".



# شووی بە کونسوڵ نەکردووە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – هەولێر**

کچە ئەکتەری کورد هێرۆ حەسەنزادە ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن شووی بە کونسوڵی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا بڵاوکرایەوە کە کچە ئەکتەر هێرۆ حەسەنزادە، هاوسەرگیری لەگەڵ کونسوڵی کەنەدا لە شاری هەولێر کردووە، بەڵام هێرۆ لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و گوتی "من بەم دواییە سەفەری کەنەدام کرد، پڕوپاگەندەیان بڵاوکردووەتەوە گوایە ئەم سەفەرە بۆ ئەوە بووە کە من شووم بە کونسوڵی کەنەدا کردووە، بەڵام ئەو قسانە دوورن لە ڕاستی".

# ڕەزازی بە ستایلێکی جیاواز



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ناسر ڕەزازی سەرقاڵی تۆمارکردنی 4 گۆرانی سینگڵە و کاریش بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومێک دەکات.

ڕەزازی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ناوی ئەو چوار بەرهەمەی ئاشکرا کرد کە بریتین لە "جەژنی نەورۆز، ئەرێ باوانم، گەشتێکم لە پێشە و هەوای مەستی". گوتیشی "ئەم چوار گۆرانییە تەواو جیاوازن لە گۆرانییەکانی پێشووم، بە تایبەتی لە ڕووی میوزیکەوە".

ڕەزازی کە بە هونەرمەندی پێشمەرگە ناسراوە، خاوەنی چەندین ئەلبوومی گۆرانییە و سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی، بەڵام هێشتا بەردەوامە لە گۆرانیگوتن. گوتیشی کە دوای تۆمارکردنی ئەو چوار گۆرانییە، ئەلبوومێکی نوێ بەرهەمدێنێ و هەوڵ دەدات هەر ئەمساڵ بڵاوی بکاتەوە.



# سامان عومەر بڕیار دەدات

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند سامان عومەر کە ئێستا لە فینلەندا نیشتەجێیە، ڕایگەیاند هێشتا بڕیاری نەداوە لەوێ بمێنێتەوە یان بە یەکجاری بگەڕێتەوە و گوتی "ئەمساڵ بڕیاری خۆم لەسەر ئەوە دەدەم".

سامان عومەر باسی کارە هونەرییەکانی خۆی کرد و گوتی ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی دوو گۆرانییە بە ناوەکانی نیشتیمان و وڵات.

جگە لەو دوو گۆرانییە، سامان ئاشکرای کرد کە گۆرانییەکی دیکەشی تۆمار کردووە بەناوی "هەرتۆم دەوێت" و لە داهاتووشدا کلیپی بۆ دەکات.



# بەپیری چوونەوە بەر هەویری

**ڕووداو – هەولێر**

چەند گۆرانیبێژ و میوزیکژەنێک دوای چەندین ساڵ گۆرانیگوتن و میوزیکژەنین، دەچنەوە بەر خوێندن، لەوانەش دانا عەبدولجەبار، نایف شێخانی و ئاراس کۆیی.

دانا عەبدولجەبار بە (ڕووداو)ی گوت "دوای چەندین ساڵ خزمەت و بەردەوامبوون لە کاری هونەری، جارێکی دیکە من و چەند گۆرانیبێژ و میوزیکژەنێک چووینەوە بەر خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس.

دانا عەبدولجەبار یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی "بەختی دڵم" لەساڵی 1987 تۆمارکردووە و خاوەنی چەند ئەلبوومێکی گۆرانییە. سەبارەت بە کاری تازەشی گوتی "بەرهەمم زۆرن، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە و سپۆنسەر، هەڵمگرتوون بۆ کاتێکی نادیار".



# بەزەلە کوردی و فارسی تێکەڵ دەکات



**ڕووداو – هەولێر**

گۆرانیبێژی کوردی تاراوگەنشین، فەرهاد بەزەلە سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانییە کە میکسێکی کردووە لە نێوان گۆرانی کوردی و فارسی.

بەزەلە ناوەڕۆکی ئەلبوومەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەلبوومەکە ناوی باوانە، لە 12 تراک پێکهاتووە و میکسێکم کردووە لە نێوان گۆرانی فارسی و کوردی".

فەرهاد بەزەلە، لە بنەچەدا خەڵکی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی. خاوەنی چوار کەناڵی ئاسمانیی تایبەت بە میوزیکە کە یەکێکیان بە زمانی پەشتۆنییە.

بەزەلە پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە هەوڵ دەدات لە ماوەی سێ ساڵدا 50 ئەلبوومی گۆرانی بەرهەم بێنێت، ئەلبوومی باوانیش یەکێکە لەو 50 ئەلبوومە.



# دیانا حەداد: حەزدەکەم بێمە هەولێر

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

دیانا حەداد، خانمە هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی گوتی ئاگاداری ئەو فێستیڤاڵ و چالاکییە هونەریانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە شاری هەولێر کراون، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، تاکو ئێستا بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵانە بانگهێشت نەکراوە.

دیانا حەداد، لە نوێترین هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ ڕادیۆیەکی عەرەبی کە ئۆفیسەکەی لە شاری هەولێرە، لە وەڵامی پرسیارێکی پێشکەشکاری پرۆگرامەکەدا کە بۆچی تاوەکو ئێستا لە هەولێر گۆرانیت نەگوتووە؟ دەڵێت "تاوەکو ئێستا بۆ هەولێر بانگهێشت نەکراوم، ئەگەرنا بەخۆشحاڵییەوە دەهاتم و گۆرانیم دەگوت".

# پزیشکەکان بە حەسرەتی لووتی شەزان

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

هونەرمەندی بەناوبانگی عەرەب شەزا حەسون، ڕایگەیاند هەموو دکتۆرەکانی نیشتمانی عەرەبی هیواخوازن نەشتەرگەریی جوانکاریی لووتی بۆ بکەن، بەڵام خۆی نایەوێ نەشتەرگەری بکات.

لە هەواڵێکدا کە تا ڕادەیەک بووە جێی گاڵتەپێکردنی هەوادارانی، شەزا حەسون دەڵێت "ئەگەرچی لە شێوەی لووتم ڕازی نیم، بەڵام نەشتەرگەریی جوانکاریم نەکردووە و بەنیازیش نیم بیکەم".

ئەو هونەرمەندە دەشڵێت "ترسم لە نەشتەرگەری هەیە، سەردانی زۆر پزیشکم کردووە و هەموو پزیشکە پسپۆڕەکانی نیشتمانی عەرەبی هیواخوازن نەشتەرگەری جوانکاریی لووتم بۆ بکەن".

ئەو خانمە هونەرمەندە لەو هەڤپەیڤینەی کە لە گۆڤاری نادین-ی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت "ڕەنگە لە دوای تەمەنی 40 ساڵی نەشتەرگەریی جوانکاری بکەم".

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
تیشکی هەتاو بەکەلووەکەتدا گوزەر دەکات، ئەوەش وا دەکات زیاتر لەخۆت ڕاببینی، وەک جاران لەهەنگاوە سادەکانی ژیان ناترسی، کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانت. هەرچەندە دەخوازی خەرجییەکانت کەم ببنەوە، بەڵام پێویستییەکانت زیاتر دەبن.

**گا**
هەسارەکانی مارس و عەتارید لە کەلووەکەتدا هانت دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە شتی نوێ، چەند شتێکت بیردەخەنەوە کە تووڕە و نائارامت دەکەن، بەڵام هەوڵ بدە پشوویەکی باش وەربگریت و پارێزگاری لە ئارامی و کەسایەتی خۆت بکەیت.

**جمک**
ئەستێرەی ڤینۆسی خۆشەویستی دێتە کەلووەکەت، لەگەڵ خۆی خۆشی و ئاسوودەییت بۆ دەهێنێ و خەمەکانت ڕادەماڵێ. توانای سۆز و خۆشەویستیت زیاد دەکات و هێزێکت دەداتێ بۆ ئەوەی کەسێکی سەرنجڕاکێش بیت، لە هەموو هەنگاوێک ڕووبەڕووی سۆز و خۆشەویستی دەبیتەوە.

**قرژاڵ**
هەرچەندە چاوەڕوانی ناخۆشە، بەڵام دڵنیابە لەبەرامبەردا ئەنجامێکی باش چاوەڕوانت دەکات. کاتێکی باشە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە هاوڕێ و هاوکارەکانت کە دەزانی پێویستیان بە هاوکاریی تۆ هەیە.

**شێر**
هەستەوەریت زیادی کردووە و کتوپڕ بڕیار دەدەی، بۆ پلانەکانی تایبەت بە داهاتووی ژیانت ڕاوێژ لەگەڵ ماڵ و ئەندامانی خێزان بکە، ڕەنگە ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنی.

**گوڵەگەنم**
ئەگەر تەنیا بیر لە شتە ناخۆشەکان بکەیتەوە کەسێکی ئاڵۆز دەبیت، بەداهاتوو گەشبین بە و ڕوویەکی خۆش و دەمبەخەندە پێشانی بەرامبەرەکەت بدە، پێویستە بەشێوەیەکی باش خۆت لەنێو کۆمەڵ و چواردەورەکەت بگونجێنی.

**تەرازوو**
لەڕووی کارکردن و دەرامەتەوە دەرگایەکی نوێی بەختەوەری دەکرێتەوە، هەوڵی خۆگونجاندنی زیاتر بدە. هەوڵی سەپاندنی بیروڕا تایبەتەکانت مەدە بەسەر خۆشەویستەکەتدا، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی گومان و لەیەکتر تێگەیشتن دەخاتە مەترسییەوە.

**دووپشک**
بەرنامە و پلانی باش دادەنێی، بەڵام هەر خۆت بەربەستیان بۆ دروست دەکەی. تەنها چاوەڕوانی هاوکاریی چواردەورەکەت مەبە، تۆش لەکاتە پێویستەکان هاوکارییان بکە. دەتوانن دەست بە پەیوەندییەکی خۆشەویستی بکەنەوە کە کۆتایی هاتبوو.

**کەوان**
هەموو کاتەکان ناخۆش و قورس نین کاتەکانی داهاتوو باشتر دەبن. دەستکەوتنی بڕە پارەیەک دڵخۆشت دەکات.
ئەم ماوەیە کاتێکی زێڕینی بەختەوەرییە، بەرنامەیەکی باش بۆ کار و هەنگاوەکانت دیاری بکە و پابەند بە بەجێبەجێکردنی.

**کاریژۆڵە**
کارەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە دەچن، ڕەنگە پەلەکردن ئاراستەکەت بگۆڕێت بەرەو ڕێگەیەکی نادیار. هەندێک کار زۆر ماندووت دەکەن هەتا دەگەنە ئەنجامێک، بەڵام هیچ کارێکیش بەبێ هەوڵ و ماندووبوون سوودی نابێت.

**سەتڵ**
لەڕووی دەستکەوت و دەرامەتەوە دەرگای بەختەوەری بەڕووتدا دەکرێتەوە، وا باشە هەوڵە داراییەکانت زیاتر بکەیت و بروات بەخۆت هەبێت. هەواڵەکان چەند ناخۆش بن ناتوانن گەشبینیت لێ تێکبدەن، ئەمەش بەرەو سەرکەوتنت دەبات.

**نەهەنگ**
ڕەنگە هەموو لێکدانەوەکانت ڕاست نەبن، هەتا لە شتێک دڵنیا نەبیت بڕیار مەدە. دەتوانن سەرچاوەی دەسکەوتەکانتان زیاد بکەن. کاتێکی باش نییە بۆ پەلەکردن لەڕووی پەیوەندی خۆشەویستییەوە.

# هەورەکانی دانیال و هەڵە



ئاری عوسمان خەیات

ڕۆماننووسین بەرلەوەی پێویستی بە خەیاڵفراوانی هەبێت، پێویستی بە توانایەکی گەورەی زمانەوانی هەیە، چونکە خەیاڵی فراوان، بە زمانی وێران گوزارشتی لێ ناکرێ.

هەڵبەتە نامەوێ بڵێم بەختیار عەلی لە (هەورەکانی دانیال)دا شکستی هێناوە، بەڵام ئەگەر ڕۆماننووسێکی ئاوا، دوای نووسین و بڵاوکردنەوەی نۆ ڕۆمان، هێشتا نەیتوانیبێ چارەسەری ئەو گرفتانەی زمانە کوردییەکەی خۆی بکات، لە دەیەمین ڕۆمانیدا بەمشێوە (بەربادە) دەربکەوێتەوە، ئەوا بەر لە هەر کەسێک، بۆ منی خوێنەر کە هەمیشە بە عەشقەوە ڕۆمانەکانیم خوێندووەتەوە، مایەی خەمێکی گەورە و تاڕادەیەک ساردبوونەوەیشە.

هێندەی ئەزموونی خوێنەرانەم لەگەڵ ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا هەر لە (ئێوارەی پەروانە)وە تا بە (هەورەکانی دانیال)ی دەگات، ئەوەم بۆ روون بووەتەوە: کێشەی گەورەی بەردەم خەیاڵفراوانیی ئەم ڕۆماننووسە، هەمیشە زمانە کوردییەکەیەتی.

لە کاتی خوێندنەوەی (هەورەکانی دانیال) دا، هاوکاتی گەڕان بە دوای چێژی خوێنەرانەدا، چاوی ڕەخنەگرانەشم کراوە بوون، بۆیە وەک هەر نۆ ڕۆمانەکەی پێشتری، بە کۆمەڵێک هەڵەی زمانەوانییەوە (بەڵام ئەم جارەیان زیاتر)، سەفەری خوێندنەوەکەم کۆتایی هات.

بەگشتی دەتوانین لە بەرهەمی چاپکراوی کوردیی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، سێ جۆر هەڵە دەستنیشان بکەین:

1. هەڵەی تایپ (پیتچنین): بەزۆریی بەرچاو دەکەوێت و زەوقی خوێنەر تەواو تێکدەدات.

2. هەڵەی ڕێنووس: دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی و لەبەرچاونەگرتنی یاساکانی ڕێزمان و ڕێساکانی ڕێنووس. کێشەی ڕێنووسی کوردی گەیشتووەتە ڕادەیەک وای لێهاتووە، هەرکەسە و ڕێنووسی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە هیچ زمانێکی زیندوو و پێشکەوتووی دونیادا ئەمە ڕێپێدراو نییە.

3. هەڵەی زمانەوانی: ئەمەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خاوەن بەرهەمەکەوە هەیە، بەوەی لەئەنجامی کەمتوانایی یان وەک پێویست سەردەرنەچوونی لە زمانەکە (با زمانی خۆیشی بێت)، دەکەوێتە نێو تۆڕی ئەو جۆرە هەڵەیەوە، کە لەئەنجامدا بونیادی زمانی دەق لەنگ دەبێت. پێموایە ئەم جۆرە هەڵەیە، لە هەموو جۆرەکانی تر خراپتر بەسەر خاوەن دەقدا دەشکێتەوەو پاساودانیشی بە هیچ بیانوویەک، داد نادا.

ئەوەی لێرەدا دەیخەینەڕوو، کۆمەڵێک هەڵەیە لەم جۆرەی دوایییان، لەپاڵ هەندێ هەڵەی تردا، کە لە بونیادی گشتیی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون، واتە توخنی ئەو هەڵانەی ناکەوین، کە بە هەڵەی تایپ و هەڵەی ڕێنووس هەژمار دەکرێن، چونکە ئەگەر کارێکی وا بکەین، ئەوا ناچار دەبین سەرلەنوێ ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)ی بەختیار عەلی تایپ بکەینەوە. لەگشت بارێکدا، ڕەنگە نموونەی کوشندەی هەڵەی تایپ لەم ڕۆمانەدا، ئەوە بێت کە لە لاپەڕە (32)دا هاتووە: "لەو کاتەی لای مامە سیام ئیشم دەکرد، تەمەنم 62 ساڵ بوو"، کە دیارە ڕاستییەکەی (26) ساڵە، سەبارەت بە ڕێنووسیش بەسە ئاماژە بەو دیاردە نازانستییە بدەین، کە هەر لەخۆوە هەندێ وشە بەیەکەوە دەنووسرێن و دەدرێنە دەم یەکترەوە، بێ ئەوەی پێڕەوی هیچ بنەمایەکی زانستیی تێدا کرابێت.

لێرەدا ئەو وشە، دەستەواژە، ڕستەو پەرەگرافانەی لە ڕۆمانەکەوە وەرمانگرتوون، بێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنووس و خاڵبەندی و چاککردنەوەی هەڵەی تایپ (ئەگەر هەبێت)، وەک خۆیان دەیاننووسینەوەو تەنها هەڵە زمانەوانییەکان دیاری دەکەین بەپێی تواناش ڕاستیان دەکەینەوە.

1. "هەموو بە میر ئەوداڵ بانگیان دەکرد، من نەبێت کە بە زمانێکی ڕەسمی و وشک، بەڵام پڕ ڕێزو بێخەوش بانگمدەکرد (جەنابی میر)، جۆرە بانگێشتێک کە هەندێ جار دڵخۆش و هەندێ جاریش تووڕەیدەکرد." (ل6). (جۆرە بانگێشتێک) هەڵەیەو (بانگکردن) ڕاستەکەیەتی، چونکە (بانگێشت) بە واتای (داوەت) دێت، کە پەرچڤەی (دعوە)ی عەرەبییە.

2. "پانکەیەکی کۆن، بە جۆری جانەوەرێکی گێژو ماندوو لەسەقفەکەدا دەسوڕایەوە." (ل7). هەقمان بەسەر وشەی (سقف)ی عەرەبییەوە نییە، بەڵام (لەسەقفەکەدا دەسووڕایەوە) هەڵەیەو دەبوو بنووسێت: (بە سەقفەکەوە دەسووڕایەوە)، چونکە پێشگر (لە... دا) زیاتر ئاماژەدانە بە شتێک لەناو شتێکی تردا و ئەرکی پێچەوانەی (بە.... وە)یە.

3. "مامە سیام بە ستایش و لێدوانی باش دەربارەی من شتێک لە ڕێزو نرخی لای هەمووان بۆ دروستکردم." (ل38). ئەرێ بە ستایشکردن و (لێدوانی باش!) مرۆڤ (نرخ) پەیدا دەکات؟ باشتر نەبوو هەر وشەی (نرخ)ی نەخستبایەتە پاڵ (ڕێز)و ئەویشی ناشیرین نەکردایە!

4. "فەراس لەپێشدەمیدا هەر بە گەدایەکی شڕۆڵەو لانەوازی دەکرد" (ل44)، یان: "شێوەو قیافەمان بە هیچ یەکێک لە هاوڕێکانی پرۆفیسۆری نەدەکرد..." (ل479). ئەگەر بمانەوێ دوو شت بە یەک بچوێنین، سوود لە چاوگی (چوون) وەردەگرین، نەک (کردن)، بۆیە لە پرۆسەی لێکچواندندا ڕاستترە بگوترێ یان بنووسرێ: فڵانە شت لە فڵانە شت دەچوو یان دەچێت... واتە دەبوو ڕۆماننووسەکەمان لەبری ئەو (دەکرد)و (نەدەکرد)ە، نووسیبای: دەچوو و نەدەچوو.

5. "دکتۆر... دکتۆری چی... هیچ نازانێت، ناتوانێت گوونی خۆی و گوێزەر لەیەک جیا بکاتەوە. (ل53). ئێمەش نازانین ئایا مەبەستی ڕۆماننووس (گێزەرە) یان (گوێز)ە، کە دکتۆر سیامەند، ناتوانێت لە گونی خۆی جیای بکاتەوە؟ بێگومان لێرەدا دەبێ (گوێز) بێت، چونکە دیارە (چوک و گێزەر) لە درێژییاندا و (گون و گوێز) لەخڕییاندا لێک دەچن و مرۆی گێل یەکیان لەوی دی، لەگەڵ ئەوەی خۆیدا بۆ جیا ناکرێتەوە، دەنا (گوێزەر)مان نەبیستووە، بۆیە پێدەچێ ڕۆماننووس ویستبێتی بەم (گوێزەر)ەی خۆی، (خورمێ)ەکەی مام (خوردیش)مان وەیاد بێنێتەوە!

6. "بیهێنە پێش چاوی خۆت لەژێر ئەم شارە دەریایەک مجەوهەرات و یاقووتی سوور و تەلای ئەسڵ هەبێت، بەڵام بەچی دەچێت کە هەرگیز مرۆڤ دەستی پیادا نەگات..." (ل59) یان: "دوورترین خاڵێک کە دەبوو دوژمن دەستی پیادا بگات..." (ل439). (پیادا نەگات)و (پیادا بگات) هەڵەن و (پێی نەگات)و (پێی بگات) ڕاستن.

7. "هەریەکەیان لایەنیکەم ڕۆژی سێ جار تووشی ئەو فێیە دێن." (ل66). (تووشی ئەو فێیە دەبن) جوانترە نەک (تووشی ئەوفێیە دێن).

8. یەکێک لە کێشە بەردەوامەکانی بەختیار عەلی، حیساب نەکردنە بۆ مۆرفیمی کۆکردنەوەی (ن) لە ڕستەدا، لەم ڕۆمانەشیدا هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەم هەڵەیە بەرچاو دەکەوێ:

– "وای بەباش دەزانم ئێوە چاوتان بە هەندێ لە زیندانەکان بکەوێت و چیرۆکەکەیان وردتر بزانن تا بتوان ڕاپۆرتی خۆتان بە باشی بنووسن..." (ل68). جارێ (چیرۆکەکانیان) ڕاستە، نەک (چیرۆکەکەیان)، چونکە وشەی (زیندانەکان) بە مۆرفیمی (ان) کۆکراوەتەوە. بەدەر لەوە (زیندانەکان)یش بۆخۆی هەڵەیەو دەبوو بنووسێت: (زیندانییەکان)، ئاخر جیاوازیی ئەو دوو وشەیە ئاسمان و ڕێسمانە. زیندان: ناوی شوێنە و زیندانی: ئاوەڵناوی بکەرە، کە ئەمەیان مەبەستی ڕۆماننووسە کە یەکەمیانی بەکارهێناوە، نەک جارێ، بەڵکو چەند جارێک ئەم هەڵەیەی دووبارە کردووەتەوە. ئەوەتا لە (ل136)یشدا نووسیویەتی: "هیچ زیندانێک نەبووە لێرە ڕۆژێک زیاتر یان کەمتر مودەتی مەحکومییەتی خۆی بباتە سەر". دیسانەوە لێکجیانەکردنەوەی (زیندان) و (زیندانییە) و جگە لەوەش (بباتەسەر) هەڵەیە و (بردبێتە سەر) ڕاستەکەیەتی.

ئەنجا فەرموون هەندێ لەو حیساب نەکردنانەی تر، بۆ مۆرفیمی (ن)ی کۆ:

– لاوازیی قاچەکانم بەجۆرێک بوو هەموو دەیانبینی چۆن دەلەرزێت. (ل146) ڕاستەکەی: لاوازیی قاچەکانم بەجۆرێک بوون هەمووان دەیانبینین چۆن دەلەرزن.

– دیمەنی یەکەمی شتەکان هەمیشە درۆزن و نادروستە. (ل164) ڕاستەکەی: هەمیشە درۆزن و نادروستن.

– دەموچاوی نەخۆشەکان بەجۆرێکی خراپ زامداربووبوو. (ل165 — 166) ڕاستەکەی: زامداربووبوون.

– هەورەکان نیشانەی هەستی ناوەوەمانە. (ل203) ڕاستەکەی: ناوەوەمانن.

– چاوانی تووڕەییەکی نهێنی تێدا بوو. (ل216) ڕاستەکەی: نهێنییان تێدا بوون.

– تەقینەوەکان تەواو لە ئێمە نزیک بووەوە... (ل434)... (نزیک بوونەوە) ڕاستەکەیەتی.

..و چەندین نموونەی دیکە.

9. "دکتۆر مالیک کە جووتێک چاویلکەی ڕەشی لە چاودا بوو..." (ل79)، هەموو مرۆڤێک هەر یەک چاویلکە بە دوو هاوێنەوە لەچاو دەکات، ئیتر نازانم دکتۆر مالیک چ جۆرە مەخلوقێک بووە، کە توانیویەتی جووتێک چاویلکەی ڕەش لەچاو بکات!.

10. دەتوانین بەپێی فەرمانی کاربەدەستانی باڵا دەستبکەین بە کێشانی نیگاری ئەو خەونە. (ل91)، هەروەها لە (ل118)دا دەنووسێت: "هەموو ئەم بەیانییە لەگەڵ ئەندازیار مستەفا باسیلیدا خەریک کێشانی نەخشەیەکی سەرەتایی بووین بۆ شێتخانەکە"... دیسانەوە لە (ل224) دا دەنووسێت: "بەڕاست چۆن دەکرێت کێشانی وێنەی خەونێک وا بشکێتەوە؟)، لەو سێ ڕستەیەدا هێند بە نارێکی کردارەکانی (نیگارکێشان) و (نەخشەکێشان) و (وێنەکێشان) بەکارهێناوە، خوێنەر هێڵنجی دێ، کاتێ دەیانخوێنێتەوە. بۆ یەکەم (... نیگارکێشانی ئەو خەونە) و دووەم (...خەریکی نەخشەکێشانی سەرەتایی بووین...)و سێیەمیشیان (... وێنەکێشانی خەونێک...) ڕاستە. ئەمە ئەگەر ئەوە لەبەرچاو نەگرین، کە (وێنە) دەگیرێت و (نیگار) دەکێشرێت.

11. "من هەشت مانگ لەمەوبەر بۆ ئەوەی لە حەقیقەت تێ بگەم، برا گیان تێگەیشتن لە حەقیقەت ئاسان نییە. هەشت مانگ لەمەوبەر بۆ ئەوەی لە حەقیقەت تێبگەم، بەڵێ، هەشت مانگ لەوەوبەر، چووم بۆ ناوچە سنوورییەکان." (ل102)، باس لەوە ناکەین، کە ئەو دەربڕینە چەندە نارێکە، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو دووبارەکردنەوە بێ تامەی کەڵکە کراوە، بەڵام وادیارە ڕۆماننووس جیاوازی (لەمەوبەر) و (لەوەوبەر) نازانێت، بۆیە دوای دووجار بەکارهێنانی (لەمەوبەر) لەپڕێکدا دەیکات بە (لەوەوبەر)و بەمەش ئەوەندەی تر دەربڕینەکە نابووت دەکات!

12. "هەستدەکەم ویستبووی بێتە دەرێ، کەمێک هەوا بخوات و ڕووناکی بەربکەوێت..." (ل111— 112)، ئەرێ هەوا دەخورێت؟

13. "چاوانی چیتر لە چاوانی پیاوە نەجیبزادەکەی جاران نەدەچوو، بەڵکو لە شێتێک دەچوو، وەسواسێکی دەروونی بیخوات." (ل112). با واز لەوە بێنین (ن)ی کۆ پشتگوێخراوە، بەڵام وەسوەسە (وسوسە) نەخۆشییەکی دەروونییە، ئەوکەسەی تووشی ئەم جۆرە نەخۆشییە دەبێت، پێی دەوترێت کەسێکی وەسواسە (وسواس). واتە وەسواس ئەو کەسەیە، کە وەسوەسەی تووش بووە. بۆیە دەبوو ڕۆماننووس بینووسیبایە (...لە شێتێک دەچوون، وەسوەسەیەکی دەروونی بیانخوات)، چونکە ئەو وەسفی حاڵەتی (چاوی کەسێکمان بۆ دەکات)، لەبەردەم ترسی (نەخۆشی وەسوەسە)دا.

14. "هەڵبەتە ئێمە ناوی نانێین شێتخانە، وشەیەکی وەها کاریگەرییەکی خراپی لەسەر باری دەروونی نەخۆشەکان و کەسوکاریان دەبێت، ناوی دەنێین سەنتەری تەندروستی دەروونی" (ل118). (سەنتەری تەندروستی دەروونی) هەڵەیەو (سەنتەری دەروونندروستی) یان (دروستیی دەروونی) ڕاستەکەیەتی. (تەندروستی) واتە (بەدەندروستی)، ئێ دەروون تەن و بەدەنی کوا؟!

15. "چەند پەرداخێکی لەسەر یەک داکردو خواردبییەوە..." (ل132)، ئەرێ (چەند پەرداخێک ئاو) دادەکرێ یان تێدەکرێ؟ (داکردن) بۆ شلەمەنی ناشێ.

16. "شاهەنشاکان ڕاستە حوکمی ئاسمان و زەوی دەکەن، بەڵام دەسەڵاتیان بەسەر خەونی خۆیاندا نییە، دەتوانن بەر لە سەدان لەشکری بەهێز بگرن، دەتوانن تاج و تەختی دەیان میرو گزیر تێک بدەن، بەڵام بەری مۆتەکەو دێوەزمەی ناو خەونیان پێ ناگیرێت." (ل133). جارێ هەقمان بەسەر تواناو دەسەڵاتی —وەک ڕۆماننووس دەڵێت— شاهەنشاکانەوە نییە، بەڵام گەلۆ بەشکو ئێوە بزانن (گزیر)ی داماو تاج و تەختی هەیە، تا پادشاکان تێکیبدەن؟ ئاخر مەگەر گزیر بەردەستە و خزمەتکار نییە؟!.

17. "هاتنیان بۆ لای من بۆ ئەوە نەبوو پرسیارم پێ بکەن..." (ل143). مادامەکێ (پرسیار) لەگۆڕێدایە، ئەوا (لێکردن) گونجاوترە، چونکە (پێکردن) هەر لەگەڵ (پرس)دا جوانە.

18. "من هەم جورمم بچوک بوو..." (ل146). (جورم) بە گەورەیی و بچوکی نییە، بە زۆر و کەمییە. بۆیە ئەو جۆرە ئاوەڵناوە لەگەڵ جورم (تاوان)دا بەکار نایەت.

19. "کاتێک دکتۆر سوعاد باسی ئەو ڕۆژە بۆ ڕێنوار دەکات، کە تەلەفۆنی بۆ کردووە، دەڵێت: "من ئەو زەنگەم بۆ دایت..." (ل230). نازانم (لێ)ی (دایت)ەکە بۆچی قرتێنراوە؟ ئەم هەڵەیە لە زۆر شوێنی تری ڕۆمانەکەدا دووبارە کراوەتەوە، وەک ئەوەی (لێ)یەکان زیادە بن. بڕوانە ئەم دێڕە بێ (لێ) چەند ناشرینە: "وەک فێ هاتوو لە بەردەم خۆمەوە دەمگوت..." (ل454)، مەبەستی ئەوەیە بڵێت: (وەک فێ لێهاتوو)... (لێ) لەجێی خۆی دابنرێ زۆر جوانە... ئەوجا دەیان گوزارەی هەڵەی وەک "خەوم پێدادەکەوێت... (ل549)"مان بۆ دەکات بە (خەوم لێ دەکەوێت)و بەمەش خوێنەر وەڕس نابێ!.

20. "پرمەی چەند قاقایەکی گەورە وەک چەند بەردێکی گەورە بن و..." (ل236). (پرمە) دوو واتای هەس: دەنگی لوتی یەکسم، دەنگی گریانی لەناکاو، ئیدی نازانم (پرمە) و (قاقا) چۆن لەوێدا خراونەتە پاڵ یەکتر؟.

21. "خۆت مەبوورێنەوە، چاوت بکەرەوە، منداڵ بازاڕ دەرمەهێنە، ئەمە ئەو کەسەیە کە دەبێت بیپارێزێت..." (ل260). (منداڵ بازاڕ دەرمەهێنە) مانای چییە؟ ئەمە چ جۆرە کوردی نووسینێکە؟ وادیارە ڕۆماننووسەکەمان سەروکاری لەگەڵ دەرهێناندا هەیە، بۆیە هەر بەوەندە وازی نەهێناوە و دەنووسێت: "بە دەنگی بەرز ئازایەتیان دەردەخست و جوامێرییان دەردەهێنا و دەیانگوت... (437)"، جوامێری بۆ دەرهێنان ناشێ، هی نواندنە. (بە دەنگی بەرز ئازایەتی و جوامێرییان دەنواند).

22. "بە پۆستاڵی درێژەوە بەناو بەفری زستاناندا بڕۆم، ملیپێچی خوری بئاڵێنم و پاڵتۆی ئەستوور لەبەر بکەم و..." (ل264)، ئەرێ پۆستاڵی کورت هەیە؟ ئایا ناوهێنانی پۆستاڵ بەس نییە بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات، ئیدی چ پێویستی بە ئاوەڵناوی (درێژ) هەیە؟ مەگەر پێڵاو و پۆتین و پۆستاڵ، سێ جۆرە ناسراو و باوەکە نین لای هەمووان؟ دواتر (ملیپێچی خوری بئاڵێنم) یانی چی؟ تۆ بڵێی (لە ملم)ی نێوان (خوری) و (بئاڵێنم) چی بەسەر هاتبێ؟ ئایا ئەویش هەڵەی تایپە؟.

23. "من بەردەوام بە ئاوی سارد دوش دەگرم" (ل302) دووش ناگیرێ، دەکرێ. (من بەردەوام بە ئاوی سارد دووش دەکەم)، ئەوەتا بۆ خوێندنەوە جوانترو لەسەر زمان ڕەوانترو لە نووسینیشدا ڕاستترە.

24. "هێند لەیەک ترازابووین، وێرانبوونی دونیاش نەیدەتوانی بمانلکێنێتەوە بەیەکەوە." (ل317). ئاخر لە وێرانبوونی دونیادا کوا شتی لێکترازاو چانسی جارێکیتر پێکەوەلکانیان هەیە؟.

25. "ئیدی هیچ شتێک لە سەی ئەسڵان لەژیانیدا گرنگتر نەبوو" (334). یاسای بەراوردی وا شێواندووە، بەهەزارحاڵ تێدەگەی دەیەوێ چی بڵێ! دەبوو بنووسێت: "ئیدی هیچ شتێک لەژیانیدا، لە سەی ئەسڵان گرنگتر نەبوو".

26. "لەمڕۆوە دەبێت دەست بکەن بە هەڵکەندن و قووڵکردنەوە، سەعاتێکی تر ئەندازیارەکان دەگەنە بەرەوە..." (ل350). دە دوانزە جار ئەم دێڕەم خوێندەوە، ئەوسا تێگەیشتم، مەبەستی لە (دەگەنە بەرەوە) واتە (دەگەنە شوێنی کارکردنەکەیان)، چونکە (دەگەنە بەرەوە) داتاشراوێکی نوێی بەختیار عەلی خۆیەتی و فڕی بەسە زمانی کوردییەوەنییە!

لەوەش نارێکتر ئەوەیە، کاتێک دەستەواژەیەکی وەک (نێو بەین) دادەتاشێ و بەشێوەیەکیش بەکاری دەهێنێ، پیاوم گەرەکە دڵی تەنگ نەبێت: "دیارە غەمۆکی و هەڵچوونی لەناکاو و پەشۆکانی کتوپڕو تووڕەبوون و گریان هەبوون، بەڵام من هەر زوو خۆم دەخستە نێو بەین و شتەکانم ئارامدەکردەوە" (ل353). خۆم دەخستە نێوبەین، چ شێوەزار و بنزارێکی کوردییە؟ مەگەر لەوێداو بۆ ئەو ڕستەیە، (نێو و ناو و نێوان) مەگەر هەر (بەین) نییە!.

27. ئال موراد دەڵێت: "کابرا هەر شتێکی بۆ دابنابام، چاوم دەنا بە لوولەی دووربینەکەوەو..." (ل370). من لەژیانمدا تەقەم نەکردووە، بەڵام دەزانم دووربین لوولەی نییە!

28. "من سەیری داودم کردو چاوێکم بە ڕوخساری ئەوانی تردا خشاندو...." (ل376). نەخێر بۆ چاوپیاخشاندن، (چاوم بە ئەوانی تردا گێڕا)، جوانترە.

29. "پیرەمێردێکی لەخواترس و بێئاگا لە دونیا کە ژیانی زاهیدێکی لەدونیا دابڕاو دەژیا..." (ل419— 420)، کە وترا زاهید، ئیدی دەزانرێ کەسێکی لە دونیادابڕاو و لاتەریکە، چ پێویست دەکات (بێ ئاگا لە دونیا و لەدونیا دابڕاو)ی سەربار بخەین.

30. "لەساتێکدا دەپەڕێمە ناو خەونی زەهاو، دەزانم ئیتر ئەوە من نیم کە سەیری ئەو هەورە شێتانە دەکات..." (ل43). (دەپەڕێمە) هەر زۆر ناشرینە (دەچمە) جوانترە، ئینجایش (سەیری ئەو هەورە شێتانە دەکات...) هەڵەیەو دەبوو بینووسیبا: (سەیری ئەو هەورە شێتانە دەکەم)...

31. "بە دەنگێکی ترساو و گڕو کپەوە دەڵێت..." (ل433). تێناگەم (دەنگێکی ترساو) لەیەک کاتدا چۆن هەم (گڕ)ەو هەمیش (کپ)ـە؟

32. "بە هۆی باران و تاریکییەوە توانیبوویان دەرچن و نەکەونە دیلی سوپای مەمەد حەسار..." (ل439)، (... ... نەبنە دیلی دەستی سوپای مەمەد حەسار) ڕاستە.

33. "لەگەڵ تلەکانمدا بەردە تیژەکان دەچن بە لەشماو توند ئازارم دەدەن، سەرم لە چوکڵی هەندێ بەردی تیژ دەدات" (ل444). ئەرێ کامە چوکڵی بەردە؟ لەلاپەڕە (462)یشدا جارێکی تر (چوکڵی بەرد) دێتەوە ناوەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕستەیەکی عەنتیکەتردا: "ئاخ بۆخرسان چ چیایەکی سەیرە، پڕ نوک و چوکڵ و ددانی بەردینە..."، ئیدی بێ قەزا بێ، بەختیار بەجۆرێک (تل و چوکڵ و نوک و ددان)ی لەپاڵ (بەرد)دا ڕیزکردووە، ئەسڵەن زۆر بە زەحمەت بیرمان دەکەوێتەوە، کوردی دەخوێنینەوە؟!

34. "زەهاو وەک پشیلەیەکی ترساو وایە، لەشسوک و بازدار لەپێشمەوە، وەک کەروێشکێک لە تانژی هەڵبێت ڕادەکات، وەک شێت لەسەر چوار چنگۆڵە بەناو لیتەو بەردو ئاوەڕۆی ساردی باراندا..." (ل445). لەوە وازدەهێنین کە دانەپاڵی وەسفی (پشیلەی ترساو) و (کەروێشکی هەڵهاتوو) و (شێت) بۆ یەک کەس و لەیەک کاتدا، چەند لەیەکەوە دوورن، بەڵام با سەرنج بدەینە (چوار چنگۆڵە) و بیر لەو داماوە بکەینەوە و بپرسین: ئەرێ تۆ بڵێی ئەم زەهاوی سۆفی عەبدییە، پێیەکانیشی (چنگ)یان هەبووبێت؟

35. "سەربازەکانی مەمەد حەسار لەم ناوەدا بێخەیاڵن و پاسەوانییەکی وەها ئەنجام نادەن" (ل462)، پاسەوانی ئەنجام نادرێ، دەکرێ یان دەگیرێ. (پاسەوانیکردن، پاسەوانیگرتن)، (پاسەوانی ئەنجامدان) زۆر ناخۆشە!

36. "دوای خەو هەڵدەستم و لەشم لەگەڵم نایە، ماسولکەکانم بە جەمام کەوتوون..." (ل463). هەرچی فەرهەنگی کوردیم لەبەردەستن، گەڕام، (ماسولکە بە جەمام کەوتن)م تێیاندا بەرچاو نەکەوت. هەر بەڕێزێک زانیارییەکی هەیە، تکایە ئاگادارم بکاتەوە، خێری دەگات.

37. "من ترپەی دەستی دەپێوم..." (ل466)، ترپەی دڵ دەپێورێ، نەک هی دەست. ئەمە گوایە مەبەستی ئەوەیە، بڵێت: ترپەی دڵی، لە شادەماری دەستییەوە دەپێوم.

38. "تا حورمەت لە لاشەی کوژراوەکە بنێن..." (ل468). لە هەموو ڕۆمانەکانی دیکە و بەم ڕۆمانەشییەوە، هەمیشە لەبری (تەرم)، (لاشە) بۆ مرۆڤی مردوو/ کوژراو بەکاردەهێنێ، کە هەموومان دەزانین لاشە بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەک بۆ مرۆڤ!

39. "... سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی مەکینەکان بوو، ئامێری چاپەکەی دەبردە ڕێوەو لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی کوفیاندا هاریکار بوو کە ئەویش لە لێزانین و دەست ڕەنگینیدا دەستەکەمێکی لە سەید یەدوڵا نەبوو" (ل504). دەیەوێ بڵێت: دەسترەنگینی کوڕەی کوفییانی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا کەمتر نەبوو لە سەید یەدوڵا، کەچی ناتوانێ بەو شێوەیە مەبەستەکەی خۆی دەرببڕێت، بۆیە ناچار هاتووە، وشەیەکی سەیروسەمەرەی وەک (دەستەکەمێکی) دادەهێنێ، کە هیچ یاسایەکی مۆرفۆلۆژی لە زمانی کوردیدا قەبوڵی (تەعەددا)ی ئاوا ناکات..!

40. "ئازاری ناوەکی نادیار لە ناوەوە دەیانخوات" (ل507). کە وترا (ئازاری ناوەکی) ئیدی چ پێویست دەکات باسی (ناوەوە) و (دەرەوە) بکەین؟ یان (ئازارێکی نادیار لەناوەوە دەیانخوات) باشتر نەبوو، بنووسرابا؟



# زمانەوانییەکان

41. چ پێویست دەکات، ڕستەیەکی وەک (نازانم گرمەی هەوری ئاسمانە...) سەقەت بکەین و بەم شێوەیەی بنووسین: "نازانم گرمەی هەورەکانی باڵایە..." (ل522). ئاخر (ئاسمان) بۆچی بکەین بە (باڵا)؟

42. "کۆمەڵکوژی گەورەیان تیا ئەنجام دەدەن..." (ل534) (کۆمەڵکوژی گەورەیان بەسەر دێنن) چ عەیبێکی هەیە کە نایەنووسێت؟

43. "لە هەندێ جێگادا سەدان پیاوانی دێلاوارمان دەبینی..." (ل537). ناو لە زمانی کوردیدا، بەو شێوەیە کۆناکرێتەوە. بەڵام نازانین بۆچی بەختیار دێت (پیاو)ی دوای ژمارەی (سەدان)یش کۆ دەکاتەوەو دەیکات بە (سەدان پیاوان)!

44. "بۆقبۆقیلە وەها نیگای خەڵکی دەکرد، وەک ئەوەی زوڵمێکی گەورەی لێ بچێت..." (ل539). زوڵم (لێ ناچێت)، بەڵکو (لێدەکرێت).

45. "دەمێک گوناهبارێکی خەیاڵیان کێشا..." (ل546). سەیرکەن یەک (ی)ی چی بەسەر واتای ئەو ڕستەیە هێناوە...ڕاستەکەی ئەمەیە: دەمێک نیگاری گوناهبارێکی خەیاڵییان کێشا.

46. "هەمیشە لەبەر چاومە بە ڕیشە سپی و قژە ڕەشەکانییەوە" (ل548). دەبێ بنووسێت: بە ڕیشی سپی و قژی ڕەشییەوە... (قژە ڕەشەکانی) لەبنەڕەتەوە هەڵەیە!.

47. "کوڕی عاسمان، ئەمە پیشانی هەرکەس نادەم..." (ل558). (هەرکەس) نا (هەموو کەسێک) یان (هیچ کەسێک).

**• کەڵەکەکردنی وشەی هاوواتا:**

وەک چۆن لە زۆر شوێندا وشە، مۆرفیم و ئامرازە ڕێزمانییەکانی کرتاندووە، بەپێچەوانەشەوە لە زۆر شوێندا وشەی هاوواتای بەسەر یەکەوە کەڵەکە کردووە، ئەمانەش هەندێ نموونەن:

1. تۆش گەنجێکی ئارام و سەبوور دیاری... (ل37)

2. ئاهەنگی بەردباران و ڕەجم سازدەکەن... (ل273)

3. دانیشتنی تایبەت و خسوسیم بۆ دەسازاندن... (ل358)

4. خالق ڕێگای جەهەنەم کوا و قاپی دۆزەخ لەکوێیە. (ل420)

(ئارام، بەردباران، تایبەت، دۆزەخ...)ی کوردی و (سەبور، ڕەجم، خسوسی، جەهەننەم...)ی عەرەبی هەریەک شتن، ئیتر نازانین چ حیکمەتێکی لە پشتەوەیە کە ڕۆماننووس ئاوا لەپاڵ یەکدا ڕیزیکردوون، بەڵام کار هەر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو دەنووسێت: "لەئێستادا گەر بەخت بهێنین و لەگەڵ من بتخەنە کەمپی ناوشاخان، ئەوە شانسێکی باشمان هێناوە" (ل264) جارێ لەوەگەڕێن کە (بەخت بهێنین) چ دەستەواژەیەکی نابوتە، بەڵام مەگەر (بەخت) و (شانس) هەر یەک شت نین؟ ئیتر ئەگەر (بەخت بهێنین) (شانسێکی باشمان هێناوە) یانی چی؟

5. دووبارەکردنەوەی وشەی هاوواتای کوردییش بەدی دەکەین، وەک: "تووشی گێژو ورپیەیەکی کتوپڕ دەبوون... (ل356)" یان: ".... زانیارییەکی زۆری دەربارەی نهێنییەکانی دەرمانکردن و هەتوان گرتنەوەو مەرهەمسازی کۆکردبێتەوە. (ل153)"، ئەرێ برادەرینە (دەرمانکردن و هەتوانگرتنەوەو مەرهەمسازی) هەریەک شت نین؟! یان: "ئێشکەرەکان هەموو تێشوو و پاچ و بێڵ و خاکەنازیان پێ بوو، لە بانی ترۆپک لە پشت زنجیرە بەردێکی تیژەوە... (ل349)"، بێجگە لەوەی (بێڵ)و (خاکەناز)، دیسانەوە هەر یەک شتن، بەڵام دەستەواژەی (لە بانی ترۆپک)یش زۆر پێکەنیناوییە، کە گوایە مەبەستی (لوتکەی چیایە). ڕاستییەکەی هەرجارێک (لەبانی ترۆپک) دەخوێنمەوە، بیری برادەرە تورکمانەکانی (کفری)یم دەکەم!

**• داتاشینی بە هەڵەو بە هەڵەبەکارهێنانی وشەو زاراوە:**

بەختیار عەلی، لەم ڕۆمانەیدا وەک ڕۆمانەکانی دیکەی، هاتووە کۆمەڵێک وشەی لەخۆوە داتاشیوەو کۆمەڵێکی دیکەیشی بە سەقەتی بەکارهێناوە. ئەو نە پسپۆڕی زمانی کوردییە و نە ئەو سەلیقە گەورەیەشی لە زمانی کوردیدا هەیە، تا ئەو ئەرکە وەئەستۆی خۆی بگرێ، بۆیە لەم بوارەشدا کەوتووەتە هەڵەی زەقەوە.

ئەوەی لای خوارەوە خراونەتەوەڕوو، هەندێ لە وشە بەهەڵەداتاشراوەکانی بەختیار عەلین و ئێمەش ڕاستەکانیان بەرامبەر دەنووسینەوە:

1. چێشتکەر: چێشتلێنەر.

2. هەواڵدز: هەواڵگر.

3. ئارایشتگەر: ئارایشتکار.

4. تیمارپێچ: برینپێچ.

5. گوپدار: گوپن

6. ژەنگین: ژەنگن، ژەنگاوی.

7. دەستکار: دەستکرد.

8. دەروونخانە: مەبەست لێی نۆرینگەی پزیشکی دەروونناسە. (دەروون شتێکی بەرجەستە نییە تا خانی هەبێت).

9. بنەماڵەی دەستدار: بنەماڵەی دەسەڵاتدار. (بنەماڵەمان هەیە دەسەڵاتدار نەبێ، بەڵام بنەماڵەمان نەبینیوە بێ دەست).

10. فیشەکلەق: فیشەکلغ (وشەیەکی تورکییە، واتە فیشەکدان).

11. قیرچیسمە: قیرسیچمە (وشەیەکی تورکییە، بە کەسێک دەوترێ کە خووڕەوشتی بێزارکەرانەی هەبێت).

12. شووشەی دووربین+ ئاوێنەی دووربین: دووربین نە شووشەی هەیە و نە ئاوێنە. دووربین هاوێنە (عدسە)ی هەیە.

13. دەستی دەگوژیم: دەستی دەگوشیم.

**• تێکەڵکردنی (ف) و (ڤ):**

ئەم دیاردەیە، کە لەڕاستیدا کێشەیەکی فۆنۆلۆژییە لە هەموو نووسینەکانی پێشووتری بەختیاردا-نەک هەر بە تەنها ڕۆمانەکانی- بەرچاو دەکەوێت. لە (هەورەکانی دانیال)یشیدا، دیسانەوە لە چەندین شوێندا پیتی (ف) لەبری پیتی (ڤ) هاتووەو بەپێچەوانەشەوە، کە وەک دەزانین ئەم دووانە دوو فۆنیمی جیاوازن لە زمانی کوردیداو توانای واتاگۆڕینیان هەیە، بۆیە لەو وشانەیشدا، کە واتا ناگۆڕن، دەبێ هەروەک خۆیان بنووسرێنەوەو نابێ دەستکارییان بکەین.

1. دەموچاوی بە جۆرێکی سەیر پڤی کردبوو... (ل53) (پفی کردبوو)

2. خێرا دەستەسڕێکی لە گیرڤانی دەرهێناو... (ل53) (گیرفانی)

3. دیارە دەیانەوێت شارێک یان نەتەوەیەک یان دەفەرێکی گەورە بترسێنن... (ل431) (دەڤەرێکی)

**• هەندێ هەڵەی تر کە پەیوەستن بە بونیادی گشتی ڕۆمانەکە:**

1. ڕۆماننووس لەسەر زاری (ڕێنوار)و لە وەسفی (دکتۆر سیامەندی مام)یدا دەنووسێت: "پیاوێکی مۆن و خۆبەزلزان نەبوو" (ل7)، کەچی نۆ دێڕ دواتر دەنووسێت: "پیاوێکی باش و دەم بە خەندە نەبوو، خاڵی نەبوو لەخۆویستی و لە خواستی گەورەبوون و هەڵکشانی زۆر". جارێکی تریش لە دێڕی (9 —12)ی لاپەڕە (9) دا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دکتۆر سیامەند کەسێکی خۆبەزلزان بووە! ئیتر نازانین کام لەو دوو وەسفە، لەڕاستیدا مەبەستی ڕۆماننووسە، کە داوێتییە پاڵ دکتۆر سیامەند؟

2. "چەند ڕۆژێک پێشتر هەواڵ هاتبوو، کە لەزیندان نەخۆشییەکی دەروونی بڵاوبۆتەوەو وەک هەر تاعوونێک کە ڤایرۆسەکەی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازرێتەوە..." (ل22). دەبوو ڕۆماننووس ئەوەی بزانیایە، کە تاعون نەخۆشییەکی ڤایرۆسی نییە، بەڵکو نەخۆشییەکی بەکتیرییە و بەمەش ڕاستتر وابوو یان لەبری تاعون ناوی نەخۆشییەکی تری هێنابا یان ئەوەتا نووسیبای: (... وەک هەر تاعونێک، کە بەکتریاکەی...).

3. "من بۆ یەکەمجار لەژیانمدا بە دڵگەرمی و بەردەوامی دوای هەواڵەکان دەکەوتم. بەیانیان پێش ئەوەی بچم بۆ سەر کار هەموو ڕۆژنامەکانم دەکڕی، تکامکرد لە شوێن کارەکەمدا تەلەفۆن و تەلەفزیۆنێکی کۆنیان بۆ هێنام، تا بتوانم لە نزیکەوە ئاگام لە دۆخی دێلاوار بێت" (ل181)، کەچی لە (ل235)دا دەڵێت: "بەوەدا من زۆربەی کاتم لە سەنتەرەکەدا دەبردە سەر، سەرچاوەیەکی زۆری زانیاریم لەبەردەستدا نەبوو، نەشمدەویست هیچ کەسێک بزانێت کە مرۆڤێکم بایەخ بە حاڵی دونیا دەدەم). ئەنجا لە (ل237)دا دەڵێت: "هەموو ڕۆژێک هەواڵەکان باسیان لە سەری بڕدراوی خەڵکانی دێلاوار دەکرد". با خوێنەر خۆی لەم بارەیەوە حوکم بدات، من هیچ ناڵێم.

4. "لە کوچەیەکدا بۆقبۆقیلە لەخۆیەوە بەسەریدا هات و پیاوێکی ڕەشتاڵەی باریک و موو کورتی گرت..." (ل251). وابزانم هەموو خوێنەرێکی وریا ئەو پرسیارە ئاراستەی ڕۆماننووس دەکات لەوەی بۆقبۆقیلە چۆن زانی پیاوە ڕەشتاڵە باریکەکە مووی کورتە؟ خۆ ناشێ مەبەستی ڕۆماننووسی لە موو (قژ/ پرچ) بێت؟

5. یەکێک لە کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، کە بەشێکی گێڕانەوەشی دەکەوێتە ئەستۆ، وەک لەلاپەڕە (450)دا هاتووە ناوی (ئال مـوراد کەنعانە)، بەڵام دیارە ڕۆماننووس بیری چووەتەوە، کە لە (ل103)دا، کاتێک یەکەمجار ئەم کەسێتییەمان پێ دەناسێنێ، نووسیویەتی: "ئال موراد ناوی بنەماڵەکەیان (ال المراد) بوو.... کەس بە ناوی خۆیەوە بانگی نەدەکرد، هەموو هەر بە ئال موراد بانگیان دەکرد. (ل103) ئەمە بێجگە لەوەی ئەو (ال)ی (تعریف)ەی سەر (ال مراد)یش، بەپێی یاسای (ناساندن) لە زمانی عەرەبیدا هەڵەیە.

6. لەلاپەڕە (266)ی ڕۆمانەکەوە، کارەکتەرێک بەناوی (نەقیب نەجات یوکسەل) ەوە دەردەکەوێت و ڕۆماننووس بەم شێوەیە پێمان دەناسێنێ: "ڕۆژێک ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە هات، ناوی نەقیب نەجات یوکسەل بوو..."، کەچی لەلاپەڕە (405)ەوە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن و بێ پاساو دەبێتە (عەقید نەجات یوکسەل)، هەر بۆ نموونە: لە (ل 405)دا لە نۆ دێڕدا، سێ جار ناوی هاتووە، جاری یەکەم و دووەمیان عەقیدەو لە جاری سێیەمدا بووەتەوە بە نەقیب! هەروەها لە لاپەڕە (408)دا، لە سێ دێڕدا دووجار ناوی هاتووە، جارێک نەقیبەو جاری دواتر عەقیدە. لە (ل412) تا (ل413) هەمان هەڵە دووبارە کراوەتەوە، کە جارجار (نەجات یوکسەل) لە نەقیبەوە دەبێتە عەقید و دیسانەوە دەبێتەوە بە نەقیب!

7. "بۆنێکی تایبەت لە ئۆفیسەکەدا بوو، کە بۆ من جادوویی و هەژێن بوو، بۆنی عەتر نەبوو، بۆنی دەرمانی خاوێنکردنەوەش نەبوو، بەڵکو بۆنی شتێک بوو کە بیرمدەکرد، بۆنی تازەی کتێب، بۆنی لاپەڕەی نوێ کە تازە لەژێر میلی چاپ دێتە دەرێ..." (ل478). خوێنەری وریا کاتێک ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە، دەپرسێ: ئایا ڕێنواری زەریاواری پێشتر کاری لە چاپخانەدا کردووە، وائێستا بیری بۆنی کتێبی تازە چاپکراو بکات؟ هەڵبەتە نەخێر، چونکە تا ئەو شوێنەی ڕۆمانەکە، شتێکی وامان بەرچاو و گوێ ناکەوێ! ئەمەمان کاتێک بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەم چەند دێڕە، لە لاپەڕە (568)دا دەخوێنینەوە: "کە ناوی چاپخانە دێت، من هەوای کتێبەکان دەچێتەوە سەرم، دەنگی ئامێرەکانی چاپ جارێکی تر لەگوێمدا دەزرنگێنەوە، کەپووم پڕ دەبێت لە بۆی مەرەکەبێکی بۆنخۆش...".

8. پرۆفیسۆر گوتی "غەم مەخۆ، من لە ڕۆژانی داهاتوودا، سێ شوناسنامەتان بۆ دەردەهێنم..." (ل489). تەواو، کەواتە پرۆفیسۆر قاسم شابەندەر سێ شوناسنامە بۆ هەریەک لە (ڕێنوار زەریاواری، زەهاو سۆفی عەبدی و ئال مـوراد) دەردەکات، کەچی لە لاپەڕەی دواتردا (ل490) هاتووە:"دکتۆر هەر بەو جۆرەی کرد کە خۆی گوتی، شوناسنامەی دوو هاوڵاتی خەڵکی ئەڵائابادی بۆ دەرهێناین..."، ئەنجا لەلاپەڕە (503)دا دەنووسێت: "ئال موراد لە شوناسنامەکەیدا ناوی موجیب سوفیان بوو...)، کەواتە سێ شوناسنامەی بۆ دەرکردوون، نەک دوو!.

**• پێشنیاز:**

لەکۆتاییدا دوو پێشنیازم بۆ بەختیار عەلی ڕۆماننووس هەیە، کە دڵنیام زۆر کەسیتر چ بە نووسین و چ ڕووبەڕوویش ڕەنگە ئەم پێشنیازانە و زیاتریشیان خستبێتەڕوو، بەڵام بۆچی تائێستا بەگوێی نەکردوون؟ ئەوە پرسیارێکە مەگەر خۆی وەڵامی بداتەوە...

1. پێویستە بەختیار عەلی وەک ڕۆماننووسێکی پڕ بەرهەم، قەدری خوێنەرانی خۆی بگرێت و لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا پەلە نەکات و ئەوپەڕی وردی بنوێنێ لەبڵاوکردنەوەیاندا.

2. پاش تەواوکردنی نووسینی هەر ڕۆمانێک و پێش ئەوەی بنێردرێ بۆ چاپخانە، داوا لە چەند هاوڕێ و کەسێکی نزیکی خۆی بکات، پێداچوونەوە بە بەرهەمەکەیدا بکەن، خۆ ئەمە عەیب نییە و هەمووشمان لەبەردەم ئەگەری هەر جۆرە هەڵەیەکداین. نەخوازەڵا لەبەرامبەر پرسێکی وەک زماندا، کە هەتا بڵێی بوونێکی سرکی هەیەو بە ئاسانی بۆ هەموو کەسێک دەستەمۆ ناکرێ.

# چەمکی تەنیایی لە ڕۆمانی "گاتسبی مەزن" دا

**مێرۆ کوردە**

هەردوو چەمکی گۆشەگیری و تەنیایی بە دوو سیمای گرنگی سەردەمی جاز و بووژانەوەی ئابووری دێنە هەژمار، کە دواتر ئەم دۆخە بووە هۆی ململانێی ڕۆشنبیری و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەرچاو. لەدیارترین سیماکانی ئەو سەردەمەش؛ لەناکاو بەرزبوونەوەی باری ئابووری بوو کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕەوشتی و نەریتی.

جۆری شۆڕشەکان بریتی بوو لە شەڕی نێوان شارە پێشکەوتوو و شارستانییەکان و شارە سیما گوندیەکان یان شەڕی فیکری نوێ و نەریتی کۆن و شەڕی ئەمریکای کۆن و نوێ بەتەواوی کێشەکانییەوە، کە بریتی بوون لە کێشەی کۆچکردن، پەنابەر، تاراوگە و شەڕی نەتەوەو دەمارگیری و شەڕی کهول و شەڕی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، کە بوونە هۆی دروستبوونی دۆخێک تاک بەرەو تەنیایی و هەڵبژاردنی گۆشەگیری ببات.

لە ڕۆمانی (گاتسبی مەزن)ی سکوت فیتزجیراڵد- دا کە باسی ئەو سەردەمە دەکات بە تەواوی کێشەکانییەوە، هاوینی 1922 وێنەی ئەو ژیانە دەگرێت، کە ڕێک لەو کات و سەردەمەدا باسی ونبوون، گۆشەگیری، تەنیایی و هەژاری دەکات لەگەڵ کاریگەری کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، بەڵام هەریەک لەوان لە سندووقی ڕەشی خۆیدا دەژی. هەریەکە لە کەسایەتییەکان بەدەست تەنیایی خۆیەوە گیرۆدە بووە، جا بە شێوەیەکی کەسی بێت یان بەهۆی کاریگەربوونی نێوان کەسایەتییەکانی تر.

(نیک کاراوای) ڕۆڵی گێڕەرەوە دەگێڕێت و لەگەڵ تەواوی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەش بەریەککەوتن و ناسین و کاریگەری هەیە، ئەمەش گرنگە وەک وەزیفەی سەرەکی خۆی وەک گێڕەرەوە، وەک دەردەکەوێت کاراوای کە باس لە تەنیایی و گۆشەگیری ئەوانی دیکە دەکات، خۆی لە هەمووان تەنیاترە و ئەمەش شتێکی لۆژیکییە، چونکە چاودێری تەنیایی و ژیان و بیرکردنەوەی ئەوانی تر دەکات چاودێریش حەتمەن تەنیایە، کاراوای چاودێری کەس و ڕووداوەکان دەکات و دەیگێڕێتەوە، بەڵام دواتر ئەمە دەبێتە لاوازییەک بۆ ڕۆمانەکە، چونکە ناتوانێ باسی ئەو ڕووداوانەمان بۆ بکات کە لەبەرچاوی ڕوونادەن یان لە ڕێگەی کەسایەتییەکانی دیکەوە درکی پێبکات، بە مانایەکی دیکە نەیتوانی گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان بێت، لەوانەشە (جیراڵد) بە ئەنقەست ئەم کارەی کردبێت بۆ ئەوەی مانایەکی نوێ بخاتە سەر گۆشەگیری و تەنیایی لە سەردەمی جازدا.

ئەوەی ڕووندەبێتەوە ئەوەیە؛ کاراوای چیرۆکخوان لە تەنیایی دەترسێت، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە یادی لە دایکبوونی سی و سێ ساڵەی خۆی بیردەکەوێتەوە و دەترسێت ببێت بە هەرەمێک کە لە خوارەوە تاسەرەوە بەبەردی تەنیایی هەڵچنرابێت و دواجار لە لوتکەشدا ئەو ببێتە تەنیایەکی گۆشەگیر، لەهەمان کاتدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکە و هەمووان دەپچڕێنێت، هەرکات هەست بکات ئەم پەیوەندییە دەبێتە پردێک بۆ گەیشتن بە ژیانی تایبەتی خۆی.

لەسەرەتادا و بە ڕێکەوت (گاتسبی مەزن) دەناسێت، بەڵام خۆی لێ نزیک ناکاتەوەو لە دوورەوە چیرۆکەکانی دەبیستێ و ناچێتە پێشەوە، چونکە لە بیری خۆیدا پێیوایە نزیکبوونەوە و دروستکردنی پرد بۆ نێو ژیانی کەسی و تایبەتی گاتسبی وادەردەکەوت کە گاتسبی بیەوێ تەنیا بێت.

لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا و لە چرکەساتێکی ویژدانیدا کە گاتسبی گرێ کوێرەکانی دەکاتەوە و ڕاستییەکان بۆ کاراوای باس دەکات، کاراوای هیچ هەوڵ نادات سۆز و بەزەیی بە گاتسبی ببەخشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەخنەی ئاراستە دەکات و سەبارەت بە ئاهەنگە زۆر و کۆبوونەوە پووچەکانی کە پڕن لە ژنی سەرخۆش و پیاوی درۆزن سەرزەنشتی دەکات وەک شتێک، کە تەنیایی پێ سەنگینتر بێت لەم تەنیاییەی پڕە لە مرۆڤی بێڕوو و ناوی دەنێت "گردبوونەوەی بۆگەن".

کاراوای جۆرێک لە پێشبینیشی هەبوو سەبارەت بە بێرووی دۆستەکانی گاتسبی و درزبردنی تەنیاییەکەی. کاتێک گاتسبی مرد، هیچکام لەو کچانەی بەسەر شانییەوە سەرخۆش دەبوون نەهاتن بۆ سەر تەرمەکەی، ئەو پیاوانەی لە بادەی گاتسبیدا مەست دەبوون و بۆ تاوێک خەمەکانیان بیردەچووەوە شانیان نەخستە بن تابووتی گاتسبی.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر دەیەوێ باسی پووچی گردبوونەوە زۆرەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی بکات، لەو ساتەوەختەدا کە پارە نرخی پیاوی دیاری دەکرد، خێزانەکان بۆ هەڵاتن لە تەنیایی پەنا دەبەنە بەر گردبوونەوە و بەهەدەردانی پارە و خۆشاردنەوە لەنێو شەراب و سێکس، بەڵام دواجار جگە لە هیچ، هیچ شتێک لەدوای خۆیانەوە جێناهێڵن.

گاتسبی کە کوڕی خێزانێکی هەژار بوو، بە ڕێگەی ڕەش بووە خاوەنی سامانێکی لە بن نەهاتوو، خووی بە سازکردنی ئاهەنگی گەورە و بانگکردنی ئەشرافەکانی شارەوە گرت، بەڵام هەمیشە لە دوورەوە چاودێری دەکردن و هیچ کات نەیتوانی ببێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە. بۆیە بەتەنیایی و گۆشەگیری مایەوە و ئەمەش لە دوو شوێنی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ، سەرەتا لە چاودێریکردنی میوانە زۆرەکانی و تەماشاکردنیان لە دوورەوە، دواجاریش لە کاتی مردنی، کە دەبوو هاوڕێی بێ هەژمار و خانەدانی زۆر دەوری بگرن و بەتەنیا نەیخەنە ژێر خاک و لە پای ئەو ئاهەنگ و شەوە مەستانەی بۆی سازدەکردن ماتەمێکیان بۆ سازکردبا.

دیزی ئەو ژنەی گاتسبی وەک ئاگر دڵی بۆی دەسووتاو و دوای ساڵانێک دۆزیەوە و دیزی ئەوەی دووپاتکردەوە؛ کە هێشتا خۆشیدەوێ، ئەویش لەمەراسیمی ناشتنی تەرمەکەیدا نەبوو.


چیرۆکی ئەم ڕۆمانە کۆمەڵی دەوڵەمەندەکان ڕیسوا دەکات، کە هاوڕێی گیرفانی یەکترن و شتیان لە یەکدی دەوێ، نەک هەست.

ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ پڕە لەم جۆرە تەنیاییانە، کە سنووری تاکی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە تەنیایی و گۆشەگیری بە کۆمەڵ، کە بەیەکەوە دەژین و دەخەون، بەڵام هەریەک لەوان لە قاوغی خۆیدا گینگڵ دەدات و کاریگەری ڕاستەوخۆیشی لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز کردووە، کە پێکەوەبوونیان بێ ئولفەتە.

با لە ڕۆمانەکەدا نموونە وەربگرین، تۆم و دیزی سەرەڕای ئەوەی ژن و مێردن و کچێکیان هەیە، بەڵام هەریەکیان ژیانێکی تایبەت بەخۆی دەژیت، تۆم ناپاکی لەگەڵ دیزی دەکات و ژنێکی دیکە دۆستیەتی کە ئەویش ژنی پیاوێکی دیکەیە و نێوانیان بێ ئولفەتە، ئەو ژنەش (مێرتلە) و هەست بە کەمترین گوناهباریش ناکات، بەڵام وادیارە پەیوەندی ئەویش بە تۆمەوە لە پێناو بەرژەوەندییە و مەبەست تێکەڵبوونە لەگەڵ کۆمەڵی دەوڵەمەندەکان و ئاهەنگ و بەزم و گردبوونەوەکانیان، بەڵام هەرگیز ڕێز و حورمەتی ئەو کۆمەڵە بەدەستناهێنێت و هەمیشە سووکایەتی پێدەکرێت، تەنانەت لەلایەن خودی (تۆم)یشەوە. لە لایەکی دیکەوە (وڵسن)ی مێردی مێرتل لە تەنیاییەکی قووڵتردا دەژیت کە ژنەکەی فەرامۆشی کردووە و ئەویش هەست بەتاوان دەکات لەوەی نەیتوانی ئەو ژیانە بۆ ژنەکەی دەستەبەر بکات کە ئارەزووی دەکات، دیزیش بە مەیلی دڵی خۆی دەژیت و پاش ئەوەی پەیوەندییە لاوەکییەکەی هاوسەرەکەی ئاشکرا دەکات، هەوڵ دەدات سەرنج و مەیلی پیاوانی دیکە بۆخۆی کێش بکات، دواتر مەیل دەدات بە گاتسبی.

ئەمریکای تازە لەم ڕۆمانەدایە کە ئازادی زۆرە و تەنیایی و گۆشەگیری زۆرتر و تاکەکان دوورن لە یەکدی و هەستی درۆیینە بۆ یەکتر دەردەبڕن، ئەمەش کۆمەڵگەیەکی نەخۆشی دروستکردووە، کە بەدەست تەنیاییەوە گیرۆدە بووە.

ئەم ڕۆمانە وێنەی ژیانێکی جەنجاڵ و قەرەباڵغمان نیشان دەدات، بەڵام لەناوەوە بەتەواوەتی پووچ و چۆڵە و بریتییە لە هیچ.





گۆران محەممەد

# پینۆکیۆ

چونکە شکۆی هەر پارڵەمانێک دەسەڵاتەکانێتی، ئەوە بۆیە پارڵەمانی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمییەوە شکۆسز بووە، شتێکیش نەبێ، نە دەشکێ و نە دەڕووشێ.

چاوەڕێی چی بین؟ پارلەمان ڕێ و شوێن بۆ چارەسەرکردنی بابەتی سەرۆکایەتی هەرێم دابنێ؟ ئای بۆ حەلاوی باس بکە، ئاخر بڕیاری پارلەمان بەقەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکاندا، تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیشدا جێبەجێ ناکرێ، وای بۆ مەیخانەکان. قسەخۆشێکی گەرمیانی بەسەرسوڕمانەوە گوتبووی: ڕۆڵە جگەرەی چی قەدەغە دەکەن! خۆ خەڵک لە تاوی ئێوە دەیکێشێ. بڕیاری پارلەمانێک لە باشترین دۆخدا کەرەستەی بەرهەمهێنانی جۆک بێت، بێگومان لە بارەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەر دەبێ مایەی شۆک بێت.

شەرە لەقەی پارلەمانتاران شکۆ ناڕووشێنێ، چونکە پێشتریش بوتلۆەشاندن نەیڕووشاند، بوتڵی چی! خاڵە هێنانی دەبابەی بەعس بۆ حەوشی پارلەمان شکۆی نەشکاند، جا دوو نەرمە بۆکسی نێو برادەران هەر هیچ نییە، ئەوە وەک نقورچی نێوان تازە بووک و زاوا وایە قوربان.

پارلەمانێک یاسای (زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان) ی تژی بێت لە هەڵەی ڕێزمان. پارلەمانێک بە هەموو عەقڵی خۆیەوە پێیوابێ یاسای بۆ (کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری) لە کوردستاندا دارشتووە، ئاخر دەبووا یاسای بەنموونەییکردنی قۆرخکاری بنووسنەوە. پارلەمانێک تژی بێت لە خەڵک کە پێویستیان بە بەهاناوەچوونی دەروونی هەبێت، کەچی یاسا بۆ (تەندروستی دەروونی) دابڕێژێت. پارلەمانێک، یەک لە یاساکانی ناونیشانی (یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی فیدراڵی) بێت کە هەرچەند لێکمدایەوە نەمزانی چییە، ئاخر پەشێو گوتەنی، کە دەمخوێندەوە دەمزانی کوردییە، بەڵام نازانم بۆ تێنەدەگەیشتم. لە وڵاتێکدا کە زۆربەی سیاسەتکارەکانی، ئەگەر پینۆکیۆ* بوونایە ئێستا هەر یەکەیان لووتی کیلۆمەترێک درێژ دەبوو، بەڕاستییەتی یاسای بۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاری داناوە؟

ڕاستت دەوێ؟ ئەوەی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە شکۆی بە پارلەمان نەبەخشی، حیزبەکانی کوردستان خۆیان بوون. یەکەمین دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بەرەی کوردستانی بوو، ئەمڕۆ، هێشتا هەر هەمان بەرە حوکمدارە، ئەی ئەوە نییە شاندی پارلەمان، وەک بەرگدروو، حیزب حیزب دەگەڕێن تا بزانن چۆنیان پێخۆشە، ئاوها یاسایان بۆ ساز بکەن؟ خۆش ئەوەیە شەرمیش ناکەن و زوو زوو، پرێسکۆنفرانس بۆ ئەم سکانداڵە ساز دەکەن. ئێمە هێشتا لە سەردەمی بەرەی کوردستانین، بەبرایەتیمان هەرچی پارە لەو پارلەمان و ئەندامانەیاندا لە بیست و ئەوەندە ساڵی ڕابردوودا سەرف کراوە، با بردوویەتی، ئاخر ئەو پارەیە بدرایە بە پشتەمەغزە بۆ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، تا لەم بەهارە خۆشەدا بیانکردایە بە تککە، باشتر نەبوو؟

**پینۆکیۆ: کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکنووسی ئیتاڵیایی (کارلۆ کلۆدی)یە، پینۆکیۆ کارەکتەرێکی لە تەختە دروستکراوە، هەر کە درۆیەکی بکردایە، هەندێک لووتی درێژ دەبوو.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی و سیناریۆکانی بەردەمی

پرسی مانەوەی بارزانی و پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دوو پرسی گرێدراوی یەکترین، بەو پێیەی کە کێشە لەسەر سیستەمی حوکمڕانیی کوردستان هەیە و جۆری هەڵبژاردنی سەرۆکیش ئەو سیستەمە دیاری دەکات کە وڵاتی پێ بەڕێوە دەچێت، بۆیە ئەم دوو پرسە تێکهەڵکێشی یەکتری بوونە.

لە ماوەی ڕابردوودا کەم تا زۆر حیزبەکان بە شێوەی ڕەسمی یان نیمچە ڕەسمی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لێ دەرچێت کە چەندین ساڵە سیاسەتی پێ بەرهەم نایەت) ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسی دەستوور و سیستەمی حوکمڕانی دەربڕیوە. زۆربەیان لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەبێ سیستەمی حوکمڕانی پەرلەمانی بێت. پارتی کە یەکێکە لە داکۆکیکارانی سەرسەختی سیستەمی سەرۆکایەتی، ڕەنگبێ ئیتر نەتوانێ لەم بارودۆخەدا زیاتر لەوە بەرگری لە بۆچوونەکانی بکات، چونکە هاوشێوەی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، قەیرانێکی دیکەش لە ڕێگەیە و لەوەشیاندا هەر پارتی بەرپرسیارێتی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆیە ناکرێ پارتی ببێتە هۆکار و لایەنی قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان.

سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو، ئەگەر بە ڕەسمیش نەبێ لەگەڵ مانەوەی بارزانیدان وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، لە بەرامبەریشدا چاویان لەوەیە کە پارتی بە سیستەمی پەرلەمانی ڕازی بێت. واتا لە بەرامبەر دۆزینەوەی ڕێگە و مەخرەجێکی قانوونی بۆ مانەوەی خولێکی دیکەی سەرۆک مەسعود بارزانی (مەبەست چوار ساڵە نەک دوو ساڵی دیکە) پارتی ڕازی بێت بەوەی کە سەرۆک لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێت ، هاوکات هەردوو لا (پارتی و لایەنەکانی دیکە) گەرەنتی بدەنە یەکتری کە ئەگەر بارزانی لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ خولی سێیەم هەڵبژێردرایەوە، هیچ لایەنێک بۆ موزایەدەی سیاسی پاڵێوراوی لەبەرامبەر قوت نەکاتەوە و پارتیش گەرەنتی ئەوە بدات کە لە کاتی تێپەڕینی دەستوور لە ڕیفراندۆم، بۆ جاری چوارەم بارزانی بۆ ئەو پۆستە کاندید نەکاتەوە. ئا لێرەوە دەرگایەک کراوەتەوە بۆ سازان و ڕێککەوتنی نێوان حیزبە سیاسییەکان و دەربازبوون لەو قەیرانەی کە ڕەنگبێ دروست بێت.

بابەتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بابەتێکە کە لایەنەکان زۆرترین موزایەدەی سیاسییان پێوە کردووە و لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا ئەو بابەتە، بەتایبەتیش لە لایەن یەکێتییەوە قۆستراوەتەوە، تا بەڵکو لەو ڕێگەیەوە هەندێک دەستکەوتی حیزبی پێ دابین بکات. درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ دووساڵ پێشنیازی یەکێتی بوو، وایاندەزانی پارتی بە مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە لە گۆشەیەکدا سجن دەکرێت و بەردەوام موحتاجی دەستی یەکێتی دەبێ بۆ ئەوەی پارتی ئەو پۆستەی لابێت. بەڵام ئەمڕۆ ئەو بابەتە زۆر بە جددی وەرگیراوە و کوردستان بەرگەی قەیرانی دیکە ناگرێت، بەرپرسیارێتیی حیزبەکانیش (لەسەرووی هەمووشیانەوە پارتی) دیارە. داواکردنی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە بەرامبەر ڕازیبوون بە پێداچوونەوە بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و زیادکردنی بۆ سێ خول (تا دەستوور تێدەپەڕێت) داوایەکی مەنتقی نییە، چونکە هێزێک تەنانەت لەو مەسەلەیەدا نەتوانێ قسەی یەکلاکەرەوەی هەبێت و خاوەنی 18 کورسیی پەرلەمان بێت، لێی ناوەشێتەوە داوایەکی لەو چەشنەی هەبێت. ئەگەر یەکێکیش ئەو داوایەی هەبووایە دەبوو گۆڕان بێت نەک یەکێتی.

ئێستا ئەگەرچی پارتی دوا قسەی خۆی نەکردووە، بەڵام بۆ گیرۆدە نەبوون بە قەیران، پارتی ئامادەی سازانە. لە سێ مانگی داهاتوودا بوار و (تەنانەت پارەش) بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نییە. هیچ حیزبێکیش لە کوردستان ئەمڕۆ ئیدعای ئەوەی نییە کە یەکێک بنێرێتە جێگەی بارزانی. بۆیە ڕەنگبێ پارتی بە داواکاریی حیزبەکانی دیکە لە گۆڕینی سیستەم ڕازی بێت و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە (کە بەوەش یاسای ژمارە 19ی 2013 پووچەڵ دەبێتەوە) و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ خولی سێیەم و دوا خول هەڵبژێردرێتەوە. ڕەنگبێ لە هەمواركردنی یاساکەدا، دەسەڵاتەکانی سەرۆک گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەڵام پارتی لەوەشیاندا خەمی نییە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو دەسەڵاتانە (کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا بارزانی بەکاریشی نەهێناون) دەدرێتە سەرۆکی حکومەت و هەر لای پارتی دەمێنێتەوە.



عارف قوربانی

# داعش هێزێکی گەڕۆکی نێودەوڵەتی

هەر لەگەڵ دەرکەوتنیان و ئەنجامدانی زنجیرە کارێکی توندوتیژی نامرۆڤانە، زۆر زوو سەرنجی مرۆڤایەتیان بۆ خۆیان ڕاکێشا. لەلایەک بوونە هێزی کێشکردنی زۆرترین گەنجی توندڕەو لە وڵاتە جیاجیاکانەوە و پەلکێشان بۆ سووریا و عێراق و بوون بە داعش، لەلایەکی تریشەوە هێزێکی دیکەی نێودەوڵەتییان بەدوای خۆیاندا هێنا بۆ هەمان ناوچە، بەڵام ئەمان بۆ لەناوبردنی داعش.

ئێستا ناوچەکە بووە بە گەرمترین باسوخواسی جیهان، توندوتیژی و پێشڕەوی و شکستەکانی داعش، گورزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و پشتیوانیکردنی هێزە ناوچەییەکانی کورد لە سووریا و عێراق و کۆمەکی سەربازیی سوپای عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگاکانی سەلاحەدین و ئەنبار و نەینەوا.

شەڕڤانەکانی کورد لە کۆبانێ و پێشمەرگە لە جەلەولا تا شەنگال، زەمینێکی بەرفراوانیان لە دەستی داعش ڕزگار کرد، فڕۆکەی هاوپەیمانان زۆر بنکە و بارەگای داعشیان کردە ئامانج و زیانی گەورەیان بەرکەوت. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا پارێزگای سەلاحەدین لەدەستی داعش سەندرایەوە. بەڵام هێشتا لەسەر پانتاییەکی جوگرافیای فراوان داعش لە پەرەسەندندایە.

پرسیاری دروست ئەوەیە چارەنووسی داعش بە کوێ دەگات؟ دەشێ وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەری ئەو شەڕە بێت کە جیهانی سەرقاڵ کردووە.

سەرباری ئەوەی گریمانەی زۆر هەن کە جۆرێک لە چاوپۆشیکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ تێپەڕینی ئەندامانی سەر بە داعش لە وڵاتەکانیان و ڕێگە خۆشکردن بۆیان تا بە ئاسانی بگەنە عێراق و سووریا، ئەوە دەردەخەن کە جیهان نایەوێ جارێ هەروا بە ئاسانی ئەم شەڕە کۆتایی بێت و دەیانەوێ بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت تا بەهۆیەوە وڵاتەکانیان بژار بکرێت لەو توندڕەوانەی هەڵگری فکری داعشین. ئاماری سەرچاوە نارەسمییەکان باس لەوە دەکەن کە نزیکەی 25 هەزار بیانی تا ئێستا هاتوونەتە ڕیزەکانی داعش و بەشێکی زۆریان کوژراون، بەمەش جۆرێک پاکسازی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکرێت کە ناتوانن بە ئاسانی لە وڵاتەکانی خۆیان لەناویانبەرن. ڕووداوەکانی کەنەدا و پاریس ئەوەی بە ڕوونی دەرخست.

بەڵام خەریکە دەبێتە عەیبەیەکی گەورە بۆ جیهان، بەتایبەتی بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا کە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییان لە دژی تیرۆر پێکهێناوە و بە بەرچاویانەوە تیرۆر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ و ناوچەی فراوانتر دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

زیاتر لە دوو ساڵە "ڕەقە" لە سووریا و وا بۆ ساڵێک دەچێت "نەینەوا" لە عێراق و چەندین شار و شارۆچکەی تری ئەم دوو وڵاتە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان، ئایا هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی تاکەی چاوەڕێ دەکات ئەم شارانە پێگەی مەشق و پەروەردەکردن و ڕاهێنانی گرووپە تیرۆریستیەکان بن.

بەدڵنیاییەوە ڕۆژئاوا لەبەردەم ئەم بەرپرسیارێتیە ئەخلاقیەدا ناچار دەبێت قبوڵی ئەوە نەکات داعش بە ئاسانی و بە ئازادی لە نێوان ئەم وڵاتانەدا تەراتێن بکات، ناچار دەبێت داعش لەسەر ئەو خاکە داگیرکراوانە وەدەربنێت. بەڵام ئەوەی پێویستی بە وردبوونەوەیە، وەڵامی ئەم پرسیارەیە: ئەی داعش چی بەسەردێت؟ ئایا هەموو ئەندامەکانی لەناودەچن.؟ ئەمە گریمانەیەکی قورس و ناواقیعیە کە پێمان وابێت ڕێکخراوێک بەو فراوانیە و بەو ژمارە زۆرەوە لەناودەبرێن.

دەتوانرێت ناوچەکانی ژێر دەستیان وەربگیرێتەوە، دەتوانرێت بەشێکی زۆریان لەناوببرێن، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە لەکوێ دەمێننەوە؟

ڕاستە لەم ناوچەیە زەمینەی فکری و کۆمەڵایەتی ڕەخساوە بۆ پەیدابوونی داعش، بەڵام بەهۆی ئەو جەنگانەی خولقاندوویانە و بەهۆی ئەو تاوان و کوشتارگانەی دروستیان کردووە، بە ئاسانی ناتوانن لەناو خەڵک بمێننەوە. بەندە پێموایە لە قۆناغی داهاتوودا داعش دەبنە هێزێکی گەڕۆکی نێودەوڵەتی. هێزێک نەک بەو مانایەی وەک لەشکر بە وڵاتاندا دەگەڕێن، بەڵکو بە گرووپی بچووک بچووک بە جیهاندا بڵاودەبنەوە و دەست دەکەن بە چالاکی. بەو جۆرە هێز و کاریگەرییان لەسەر جیهان زیاتر دەبێت تا لە ناوچەیەکی جوگرافیدا قەتیس بکرێن.

پرسیار ئەوەیە ئایا هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر ئەو مەترسیەی لەبەرچاو گرتووە وا چاو لە پێشڕەوییەکانی داعش دەپۆشێت، یاخود ناتوانێ بەریان پێبگرێت؟ دیارە ئەمەی دووەمیان جێی پێکەنینە ئەگەر پێمان وابێت ڕۆژئاوا ناتوانێ بەر بە داعش بگرێت، لەکاتێکدا تەکنەلۆجیای سەربازی ئەمڕۆ لە ئاستێکدایە بەکاربردنی جیهان سەرسام دەکات. ئەمە پرسیارە، گەلانی ئەم ناوچەیە تاکەی چاوەڕێ دەکەن؟ دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە تاکەی بەرگەی ئەوە دەگرن جوگرافیاو گەلەکانیان ببنە کێڵگەی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە؟

ڕەنگە ئەو گریمانەیە ڕاست بێت بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر خۆیان، ڕۆژئاوا دەخوازێت ئەم زۆنە بەم جۆرە بمێنێتەوە.



هیوا حاجی

# بۆ ئەوەی "شەڕی فیکری" ببەیتەوە

سێ مەسەلەی بنەڕەتی جێی هەڵوەستەلەسەرکردنن، یەکەم: شەڕی فیکری هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئێستادا زیاتر خۆی لە خەبات لە دژی توندڕەویی ئیسلامی نیشان دەدات، بەڵام لەڕاستیدا ئەم شەڕە پێویستە لەگەڵ هەر جۆرە فیکرێکی ئاینی، مەزهەبی، نەتەوەیی، سیاسی و کەلتووریی توندڕەودا بێت کە ئامانجەکەی سەپاندنی بیروباوەڕ یان شێوازێکی دیاریکراوی ژیان بێت بەسەر ئەوانی دیکەدا. ئەمە بابەتێکی گرنگە بۆئەوەی شەڕی فیکری لە دژی توندڕەویی ئاینی نەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی فیکرێکی دیکەی توندڕەوی نائاینی. هاوشان لەگەڵ ئەوەدا، توندڕەویی نائاینی نەک هەر چارەسەر نییە بۆ توندڕەویی ئاینی، بەڵکو ڕەنگە بەپێچەوانەشەوە، ببێتە هۆکاری بەخشینی شەرعیەت و پیرۆزی بە توندڕەوە ئاینییەکان.

مەسەلەی دووەم کە پێموایە گرنگە لەبەرچاو بگیرێ، ئەوەیە کە بەهۆی هەلومەرجی جەنگی ئێستای کوردستانەوە لە دژی داعش، چەند بابەتێکی گرنگی ژیانی خەڵک کەمتر جێی باسن. لەگەڵ یەکلابوونەوەی ئەو جەنگە، دیسان ئەو بابەتانە سەرهەڵدەدەنەوە. خەڵکی کوردستان درک بەوە دەکەن کە ئێستا ئەرکی لەپێشینە بردنەوەی جەنگە و لەو پێناوەشدا ئامادەن قوربانی بە هەندێ لە داواکارییەکانیان بدەن. لەنێو ئەو بابەتانەی کە ئەگەری دووبارە زەقبوونەوەیان بەهێزە، دەکرێ ئاماژە بە کێشەی بێکاریی لاوان و ڕەوشی کارەساتباری پەروەردە و خوێندنی باڵا و خراپیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و کێشەی نادادپەروەری و گەندەڵی بدرێت.

بابەتی سێیەم پەیوەندیدارە بە هەردوو خاڵەکەی سەرەوە. شەڕی فیکری پەیوەندیی قووڵی بەشەڕ لەدژی بێ ئومێدییەوە هەیە. بۆئەوەی شەڕی فیکری لەدژی توندڕەوی ببەیتەوە، پێویستت بە کۆمەڵگایەک هەیە کە خەڵکەکەی (بەتایبەتی توێژی لاوان) بێ ئومێد نەبن لە ئاست داهاتووی خۆیان. ئەگەر سەرنجێک بدەی لەو وڵاتانەی کە تێیاندا توندڕەوی لایەنگر و ڕەواجی هەیە، بە ڕوونی دەبینین ئەو وڵاتانەن کە لە ئاستی هەرە خوارەوەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدان. وڵاتانی وەک ئەفغانستان، یەمەن، سووریا، میسر و جەزائیر نموونەی ئەو وڵاتانەن. ڕاستە هۆکاری زۆری ئایدیۆلۆژی و نێودەوڵەتی ڕۆڵ دەبینن لە بڵاوبوونەوەی فیکری توندڕەوی، بەڵام زۆر زەحمەت دێتە بەرچاو فیکری توندڕەویی ئاینی لە کۆمەڵگایەکدا گەشەی کردبێت کە ئاستێکی مەقبولی گەشەی ئابووری و پەروەردەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت. ڕەنگە خەڵکێک بپرسن بۆچی کەسانێک لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ڕۆژئاواوە دەچنە ناو ڕیزەکانی داعشەوە؟ دیارە توێژینەوەی ورد لەبەردەست نییە بۆ نیشاندانی هۆکارەکانی پاڵنان بە چەند سەد (یان تەنانەت چەند هەزار) گەنجێکی ڕۆژئاوایی بۆ چوونە ناو ڕیزی گرووپە توندڕەوەکانەوە، بەڵام ئەوەی ڕەنگە جێی گومان نەبێ، ئەوەیە کە ئەم ڕێژە کەمەی بەشداریی ڕۆژئاواییەکان بە هیچ شێوەیەک نابێتە ئاماژەیەک بۆ ڕەوایەتی و ڕەواجی داعش لە ڕۆژئاوا.

ڕاستە بەشێکی شەڕی فیکری خۆی لە ململانێی ئایدیۆلۆژیدا دەبینێتەوە، بەڵام بەشە هەرە گرنگەکەی بریتییە لە سیاسەت و بەرنامەی درێژخایەن کە ئامانجە کۆتاییەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان.

سەیرکردنی چەند فاکتێک هەڵەو کەلێنەکانی سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات. ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ململانێی سووریا و تەنگژەی داعش 2015 ، ئەوە نیشان دەدات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ناهاوسەنگی گەشەپێدانی هەبووە. گەورەترین بواری وەبەرهێنان لە نێوان تشرینی دووەم 2006 تا ئەیلولی 2014 لەبواری نیشتەجێکردندا بووە کە ڕێژەکەی دەگاتە 35%ی کۆی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا. وەبەرهێنان لە بوارەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، بانکداری و گەشتوگوزار لە کەمترین ئاستدا بووە، بە شێوەیەک کە وەبەرهێنان لە هەموو ئەو کەرتانە پێکەوە ڕەنگە 15%ی کۆی وەبەرهێنانی هەرێم تێپەڕ نەکات.

ڕەوشی خوێندنی باڵا زۆر ناهەموارە. لە ئاستی زانکۆکانی جیهاندا ڕیزبەندی بەشێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەیە: زانکۆی هەولێری پزیشکی 4684، زانکۆی دهۆک 7310، زانکۆی سۆران 11418، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی 11623، زانکۆی کۆیە 13036، زانکۆی کوردستان 14820، زانکۆی سلێمانی 14880، زانکۆی سەلاحەددین 17915، زانکۆی زاخۆ 19959، زانکۆی ڕاپەڕین 21417 و زانکۆی عیشق 21585. لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا ژمارەی زانکۆکانمان لە بەرزبوونەوەدا بووە. ساڵی 2009 هەرێمی کوردستان هەژدە زانکۆی هەبووە. ژمارەی قوتابی و مامۆستایانی زانکۆ بەرزبووەتەوە. بەڵام کواڵیتی خوێندن باشبوونێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە. بابەتەکانی خوێندن، سەرچاوە زانستییەکان، میتۆدی وانەگوتنەوە و تاقیگەکانی زانکۆکان، بەشێوەیەکی گشتی زۆر ترادیشناڵ و کۆنن.

لە بواری بێکاری هەرچەندە هەمان ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بە کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە 7.9%ی ساڵی 2012 ەوە بۆ 6.5% لە ساڵی 2013 دەدات لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەندێ بابەتی گرنگ دیسان دەبێ لەبەرچاو بگیرێن: یەکەم: تەنیا لەساڵی 2014 و بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان دەیان هەزار کرێکاری کەرتی تایبەت لە کارەکانیان دوورخرانەوە. لەوە زیاتر بەشێکی بەرچاوی ئەو کەسانەی لە کوردستان کاریان هەیە (کەرتی حکومی یان کەرتی گشتی) ئەوانەن کە پێیان دەگوترێ لەخوارکارپێدراو (Underemployed) واتە ئەو کەسانەن کە کاریان هەیە، بەڵام ئەو مووچەیەی وەریدەگرن لەبەرامبەر کارەکانیان کەمە و بەشی دابینکردنی پێویستیەکانیان ناکات. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی ڕاپۆرتەکە پشتی بە داتای ئەو بێکارانە بەستووە کە ناویان لە دامودەزگای پەیوەندیداری حکومەتی هەرێم تۆمار کردووە (بێکارە تۆمارنەکراوەکان هەژمار نەکراون)، ڕەنگە بتوانین مەزەندە بکەین کە ڕێژەی بێکاری بەرزترە لەوەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە.

لە هەموو ئەمانەش مەترسیدارتر هەستکردنی مرۆڤی ئێمەیە بە ناعەدالەتی. زانای کۆمەڵناس ئێریک ئوسلانەر لە کتێبەکەیدا (بنەما ئەخلاقییەکانی متمانە) پێیوایە کە گرنگ نییە کۆمەڵگا چەند سامانی هەیە، ئەوەی گرنگە بریتییە لە چۆنیەتی دابەشکردنی سامان. خۆ ئەگەر کۆمەڵگا هەژاریش بێت، بەڵام دادپەروەری هەبێ لە دابەشکردنی ئەو سامانە کەمە ڕەنگە گرفتێکی ئەوتۆ نەبێ. بێگومان پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لە هەرێمی کوردستاندا زۆر گرنگە ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە شەڕی فیکری بەرلەوەی لە مینبەری مزگەوتەکان و کۆڕ و سیمینارە فیکرییەکانەوە بەڕێوەبچێ، بریتییە لە پرسێکی پەیوەندیدار بە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەستکردنی تاکەکەسان بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. ڕەخساندنی هەلی کار و بەرەوپێشبردنی پەروەردە و کەمکردنەوەی نایەکسانیە کۆمەڵایەتییەکان پێشمەرجی شکستپێهێنانی فیکری توندڕەوین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شەشۆ ڕاستە؟

بڕوا ناکەم هیچ یەکێتییەکی بەویژدان ئەو کارەی پێ ڕاست بێت کە بەڕێز حەیدەر شەشۆ و هاوڕێکانی کردوویانە، بەڵام بڕواش ناکەم هیچ پارتییەکی بەویژدان ئەوەی پێ ڕاست بێت کە حکومەتی کوردستان چاوەڕوانیی گەورەی لە جەنگاوەرانی ئێزدی هەیە و لەبەرامبەردا هیچی بۆ نەکردوون.

هەفتەی ڕابردوو چوومە ناوچەی شنگال. ئەو شوێنەی حەیدەر شەشۆ و هاوڕێکانی بەشێک لە هێزەکانی پاراستنی شنگالیان جیاکردووەتەوە و کردوویانن بە حەشدی شەعبی. سەرەتا پێموابوو حکومەتی کوردستان کارێکی خراپی کردووە حەیدەری گرتووە. هەستم دەکرد زوڵمێکی گەورە لە پیاوێک دەکرێت کە وەک پێنج مانگ پێش ئێستا ناسیم، سیمبوڵی بەرگریکردن لە چیای شنگال و مەزاری پیرۆزی شەرفەدینە.

بەڵام دوای گەڕانەوەم لەو سەفەرە، بەقەولی قاسم شەشۆ، "تازە هەستمپێکرد ئەوەی حەیدەر کردوویەتی هەڵەیەکی گەورەیە".

هەڵەی گەورەی حەیدەر ئەوە نییە کە پارەی لە بەغدا وەرگرتووە و مووچەی بەشێک لە جەنگاوەرە ئێزدییەکانی پێ دابین کردووە. بەڵکو هەڵەکە ئەوەیە ڕەواجی داوەتە بیرۆکەیەکی دوژمنکارانە کە دەمێکە بۆ جیاکردنەوەی کوردی ئێزدی لە کوردستان هەیە. بەحوکمی تێکەڵاویی چەندین مانگەم لەگەڵ ئێزدییان، لەوە تێگەیشتووم کە ئەوان بەسەر دوو گرووپی کوردستانی و ئێزدیخانیدا دابەش بوون. لایەنگرانی بیرۆکەی دووەم دەڵێن لەبەرئەوەی ئێزدی ئایینێکی تەبشیری نییە و ئێزدی ژن و ژنخوازی لەگەڵ کەسدا ناکەن، ڕێی تێناچێت ئەوانیش وەکو کوردە موسڵمانەکان کورد بن. ئەو دەستەیە وایدەبینن ئێزدی نەتەوەیەکی سەربەخۆن و وەکچۆن جوولەکەکان بە دروستکردنی ئیسرائیل گەرەنتیی دووبارەنەبوونەوەی نەهامەتییەکانیان کرد، ئاواش ئێزدی بە دروستکردنی ئێزیدخان ئەو گەرەنتییە دروستدەکەن. لەبەرامبەردا گرووپی زۆرینەی ئێزدییان بە قەناعەتەوە دەڵێن "ئێمە کوردی هەرە ڕەسەنین و ئەو کوردانەی بوونەتە موسڵمان ئەوانەن کە کاتی خۆی ئێزدی بوون و ئایینەکەیان گۆڕیوە". بۆیە ئەوان هەموو کوردستان بە خاکی پیرۆزی ئێزدییان دەزانن و شانازیشی پێوە دەکەن.

ئاڵای ئێزدییان و بیرۆکەی ئێزیدخان حەیدەر شەشۆ داینەهێناوە، بەڵام دوای ئەو دڵشکانەی پاش بەدەستەوەدانی شنگال لەلای ئێزدییان بەرامبەر پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان دروست بوو، جارێکی دیکە بیرۆکەکە زیندوو بووەوە.

شێخێکی گەورەی ئێزدییان کە هاوڕێمە، دەیگوت "ئێمە بەقەناعەتەوە داماننابوو لەو فەرمانەی داعش ڕزگارمان ببێت جارێکی دیکە خۆمان بە کورد نەزانینەوە"، هەر ئەو شێخەش بڕیاری دا بەرامبەر ئەو خیانەتەی هاوسێ عەرەبەکانیان لێیانکردن و هاوکاریی داعشیان کرد، ئێزدی عەگالەکانیان فڕێبدەن. ئەو دەیگوت هەموو ئەو نیگەرانییەی بەرامبەر پێشمەرگە هەمانبوو بە سەردانی مەسعود بارزانی بۆ سەر چیای شنگال و بەدوایدا چوونی نێچیرڤان بارزانی بۆ نێو مەزاری شێخ شەرفەدین ڕەویوەتەوە. بەڵام وەک ئەو دەیگوت "کوردستان چاوەڕوانیی لە ئێزدییان هەیە، بەڵام هەنگاوی وای هەڵنەهێناوە تا دڵمان بە کوردستانیبوون خۆش بێت".

وەزارەتی پێشمەرگە فەوجی بۆ تەواوی ئەو جەنگاوەرانە کردووەتەوە کە لە چیای شنگال و دەوروبەری بەرخۆدانێکی ئەفسانەییان بەرامبەر داعش کرد. حەیدەر شەشۆ نەبێت، هەموو ئەوانی دیکە قبوڵیان کرد ببنە پێشمەرگە، بەڵام هەموشیان پێیانگوتم نە مووچەیان دراوەتێ و نە تاوەکو ئێستاش بەفەرمی ڕێوشوێنی دامەزراندنی فەوجەکانیان تەواوبووە. ئەوان دەیانگوت ئەگەر نموونەیەکی جوان پیشاندرابووایە دەکرا حەیدەریش بەو لاڕێیەدا نەڕوات کە پێیدا ڕۆیشت.

حکومەتی کوردستان ئەگەر مەبەستیەتی دڵی ئێزدییان بباتەوە و قەرەبووی کەمتەرخەمییەکانی شەڕی داعشیان بۆ بکاتەوە، دەبێ لە مووچەدان و بایەخدان بە ئێزدییان حاڵەتێکی تایبەت ڕەچاو بکات. ئەوکات هیچ پاساوێک بۆ هەبوونی حەشدی شەعبی لەو ناوچەیەدا نامێنێتەوە و کوردی ئێزدیش، وەک لە قسەکانیان تێگەیشتم، ناهێڵن شتی وا لە ناوچەکەیاندا هەبێت.



بەرزان عەلی حەمە

# دەبێ کواڵیتی کورد بەرز بکرێتەوە

تورک، فارس و عەرەب ڕێگرن لەوەی کورد دەوڵەتی هەبێت. بوونی یەک کورد لەسەر هەسارەی زەوی، لە کاتێکدایە کە لە بەرامبەریدا 10 عەرەب و 2 فارس و 3 تورک هەن. حیساباتە ماتماتیکییەکان و تەکنیک و تاکتیکەکانی جەنگ، پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە شەڕی جەستەیی کورد لەگەڵ 100 ملیۆن تورک و 80 ملیۆن فارس و 300 ملیۆن عەرەب، دۆڕانی مسۆگەرە!

مرۆڤێک دەتوانێت لە هەزاران کەس ژیرتر بێت، بەڵام زەحمەتە لەڕووی هێزی ماسولکەییەوە لە 15 کەس ئازاتر بێت، تا ئێستا کورد نە توانیویەتی بیسەلمێنێ کە هەر مرۆڤێکی لە 15 کەسی سەر هەسارەی زەوی ئازاترە و نە لە 15 کەسیش ژیرترە. مەگەر هێشتا دەوڵەت دروستکردن بۆ وەها میللەتێک بەسەخت نازانن؟

کورد تاکە میللەتی دونیایە کە هەمیشە بەزمان ئیسپاتی خۆی دەکات، تەنانەت لە سروودە بەناوبانگەکەشیدا هەمیشە دەڵێ "هەر ماوە قەومی کورد زوبان"، بەڵام مرۆڤە ژیرەکان پێیانوایە کە (هەر مان) بەس نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەت. چما تۆ بە چ شێوەیەک هەیت؟

لەناو هەموو مرۆڤەکانی سەر هەسارەی زەویدا، تەنیا کورد ئەو ڕێگایانەی گرتووەتەبەر کە دەوڵەتیان پێ دروست ناکرێت! لەسەر هەسارەی زەمین، میللەتێک نەماوە خاکەکەی دابەش کرابێت بەسەر چوار دەوڵەتدا و کەچی تائێستا چوار ڕێگە نەزانێت کە دەوڵەتی پێ دروست دەکرێت!

کورد بۆ شەڕکردنی یەکتری زۆر بەدەستوبردن، تاکە میللەتن کە هەمیشە داوای دیموکراسی لەیەکتری دەکەن، بەڵام گەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ بەسەختی شەڕی یەکتر دەکەن. کاتێک کەسێک بەناوی حەیدەر شەشۆ دەستگیر کرا، لە فەیسبووکی کوردیدا چەندین گەنجی سەر بەو دوو پارتە دەسەڵاتدارەی کە ڕۆژانێک شەڕی یەکتریان دەکرد، لە ئەکاونتەکانیانەوە ستاتیوسی کورتیان دانابوو کە چاوەڕێی فەرمانی حیزبەکانیانن تا بێدەنگی بشکێنن!

گەر بێ توانج و بە زانستیانە لێی بڕوانرێت، یەک زەڕڕە هۆشیاری بەسە تا بزانرێت کە کواڵیتی تاکی کورد زۆر نزمە، کورد لەڕووی فیکر و سایکۆلۆژیاوە، مەعدەنێکی خراپە. هەرچی بکەیت و هەرکەس بکەیت بە سەرۆک، تاکی کورد هەر ئەم دۆخە تێدەپەڕێنێ کە ئێستا تێیدایە، بەم تۆپەڵە خەڵکەی کە لە کوردستان دەژین، هەر یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئیسلامییەکان دروست دەکرێت، مەگەر دەکرێ حیزبی سۆشیال مەسیحی بایرنی ئەڵمانی و پارتی کرێکارانی بەریتانی و حیزبی کۆماری یان دیموکراتەکانی ئەمەریکا دروست بکرێت؟! دەی ئاخر مەعدەنەکە لە ئەساسەوە خراپە. لەم قوڕە هەر ئەم گۆزەیە دروست دەکرێ و بەم گۆزەیەش هەر ئەوەندە ئاو لە کانی دەهێنرێت، دەبێت کواڵیتی تاکی کورد بەرز بکرێتەوە، زانکۆکان لەو بێ ئیشییەی ئێستا ڕزگار بکرێن!

کریستۆڤەر کۆڵۆمبۆس بەتەنیا کیشوەری ئەمەریکای دۆزییەوە، کەچی کورد تا ئێستا جگە لە نەوت، هیچی دیکەی لە وڵاتەکەیدا بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمە خەتای زانکۆکانە، یەکێک لە کەرەستە گرنگەکانی دروستکردنی دەوڵەت ئەوەیە کە میللەتێک هەبێت بیەوێت دەوڵەت دروست بکات نەک حەز بکات دەوڵەت دروست بکات. بەڵام کورد تەنیا حەزی لە دەوڵەتە، کەچی هەر خۆی ئیدیۆمێکیشی هەیە دەڵێ: بە شەکرە شەکرە، زار شیرین نابێت!



دانا نەوزەر

# گۆڕان

گەنجێکی تەمەن 21 ساڵە. بە جلەکانیدا دیارە لە دەزگایەکی ئەمنی و سەربازیی کوردستان ئیش دەکات. بەیانی زوو لە گوندەکەی خۆیەوە دەکەوێتە ڕێ و لەسەر جادەی گشتی 20 خولەک چاوەڕێ دەکات. بەچەند تەکسی و پاسێک و هەندێک جاریش هاوکاریی ئەم شۆفێر و ئەو شۆفێر دەگاتە شوێنی کارەکەی کە سەنگەرێکی پێشمەرگەیە. ئەو سەنگەرەی ئەو شەڕی تێدا دەکات 150 کیلۆمەتر لە ماڵەکەی خۆیەوە دوورە. وەک هاوسەنگەرەکانی دیکەی، دوو مانگە مووچەی وەرنەگرتووە و پارەی تەکسی و پاسەکەشی قەرزە.

لە دووری ئەو سەنگەرەوە بە 40 کیلۆمەتر، بە جلێکی تەواو جیاوازەوە و بە ئامرازێکی گواستنەوەی تەواو جیاواز بۆ جێگەیەکی تەواو جیاواز دەڕوات. ئەمیان بە نوێترین مۆدێلی جلوبەرگەوە کە تازە لە کەناڵەکانی فاشن دەرکەوتووە و بە ئۆتۆمبێلە سەرنجڕاکێشەکەی کە ڕەقەمەکەشی تاقانەیە، دەڕوات تا لە یەکێک لە گرانترین کافێکانی شار ژوانێک لەگەڵ کەپڵەکەی بکات.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو گەنجە تەنها ئەوە نییە کە لە دوو چینی جیاوازەوە دێن و خانەوادەکانیان خاوەنی دوو داهاتی جیاوازن، بەڵکو جیاوازییەکە قووڵترە. لە هەمان گەڕەکی گەنجە پێشمەرگەکە، گەنجێکی تر کە ماڵەوەیان لە بارێکی ئابووریی باشتریشدان، پەیوەندی کردووە بە داعشەوە. ئەو بەپێچەوانەی دوو گەنجەکەی تر ژوان لەگەڵ کچ و پێشمەرگایەتیش بە کوفر دەزانێت. ئەم خۆی زۆر توندڕەوە، بەڵام خوشکەکەی کە تازە بە تازە زانکۆی تەواو کردووە، لەڕێی فەیسبووکەوە پەیوەندی لەگەڵ زیاد لە کوڕێک هەیە. نە برا داعشەکەی و نە ماڵەوەشیان ئاگایان لەم پەیوەندییە نییە و خۆشی کە دەڕواتە دەرەوە، وا دەرناکەوێت هیچ کوڕێک هەبێت لە ژیانیدا، بەڵام شەوان تا درەنگانێک لەگەڵ کوڕاندا قسە دەکات. هەموو جۆرە قسەیەک. جار جاریش بەناوی بینینی هاوڕێ کچەکانییەوە لە جێگەیەکی دوور لەگەڵ یەکێ لە کوڕەکان ژوان ساز دەکات.

ئەگەرچی ئەم گەنجانە زۆر جیاواز لە یەک دەژین و بیردەکەنەوە، شێوازی ژیانی هیچکامیان لەلایەن باوانیانەوە پەسەند نییە. دایک و باوکی ئەوان لەڕووی بیرکردنەوە و بەهاکانیانەوە لە یەک نزیکترن. گەنجەکان زیاد لە ستایلێکی ژیان و ئیختیارێک هەیە لەبەردەمیاندا، بەڵام باوانیان هەمان ئەم بژارانەیان نەبووە، هەربۆیە کەم تا زۆر تێڕوانینیان بۆ ژیان و سیاسەت و عەشق لە یەک دەچێت.

ئەو دابەشبوونەی لە کوردستاندا هەیە، تەنیا دابەشبوونێک نییە لە نێوان نەوە و تەمەنەکاندا، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردی لەسەر چەندین ئاستی دیکەش دابەش بووە. ئەم دابەشبوونە فراوانە بەهۆی ئەوەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی بە قۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت لە قۆناغگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بۆ قۆناغی دیکە. مەرج نییە ئەم گۆڕانە لە باشەوە بێت بۆ خراپ، بەڵام گرنگ ئەوەیە گۆڕانێک لە ئارادایە و کوردستان سکپڕە بە چەندین گۆڕانکاریی جیاواز. بەشێکی زۆری ئەم گۆڕانکاریانە هەڕەمەکین و پلان بۆ داڕێژراو نین ئەگەرچی واش دەربکەون. دەکرێت لە کۆتاییدا کۆمەڵگەیەکی کراوەتر لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابوورییەوە بەرهەم بێت و دەشکرێت بە پێچەوانەوە زیاتر دابخرێت.

بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکانی دیکە بەم گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەدا تێپەڕیون و هەر یەکەشیان بەرهەم و ئەزموونێکی جیاوازیان لێکەوتووەتەوە. لە بەریتانیا بۆ نموونە لە ماوەی 600 ساڵدا سیستەمی حوکمڕانی لە پادشایی ڕەهاوە بۆ دیموکراسی پەرلەمانی گۆڕاوە. لە ئەمریکا، کۆمەڵگە لە ماوەی 100 ساڵدا لە موحافیزکار و پابەند بە بەها کۆمەڵایەتییە مەسیحیەکانەوە گۆڕاوە بۆ کۆمەڵگەیەک کە بە یاسا مافی هاوڕەگەزبازەکان بپارێزرێ. ئەو گۆڕانەی لەو وڵاتانەدا ڕوویداوە ئاسان نەبووە و بەرهەمی ژمارەیەکی زۆر کارلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە. هیچ گەرەنتیەک نییە ڕێڕەوی گۆڕانکاری لە کوردستان وەک ئەوەی ڕۆژئاوا بێت.

ئەو شەڕەی ئێستا هەیە لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، یاخود لەسەر پێگەی ئاین لە کۆمەڵگەدا، تەنیا چەند بەرئەنجامێکی کەم و ئاشکرای ئەو گۆڕانە هەمەلایەنەن کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات. هێزە جیاوازەکان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن کە گۆڕانەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندیی شەخسی و گرووپی خۆیاندا بن. دیار نییە کە ئەنجامەکان چۆن دەبن، بەڵام هەر هێزێک ئەمڕۆ واقیع بە ڕێکی نەخوێنێتەوە و لە پێدراوەکان بە وردی نەکۆڵێتەوە، دەکرێ سبەینێ بووبێتە بەشێک لە مێژوو. سبەینێش ئەوەندە درەنگ نییە.



کامەران محەممەد عەزیز

# تورکیا و ئێران کورد کامیان هەڵدەبژێرێ؟

لە هەموو چرکەیەکی کورددا ئێران و تورکیا ئامادە بوونە. ناوەڕۆکی سەردانەکی ئەردۆغان بۆ ئێران هەرچییەک بێت، لەسەر مێزی گفتوگۆکانیان هەر شتێک واژوو کرابێت یان نەکرابێت، بۆ کورد هەواڵە. ئێستا و بەری ئەم سەردانەش باوەڕی باو ئەوەیە کە کورد دەبێت هاوسەنگی لە نێوان تورکیا و ئێراندا ڕابگرێ و هیچ هەنگاوێکی نەبێتە مایەی نیگەرانکردنی ئەوان. پرسیاری گرنگ ئەوەیە کێ چی دەستدەکەوێ لەم هاوسەنگییە؟

تاڕادەیەکی زۆر، مێژووی چەندین سەدەی کورد مێژووی دابەشبوونی بووە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە. کرۆکی کێشەکەش ڕەنگە هێندەی ئەوەی پەیوەندی بە چۆنیەتی تێگەیشتن و گێڕانەوەی ئەو مێژووەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە چیرۆکە مێژووییەکانەوە نەبێت. چونکە ئێمە ئەم مێژووەمان وەکو حەقیقەتێکی سروشتی، نەگۆڕ، بێلایەن و دەستلێنەدراو وەرگرتووە، لەبەرئەوەش ئەستەم بووە بۆ یەکێک بیر لە تێکشکاندنی ئەو مێژووە یان هەر دەستلێدانێکی بکاتەوە. هەر لەبەرئەوە بۆ زۆرێک، شێوازێکی دیکەی حوکمڕانیی کوردی لەسەرووی ئەزموونی میرنشینەکانەوە تا ئێستا بوونی نەبووە و نابێت، بۆ زۆرێک وەکو حەقیقەت دەرکەوتووە کە کورد ناتوانێ خۆی لەم دوو دەوڵەتە جیابکاتەوە، یان لانیکەم بچێتە پاڵ یەکێکیان.

ئێستاش، لە تەواوی هەواڵەکاندا هەر کاتێک باس لە تورکیا و ئێران دەکرێت، باسی پارتی و یەکێتی دەکرێت. ڕەخنەگرتن لە تورکیا مەبەست لێی ڕەخنەگرتن بووە لە پارتی. ڕەخنەگرتنیش لە ئێران ڕەخنەگرتن بووە لە یەکێتی. ئەگەر واش نەبووبێت بەڵام لە تەفاعولدا ئەو وێنەیەی وەرگرتووە. خۆ هەر لە زنجیرە سەرەتاکانی ئەم درامایەدا بۆت دەردەکەوێ کە لایەنگرانی بیرۆکەی "ڕاگرتنی هاوسەنگی" تەنیا ترسیان یان خەمیان پەیوەندیی نێوان ئەو دوو حیزبەیە. شتێک نییە بە ناوی "سیاسەتی کورد"، ڕەنگە هێشتا ئەم نەتەوەیە سکپڕیش نەبووبێ بە "سیاسەتی کوردی". خۆ زۆر ئاشکرایە یەکەم هەوڵی قسەکردن لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی هەر نەتەوەیەک بریتییە لە پرسیاری ئەوەی چ شتێک دەبێتە پێوەر بۆ ئەولەویەتدان بە پرسێکی دیاریکراو؟ چ شتێک دەبێتە پێوەر بۆئەوەی حەشدی شەعبی وەکو هەڕەشە یان دەرفەت ببینی؟ هەواڵی ناخۆش ئەوەیە کورد هێشتا پێوەرێکی نییە.

کاتێکیش کار دێتە سەر ئەوەی بەراوردی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لەسەر بنەمای عەقڵانی و بەرژەوەندیی ماددی بکرێت، ئەم هەوڵە پێشوەختە شکستی هێناوە، حیزب جێی بیرکردنەوەی گرتووەتەوە، جێی ڕاستخستنەوە و بەدواداچوونی گریمانەی توێژینەوەکانی گرتووەتەوە. هیچیەک لەم دوو دەوڵەتە بە سروشت خراپ یان باش نین، بەشێکی بنەڕەتی ڕەفتار و پەیوەندییەکانی ئەو دوو دەوڵەتەش پەیوەندی بە ناسنامەی جیاواز، بونیادی زاڵ، ململانێی هێز و کۆمەڵێک لێکدانەوەی جیۆپۆلەتیکییەوە هەبووە کە کورد لێی تێنەگەیشتووە، یان ئەگەر لێشی تێگەیشتبێ، بۆی گرنگ نەبووە بەدوایدا بچێت.

بۆ من قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو دەوڵەتە، هەر وەکو هەڵبژاردنە لە نێوان شێرپەنجەی خوێن و شێرپەنجەی دڵ، خۆ تۆ بە هەردووکیان هەر دەمری. هەڵەیەکی گەورەیە یەکێ پێیوابێت کورد دەتوانێ بە ئاسانی یەکێکیان هەڵبژێرێ، یان کێشەکە بریتییە لەوەی کورد هەڵبژاردنێکی دروستی نەکردووە. ڕاگرتنی هاوسەنگی بەو مانایەی ئێستا تەنیا فۆرمێکی دیکەی ژێردەستی و بەسروشتیکردنی مێژوویەکی ناسروشتییە، قسەکردن لە چوونە پاڵ یەکێک لەو دوو دەوڵەتە تا ئێستا تەنها فۆرمێکی دیکەی ڕکابەری و بەرژەوەندیی حیزبییە. ئەوەی من نیگەرانیم، وێنەیەکی دیکەی کوردە، وێنەیەک دەستپێشخەری نەتەوەیەکی تێدا کێشراوە. بوونی کورد شێواوە، لەبەرئەوەی هێزی ئەوەی نەبووە نیگەرانییەکانی هەستپێبکرێن، چیرۆکەکانی بگێڕدرێنەوە، دەنگەکانی ببیسترێن. لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا، هیچ شتێک بە کوردی نەماوەتەوە، بە تایبەتی سیاسەتکردن و ژیان.

ڕەنگە هۆکاری ئەوەی تا ئێستا وەڵامێکی زۆر ئاشکرا نەبێت بۆ ئەم پرسیارە، ئەوە بێت ئێمە پرسیارێکی هەڵەمان کردبێت لە یەکەم شوێندا.

پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت و دەوڵەتان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک سیمبوڵ، باوەڕ و نۆرمە، بە یەک وشە "شوناسە"، بەشێکیش پێیانوایە ڕەنگدانەوەی "ململانێی هێز"ە. ڕەنگە هیچ کات هەڵبژاردنێکی ئەبەدی بوونی نەبێت، هەر کاتێک ناسنامەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، لەگەڵ ڕەحمەت یا غەزەبی خۆیدا پەیوەندییەکان و بەرژەوەندییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. خۆ ئەگەر "شوناسی کوردی" لە شوناسێکی ئاڵۆز و بێ ناونیشانەوە بگۆڕدرێت بۆ جۆرێکی دیکە، لەگەڵ خۆیدا هاوکێشەکانیش دەگۆڕدرێن. لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەی وایکردووە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە بەم شێوەیەی ڕابردوو و ئێستا بێت، بە قەولی فاروق ڕەفیق "ماڵە لێکترازاوەکەی کوردە". لە دواجاردا، لە ماڵێکی لێکترازاودا تەنیا پەیوەندی و ڕەفتارێکی لێکترازاو لە دایک دەبێت و گەورە دەکرێت. بەم شێوەیەی ئێستا کورد ناتوانێت هیچ هەڵبژاردنێکی هەبێت، قسەکردن لە چوونە پاڵ یەکێکیان یان سەربەخۆیی و جودابوونەوە تەنیا لە چوارچێوەی قسەکردندا دەمێنێتەوە، لە باشترین حاڵەتیشدا هەر وەکو سەرمەشقێکی فکری دەمێنێتەوە.



محەممەد حاجی کەریم

# ئەوانەی دڵیان بۆ شەڕی ناوخۆ لێدەدا

کاردانەوەکانی دوای دەستگیرکردنی حەیدەر شەشۆ، پیشانیدان ناکۆکییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کۆتاییان نەهاتووە، ئەو ئەقڵیەتەش وەلا نەنراوە کە بووەتە مایەی ماڵوێرانییەکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان و تا بە ئەمڕۆ دەگات میللەت باجەکەی دەدا.

ناحەقمان نییە ئەگەر هەڕەشە و لێدوانەکانی دوای ئەم ڕووداوە، ئەو بڕوایەی بۆ دروستکردبین کە دووبارەبوونەوەی مێژووی خوێناویی دوێنێمان، نەک هەر ئەستەم نییە، بەڵکو زۆر ئاساییە لە هەر چرکە ساتێکدا بەدیبێت.

ڕاستە چەندین ساڵە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی هاوبەش کۆکردووەتەوە، بەو هۆیەشەوە دۆخێکی تاڕادەیەک گونجاوی کارکردنی پێکەوەیی هێناوەتە کایەوە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە هێشتا کەسانێک لێرە و لەوێ دڵیان بۆ خراپەکاریی و سڕینەوەی بەرامبەرەکانیان لێدەدا. زۆرن ئەوانەی بە هەمان ئەقڵیەتی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بیردەکەنەوە و لە خوایان دەوێت هەرێمی کوردستان، هەر لەت لەتکراو و چەند ئیدارەیی بێت.

قسەی من لەبارەی دەستگیرکردنی شەشۆ نییە، مەبەست گوفتاری توند و مەیلی شەڕەنگێزانەی کەسانێکی نێو کایەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە. مرۆڤ ئەوەندەی بیر دەکاتەوە، ئەو مەتەڵەی بۆ هەڵنایەت، چۆن دەبێ دوو حیزب، یان گرووپی سیاسی لەسەر ئاستی باڵا وابەستەبوونی خۆیان بە ڕێککەوتن و کاری هاوبەش دووپات بکەنەوە، کەچی لەسەر ئاستی ئۆرگانەکانی خوارەوە و پەرلەمانتار و کادرەکانی نێو حکومەت، بە نەفەسی شەڕ و زمانی زبر و دوژمنداری مامەڵە بکەن.

پرسیار ئەوەیە، ئایا گوفتار و لێدوانی ئەو کەسانە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حیزبەکانیانە، یان هەڵقوڵاوی بیرو خەیاڵی خۆیانن؟ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە دژوار نییە. گریمان ئەو زمانە گوزارشت و دەرهاویشتەی ناخی خۆیانە، بەڵام دیوی دیکەی پرسیارەکە ئەوەیە، ئەی بۆچی حیزبەکانیان سنوورێک لە بەردەم ویستەکانیان بۆ پەرتەوازەیی و مەیلیان بۆ فیتنەگێڕی دانانێن و بێدەنگیان ناکەن.

مرۆڤ ئەوەندەی سەر دەبات و دێنێ، لە سیاسەتی بانێکە و دوو هەوای ئەو حیزبانە تێناگات. لەبیرمانە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەنگێکی زوڵاڵ دەبیستراو دەیگوت، ئەنجامی هەڵبژاردن قبووڵ ناکەین، چۆن ئەوەی بە خوێن بەدەستمان هێناوە بە ئاسانی بە هەڵبژاردن لە دەستی دەدەین.

ئەوەشمان بینی کە سەرکردەیەکی دیار هەڕەشەی دەکرد و دەیگوت دەبینەوە پڵنگەکەی جاران. ئەو چەند ڕۆژەی دواییش خوێندمانەوە، پەرلەمانتاری حیزبێکی بەشدار لە دەسەڵاتی سیاسیی ئەم هەرێمە، دەڵێت سەرۆکی هەرێم بە سەرۆکی خۆم نازانم و بەلاشمەوە لە خائینێک زیاتر نییە. ئەمە چ سیاسەتێکە؟ تۆ شەریکی حکومەت بیت و بە نەفەسی دوژمنایەتی بدوێی. پێتوابێ بەو زمانە دەتوانی زۆرترین کاریگەرییت لەسەر هەست و نەستی هاونیشتمانیان هەبێ و پلەیەکی باڵاتر لای ئەندام و هەوادارانی حیزبەکەت مسۆگەر دەکەیت. ئەمە ڕێک مانای ئەوەیە بەشێکیت لە سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە، بەڵام بڕوات پێی نییە و دانی پێدانانێی.

کەسانێک پاساو بۆ ئەو جۆرە لێدوانانە دەهێننەوە و پەیوەستی دەکەن بە دیموکراسیەت و ئازادیی بیروڕای نێو حیزبەکە. بە پێچەوانەوە ئەوە مانای دیموکراسیەت نییە. تەنیا لە مانای نابەرپرسیارێتی و بێ دیسپلینی ئەو لایەنانەش کورت نابێتەوە. بەڵکو بە مەزندەی من تا ڕادەیەکی زۆر پشتئەستوورە بە پاشخانی ئەو ڕق و کینەیەی دەمێکی زۆرە ڕەگی لەناو کەلتووری حیزبایەتی لای ئێمە داکوتاوە.

لەو بڕوایەدام ئەگەر زمانی زبر و مەیلی شەڕەنگێزی تا ئاستێک لە نێو خەڵکێکی توندڕەوی نێو حیزبەکەت قبووڵکراو بێ، ئەو مانای ئەوە نییە لای زۆرینەی خەڵکی ئاسایی و پەسندبێ، بەڵکو زۆریش ناشیرین و قێزەونە.

هەموو لایەک ئەوە باش دەزانن هیچ شتێک بە قەد دووبەرەکی زیانی بە جەستەی ئەو میللەتە نەگەیاندووە، هەر ئەمەشە وایکردووە کورد وەک نەتەوەیەکی بێ ناسنامە و بێ دەوڵەت بمێنێتەوە.

ئەوەی لێرەو لەوێ ڕوودەدا، پێماندەڵێت هێشتا هەرێمی کوردستان لە دۆخی دوو ئیدارەییدایە و ئەوەی لە بارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش دەگوترێ، جۆرێکە لە خۆخەڵەتاندن.

بۆ نموونە بە کردەوە دیارە، لەسەر ئاستی دەزگای ئاسایش کەمترین هەنگاو بۆ یەکگرتنەوە نەنراوە. هەر ئەوەندەش نا، دەبینین لە نێو ئاسایشی هەردوولادا، جۆرێک لە حەساسیەت و ململانێ و لێدوانی دژ بە یەکیش هەیە.

کەس نییە ئەوە نەزانێ، لەو بەناو یەکگرتنەوەیەدا ئەو هەیکەلەی بۆ سەرپەرشتیکردنی دەزگای ئاسایش داڕێژراوە، لە واقیعدا بوونی نییە و هیچ لایەک لایەکەی تر ناخوێنێتەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەشەوە هەیە، دۆخەکە زۆر ڕوونە. هێشتا وەزارەتی پێشمەرگە نەبووەتە چەتری کۆکردنەوەی تەواوی یەکەکانی پێشمەرگە. هێشتا لەم هەرێمەدا هێزگەلێک هەن ئامادەنین لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا خۆیان ڕێکبخەنەوە و لەلایەن حیزبەکانیان و ئەملاو ئەولاش، کۆمەک و پشتیوانی دەکرێن، نموونەشمان وەک لە ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە، هێزەکەی شەشۆیە لە شنگال.

دەبێ دان بەوەدا بنێین، ئەگەرچی ئێمە بەردەوام ئیدیعای یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی نیشتمانی دەکەین، وەلێ لە جەوهەردا نەک هەر یەک نین، بەڵکو زۆریش ناتەبا و دژی یەکین.

کارەساتێکی گەورەیە، میللەتێک هەموو ڕابردووەکەی قوربانیدان بووبێ، هەمیشە بە ئاگری شەڕەکان سووتابێ، کەچی هێشتا بە ئەقڵیەتی دوێنێی پڕ لە ئازار و کوێرەوەری بیربکاتەوە. بە داخەوە وەک ئەوەی هیچ نەگۆڕابێ، کورد دەرسی لە شەڕ و ململانێی نێوخۆیی وەرنەگرتووە. بیرمان چووە چۆن و بە چ دەردەسەرییەک گەیشتووینەتە ئەمڕۆ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دیانا حەداد:
# حەزدەکەم بێمە هەولێر
19 »

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






**کۆمەڵەی وەبەرهێنەرانی چیمەنتۆی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە بریارە ستراتیژیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بۆ پاراستنی پیشەسازی چیمەنتۆی نیشتمانییە.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دواییەدا بریاریدا برەو بە پیشەسازی نیشتمانی بدات کە لە ئێستادا بەدەست رکابەریەکی نادادپەروەرانەوە دەناڵێنێت بەهۆی چیمەنتۆی هاوردەوە کە تا رادەیەکی زۆر پاڵپشتکراوە (مدعومە). ئەم پشتگیری و برەودانە لە رێگەی راگرتنی چیمەنتۆی فەلی هاوردەوەیە.

ئێمە وەک وەبەرهێنەرانی چیمەنتۆ لە کوردستانی عێراق کە نوێنەرایەتی گەورەترین وەبەرهێنەرانی کەرتی دەرەوەی نەوت دەکەین لە وڵاتدا، بە پێویستمان زانی سوپاس و پێزانینی تەواوی خۆمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بۆ دەرکردنی ئەم بریارە کە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە بە بریارێکی ستراتیژی گرنگ دەژمێردرێت:

- توانای چیمەنتۆی نیشتمانی لە پێویست زیاترە و پێداویستییەکانی ناوخۆ دابین دەکات.
- چیمەنتۆی نیشتمانی پشتگیری ٧٥٠٠٠ کەس دەکات لە رێگەی رەخساندنی هەلی کارەوە بەشێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ.
- چیمەنتۆی نیشتمانی بوار بە هەمە جۆری و فرەیی ئابووری دەدات دوور لە کەرتی نەوت بۆ ئەوەی کوردستانێکی پتەوی بەردەوام فەراهەم بکات.
- چیمەنتۆی نیشتمانی دراوی فورس و پارە لە کوردستاندا دەهێڵێتەوە.
- کارێکی گرانە کواڵیتی چیمەنتۆی فەل کۆنترۆل بکرێت. ئەمە سەلامەتی هاوڵاتیان دەخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە. لە کاتێکدا چیمەنتۆی بەرهەمهێنراوی ناو وڵات بە یاسایەکی کواڵیتی توندو تۆڵدا تێدەپەرێت و سەرپەرشتی دەکرێت.
- پیشەسازی چیمەنتۆی نیشتمانی چەندان ئەوە لە کارمەند و هێزی کار پێدەگەیەنێت.
- پیشەسازی چیمەنتۆی نیشتمانی پشتیوانی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان دەکات بە چەندان شێوازی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی..هتد

پرۆسەی رکابەری ناوخۆ لە ناو عێراق وهەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە وهەمیشە بەهۆیەوە باشترین نرخ بۆ کریار دەستەبەر دەبێت .

**پیشەسازییەکی نیشتمانی پتەو کۆڵەکەیەکی گرنگە بۆ کوردستانێکی پتەو**

**إتحاد مستثمرى الاسمنت في إقليم كوردستان يدعم القرار الإستراتيجي لحكومة إقليم كوردستان لما فيه من حماية لصناعة الإسمنت الوطنية**

قررت حكومة أقليم كوردستان مؤخراً دعم صناعة الإسمنت الوطنية التي تعاني في الوقت الحاضر من منافسة غير عادلة بسبب الإسمنت المستورد والمدعوم. ويأتي هذا الدعم في صيغة وقف إستيراد الإسمنت السائب.
نحن مستثمري الإسمنت في كوردستان العراق و الذي نمثل القطاع الأكبر للإستثمار خارج قطاع النفط، نريد أن نعبرعن خالص شكرنا وتقديرنا الشديد لحكومة أقليم كوردستان لأتخاذها هذا القرار، والذي يعتبر

قراراً إستراتيجياً حيوياً للأسباب التالية:

- القدرة الأنتاجية الوطنية للإسمنت أكثر من كافية لكي تلبي الحاجة المحلية.
- صناعة الإسمنت الوطنية تساعد 75000 شخص من خلال خلق فرص عمل مباشرة و غير مباشرة.
- صناعة الإسمنت الوطنية تساعد على خلق التنوع الإقتصادي بعيداً عن قطاع النفط و التي بالتالي تساعد على بناء إقتصاد مستديم في أقليم كوردستان العراق.
- صناعة الإسمنت الوطنية تحافظ على بقاء العملة الأجنبية والمال داخل الأقليم.
- هناك تحدي وصعوبة في السيطرة على نوعية الإسمنت السائب والتي تسبب في وضع سلامة وحياة المواطنيين في خطر، بينما الإسمنت الذي يتم إنتاجه محلياً يخضع لقوانين وإجراءات السيطرة النوعية الصارمة.
- صناعة الإسمنت الوطنية تساعد على تطوير مهارات الكوادر المحلية وإكتساب الخبرة.
- صناعة الإسمنت الوطنية تدعم المجتمعات المحلية بطرق شتى في قطاعات التربية و الصحة.. الخ

علماً إن المنافسة المحلية الشديدة داخل العراق وإقليم كوردستان العراق تساعد المستهلك للحصول على أفضل الإسعار.

إن وجود صناعة وطنية قوية تعتبر من العوامل الجوهرية التي تساعد على خلق إقتصاد قوي في أقليم كوردستان العراق.